# پەیامی سەرۆکی کوردستان لە CSIS

## خستنەرووی سیاسەت و ستراتیژیەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئایندەی عێراق و ناوچەکە




بایەخدانـــی میدیاکانی جیهـــان و عەرەبی و تورکی و عێراقی بەهەندێك برِگەی پەیامەکەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان کە لەسەنتەری ســـتراتیژی و دیراساتی نێودەوڵەتی (CSIS)پێشکەشـــی کرد، رەنگدانەوەی کاریگەری کەسێتی ســـەرۆك بارزانی و پێگەی هەرێمی کوردســـتانە لە دارِشتنی سیاسەتی ئیقلمی و نێودەوڵەتیدا بەرامبەر عێراق و ناوچەکە.

هەربۆیە بەئەنقەســـت دەرهێنانی هەندێك برِگەی قســـەکانی سەرۆك کە لەبنەرەتدا بەشێك نین لە پەیامەکەی سەرۆك بەڵکو وەڵامدانەوەی سەرۆکی کوردســـتانە بۆ پرسیاری هەندێك لەو کەسانەی کە لەو کۆرەی (CSIS ) ئامادەبوون، پاشان بوونی ئەو برِگانە بە مانشێتی سەرەکی ئاژانسەکانی هەواڵی رویترز و ئاسیوشیتد پریس و فرانس پریس و دواتریش رەنگدانەوەی لەسەر تێکرای میدیـــا جیهانی و عەرەبی و عێراقـــی وتورکییەکان، نیشـــانەی کاریگەری کەسێتی ســـەرۆکی کوردستانە لەسەر دارِشتنی سیاسەتی عێراق و ناوچەکە.

پاشـــانیش گواســـتنەوەی ئەم قســـانە بۆ ناو ناوەندی بریاری عێراقی و تورکی و لێدوانی فەرمی سەرۆکایەتی و حکومەت و پەرلەمانی عێراق لەسەر ئەو قسانە و پاشانیش روونکردنەوەی




CSIS تایبەت بۆ گوڵان ناردویەتی

سەرۆکایەتی دیوانی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر واقیعی لێدوانەکانی سەرۆك، ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی هەرچی ناحەزانی کورد و ئەزموونەکەی بەرێگەی لۆبی و شێوازی جۆراوجۆر بۆ ناشرینکردنی سیاسەت وستراتیژیەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەندە جیهانییەکان دەیخەنەگەر، ناتوانن رووی راستەقینەی هەرێمی کوردستان لەبەرچاوی جیهان و رای گشتی ئەمەریکا بشێوێنن.

جۆن هامەر کە یاریدەری وەزیری بەرگری و سەرۆکی (CSIS)ە، پێشدەستپێکردنی کۆڕەکە، جارێکی دیکە پێناسەی سەرۆکی کوردستان بۆ ئامادەبووان دەکاتەوە و پێیان دەڵێت: ئێمە لەم دانیشتنەدا کورتەدا کە بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان لەگەڵە، پێویستمان بەوەیە کە گوێ لە گەلی ئەو هەرێمە بگرین، لەبەر ئەوەی وڵاتەکەمان بەرەو جوانترین و گەورەترین گۆڕانکاری هەنگاو هەڵدەگرێت (مەبەستی هامەر هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکایە لەبەر ئەوەی ئەم کۆڕە تەنیا ٤ رۆژ پێش هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بووە)، ئەم پێشکەشکردنەی سەرۆکی کوردستان لەلایەن سەرۆکی سەنتەری ستراتیژی و دیراساتی نێودەوڵەتییەوە، ئاماژەیە بۆ

کاریگەری پێگەی هەرێمی کوردستان لە داڕشتنی سیاسەتی ئەمەریکادا بەرامبەر بەعێراق و هەرێمی کوردستان بۆتە ئەو توخمە سەرەکییەی کە دەبێت لە هەموو گۆڕانکارییەکدا حسابی بۆ بکرێت.

هەڵسەنگاندنی (CSIS) بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان و بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکەکەی، هەروا لە خۆڕا و کاریگەری ئاسایی نییە، لەبەر ئەوەی سەنتەری ناوبراو جیا لەوەی لەناو ناوەند و سەنتەرەکانی توێژینەوە وسیناتکسەکانی ئەمەریکا لەریزی پێشەوەیە و بە یەکێك لە گرنگترین سەنتەرەکانی ستراتیژ و دیراساتی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێت، لە هەمانکاتدا سەرۆك و راوێژکارانی باڵا و بەڕێوەبەرانی دیراساتە جۆراوجۆرەکان هەموویان ئەو کەسایەتییە سیاسیی ودیبلۆماتیانەن کەپێشتر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ئیدارە جیاوازەکانی ئەمەریکا بەتایبەتی لە هەردوو وەزارەتی بەرگری و دەرەوە یان کۆشکی سپی کاریان کردووە، هەربۆیە کاتێك گروپی دیراسەتی عێراق ((Iraq Study Group لە ساڵی ٢٠٠٦ لە هەردوو پارتی کۆماری پێکهێنرا، ئەرکی راپەراندن و سەرپەرشتی ئەم لیژنەیە کە گەورەترین لیژنە بووە لە مێژووی دیراساتی ئەمەریکادا، بەم سەنتەرە گرێدراو، هەر توێژەرانی ئەم سەنتەرەش بوون کە وەك یەکەمین هەڵسەنگاندن بۆ راسپاردەکانی ئەم گروپە زۆر بویرانە بەجیهانیان راگەیاند کە ئەو راسپاردانە کاریان پێناکرێت و نابنە هۆکاری سەرکەوتن بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا و ئەنتۆنی کۆردسمان کە یەکێکە لە توێژەرە ناسراوەکانی CSIS راشکاوانە رەخنەکانی خۆی بە ناونیشانی (چاوەڕێ بووین شاخ بزێ..بەڵام مشکی بوو)، کەواتە رابردووی ئەم سەنتەرە پێمان دەڵێت کە هەڵسەنگاندن و بۆچونەکانی ئەم سەنتەرە لە داڕشتنی ستراتیژیەت و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا جێگەی بایەخە، هەروا لە خۆڕاش نییە جۆن هامەر سەرۆکی CSIS بە ئامادەبووان دەڵێت: لە کاتێکدا وڵاتەکەمان گەورەترین گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێت، (کە مەبەستی گۆڕینی ئیدارەی ئەمەریکایە) پێویستمان بەوەیە گوێ لە گەلی هەرێمی کوردستان بگرین کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات و کۆڕەکەشیان بە ناونیشانی (هەرێمی کوردستان و ئایندەی عێراق) گرێداوە.

لە کاتێکدا ئەم کۆڕە بۆ سەرۆك بارزانی گرێدراوە، کە هیچ لایەك بە تەواوەتی نەیزانیوە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا دیموکراتی دەبێت یان کۆماری، بەڵام دانپێدانانە بەوەی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا کۆماری بێت یان دیموکراتی، هەرێمی کوردستان توخمی سەرەکی دەبێت لە ستراتیژ و سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق و ناوچەکە. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەو راستییەش بکەین کە هەندێك وڵات کە ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵ هاوپەیمانی ئەمەریکان بە ئاستی کوردستان لە سیاسەت و ستراتیژی ئەمەریکادا ئەو توخمە نەگۆڕە نەبوون، هەر بۆ نموونە پێشتر شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بۆ کۆنگرەی هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی بانگهێشت کرا بوو، هەڵوێستی ئاشکرای ئەوەبوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆشحاڵە بەو ئیدارەی کە گەلی ئەمەریکا هەڵیدەبژێرێت، نەك گرەو لەسەر لایەك بکات و لایەکەی دیکە فەرامۆش بکات، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو گەل و حکومەتی کوردستان بەشداری ئاهەنگی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بێت و پیرۆزبایی لە گەلی ئەمەریکا بکات، بەڵام ئەم خۆشحالییە وەك رێزگرتن لە ئیرادەی گەلی ئەمەریکا، نەك خۆشحاڵی بۆ دەربڕینی هاوسۆزی بۆ لایەك دژی لایەکەی دیکە.

**شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بۆ کۆنگرەی هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی بانگهێشت کرا بوو، هەڵوێستی ئاشکرای ئەوەبوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆشحاڵە بەو ئیدارەی کە گەلی ئەمەریکا هەڵیدەبژێرێت، نەک گرەو لەسەر لایەک بکات و لایەکەی دیکە فەرامۆش بکات**

ئەگەر سەیری تورکیا لە چەند رۆژی رابردوو بکەین، دەبینین ئەوان بە جۆرێکی دیکە سەیری ئەم هەڵبژاردنیان کردووە و تەنانەت هێندە بەسەرکەوتنی دیموکراتەکان خۆشحاڵ بوون وەك ئەوەی ئەم سەرکەوتنە لە کودەتایەکی سەربازیدا بووە نەك لە پرۆسەیەکی دیموکراتی بێوێنە لەسەر ئاستی جیهان.

بوڵنت کیناش کە سەرنووسەری رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکییە و لە رۆژی ٦/ ١١ / ٢٠٠٨ و لە گۆشەی سەروتار نووسییەکەی هەموو جیهان بەبۆنەی سەرکەوتنی ئۆباما ئاهەنگی گێڕا تەنیا هەرێمی کوردستان نەبێت، بەڵام ئەوەی لەبیر خۆی بردۆتەوە کە لە هەرێمی کوردستان و لەشەوی ٣-٢٠٠٨/١١/٤ حکومەت و گەلی کوردستان هاوئاهەنگ و خۆشی گەلی ئەمەریکا بووە لەگەڵ ئەمریکییە دۆستەکانی کە لە هەرێمی کوردستانن و هەر لەو ئاهەنگەشدا پەیامی سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئاراستەی ئامادەبووان وگەلی ئەمەریکا کراوە، ئەم ئاهەنگەش بەراستەتەخۆ بۆ هەموو جیهان پەخشکراوە.

کیناش کە پێشتریش بۆ گوڵان قسەی کردووە، لەو وتارەیدا دەیەوێت ئەوە بە گەلی تورکیا بڵێت بە هاتنی ئۆباما پێگەی تورکیا لە سیاسەتی ئەمەریکادا هەرێمی کوردستان دەشارێتەوە، بەڵام هیستریای سەرکەوتنی ئۆباما دوو راستی گرنگی لەبەرچاوی کیناش ونکردووە:

١- هەر هەفتەیەك پێش هەڵبژاردنی ئۆباما هەردوو رۆژنامەی تودەی زەمان و تورکیش دێلی نیوز بەزمانی ئینگلیزی بڵاویان کردووە بەرنامەی ئۆباما بەرامبەر تورکیا و هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە لوتکەیەك لە نێوان دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و کۆماری تورکیا گرێدەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

**بەرنامەی ئۆباما بەرامبەر تورکیا و هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە لوتکەیەک لە نێوان دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و کۆماری تورکیا گرێدەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان**

٢- کیناش ئاگادارە لەسەردانی بەهاری رابردووی رێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەمەریکا و کۆبونەوەکانی لەگەڵ سەرۆك بوش و تەواوی بەرپرسە باڵاکانی کۆشکی سپی، هاوکات بەڕێز نێچیرڤان بارزانی چاوی بەو جۆزیف بایدنە کەوت کە لەکەمتر لە ٣ مانگی داهاتوو بەفەرمی جێگری سەرۆکی ئەمەریکایە و لەباری واقیعیشدا سەرۆکی ئەمەریکایە بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە بەگشتی و سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق و تورکیا، بەفەرمی داوەتەکەی سەرۆکی حکومەتی کوردستانی قبوڵکرد کە سەردانی کوردستان بکات و رای خۆشی راشکاوانە بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە هەموو میدیاکانی جیهان بڵاوکردەوە، هەروەها لە لێدوانێکی تایبەتی جۆزیف بایدنیشدا بۆ گۆڤاری گوڵان، جارێکی دیکە بایدن جەختی لەسەر ئەم خاڵانە کردەوە

و دەقی لێدوانەکەش بە زمانی ئینگلیزی لەئەرشـیفی گوڵان پارێزراوە کە تیایدا هاتووە:

أ- من لەگەڵ ئەوەم عێراق وڵاتێکی فیدرالی بێت، دەسـەڵاتی حکومەتی فیدرالی سنوردار بێت و دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوان بێت.

ب- ئەو پێشکەوتنەی لە کوردستان بەدیهاتووە جێگەی سەرنجی ئێمەیە.

ت- لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردانی کوردستان دەکەم.

کەواتــە ئەم راســتیانە پێمــان دەڵێن لە ئیــدارەی داهاتووی ئەمەریکادا هەر هەرێمی کوردســتان نەک هەر توخمی سەرەکی دەبێت لە سیاسەتی ئەمەریکا بەڵکو توخمی سەرەکیش دەبێت لە سیاسەتی ئەمەریکادا بەرامبەر تەواوی ناوچەکە، لەمەش زیاتر هەر رۆژنامەکەی کیناش هەفتەیەک پێشـتر ئەوەی بڵاوکردووە کە سیاســەتی ئیدارەکەی ئۆبامــا ئیعترافکردنە بە هەرێمی کوردســتان، لەبەر ئەوەی کاتێــک داوای گرێدانی لوتکەیەک لە نێوان هەرێمی کوردســتان و کۆماری تورکیا دەکات، هیچ ئاماژەیەک بە رۆڵی حکومەتی عێراق ناکات.

لێرەدا بە پێویســتی دەزانیین کە لە کیناش بپرسین ئایا بێجگە لە کینیا وتورکیا، چ وڵاتێکی دیکە بەو ئاستە تووشی حاڵەتی نائاسـایی بووە؟ هەموو هۆکاری کینیا دەزانیین کە ئۆباما بە رەگەز خەڵکی ئەو وڵاتەیە و مافی خۆشـیانە، بەڵام هۆکاری تورکیا بە تەواوەتی نازانین؟ هەندێک لە چاودێران بەو ئاراستەیە تەفسیری دەکەن کە خۆشحاڵی تورکیا بۆ شاردنەوەی ئەو هەڵە گەورەیەی پەرلەمانی تورکیایە کە ٥ ساڵ پێش ئێستا رێگەیان نەدا سـوپای ئەمەریکا بــەرەو باکوور لەشــەڕی ئەمەریکا لەدژی عێراق لە تورکیا بکاتەوە و ئەم هەڵەش مەترســییەکی هێندە گەورەی لەســەر ئاینــدەی تورکیا دروســتکردووە، کە خەریکە تورکیا لە دەوڵەتێکی دیموکراتی سەر بەرۆژئاوا دەبێتە دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی، ئۆباما ترسی ئەوەی هەیە تورکیا وەک دەوڵەتێکی دیموکراتی لە دەست بچێت، لەبەرئەوەی ئاماژە بەوە دەکات ٨٨٪ گەلی تورکیا لەگەڵ ئاراستەی بە رۆژئاواییبوونی تورکیــا نین بۆیــە دەبێت، بۆ ئەوەی تورکیا لەدەســت نەچێت چاو بەسیاســەتی ئەمەریکا بەرامبەر تورکیا بخشــێنینەوە و چاوخشاندنەوەکانیش بریتین لە:

١- تورکیــا هانبدرێــت ببێتە ئەندامی یەکێتــی ئەوروپا، واتە دەســتووری تورکیا بە جۆرێك هەموار بکرێت کە لەگەڵ پێوەرە ئەورووپییەکان یەکبگرێتەوە.

٢- حکومەت دەسەڵاتی راستەقینەی هەبێت، واتە دەسەڵات لە تورکیا مەدەنی بێت نەك عەسکەری.

٣- کێشــەکانی هەرێمــی کوردســتانیش لــە لوتکەیەکدا بە میانگیری ئەمەریکا چارەســەر بکرێت، تورکیاش گەیشتۆتە قەناعەت کە دەبێــت هەر بەمجۆرە چارەســەر بکرێت، باڵیۆز ئەحمەد ئۆغلۆ کە گەورە راوێژکاری رەجەب تەیب ئەردۆگانە، لە باســەکەیدا کە هەفتەی رابردوو لــە ئامۆژگای برۆکینگز پێشکەشی کرد راشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد.، کاتی ئەوە هاتووە کە تورکیا و هەرێمی کوردســتان و ئەمەریکا پێکەوە کاربکەن بۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانیان. ئەم ئاماژە راشکاوانەیەی دەوڵەت ئۆغلۆ دوای پێشوازییەکە سەرۆك بوش بووە لە سەرۆك بارزانی و تێگەیشتنە لەسەنگ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی ئەمەریکادا بەرامبەر عێراق و ناوچەکە.

## خاڵە گرنگەکانی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی لە CSIS

ئەوانــەی بۆ ئامادەبوون لە کۆڕەکــەی بارزانی لە CSIS ئامادەبوون هەموویان تۆژەری ســەنتەری ناوبراو نەبوون، بەڵکو بێجگە لە رۆژنامەنوســانی زۆربەی رۆژنامــە و میدیاکانی ئەمەریــکا و هەندێك میدیای تورکیش. چەندین کەســایەتی گرنگ ئامادەبوون، هەروەها سایتی فەرمی CSIS یش ئەم پەیامەی سەرۆك بارزانی بەسێ شێوە بڵاوکردۆتەوە:

- دەقی نوسراوی کۆرەکە وەك خۆی، واتە بەبێ هیچ دەسکاریەك، لەدەقە نوسراوەکە نوسراوە (RUSH TRANSCRIPT) واتە نووســینەوەیەکی خێراو بێ دەســتکاری لــە هەمانکاتدا ئاماژەش بەوەکراوە کەپاشــتر ئەم نووسینە دەسکاری دەکرێت و وەك یەکێك لە دیکۆمێنتەکانی سەنتەری ناوبراو هەڵدەگیرێت.
- بە فایلی ڤیدیۆیی کە لەســەر ماڵپەری ناوبراو پەیامەکەی سەرۆك بارزانی بەکوردی پەخشدەبێت و راستەوخۆش تەرجەمە دەکرێت ناتوانرێت تۆمار بکرێت یان وەربگیرێت.
- بە فایلــی دەنگی ئەم فایلە دەتوانرێــت تۆمار بکرێت یان هەڵبگیرێت.

ســەرۆك بارزانی لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بەم خاڵە گرنگانە کرد:

١- گەورەترین دەرفەت ئێستا بۆ عێراق هاتوتە پێش بۆ ئەوەی بونیــادی عێراقێکی نوێ بنێن، عێراقێك فیدرالی ودیموکراتی بێت.

٢- لەگــەڵ ئەوەی رووبەڕووی چەندیــن تەحدی بووینەتەوە، بەڵام پرۆسەی سیاسیی دەستپێکردووە و ئێستا عێراق خاوەنی دەستوورێکی پێشکەوتووە و هەڵبژاردن کراوە و لە ساڵی ئایندەش هەڵبژاردنێکی دیکە ئەنجامدەدەین.

٣- کورد لە پرۆســەی ئازادکردنی عێــراق وەك هاوپەیمان لە پرۆســەی ئازادکردنی عێراق بەشــداربووە و ئێستاش بەشدارە لــە حکومەتی فیدرالی بەغدا و کورد لەســەر گێرانی رۆڵی پۆزەتیفی خــۆی بــەردەوام دەبێت، هەتا دەگەینــە بونیادی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی.

٤- بوونــی جیــاوازی بیروبۆچــوون لە تەفســیرکردنی مادە دەســتوورییەکان کارێکی ئاساییە، بەڵام ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کێشــەو جیاوازیەکانمان بەرێگەی ئاشــتی و دیالۆگ چارەسەر بکەین.

٥- ئێمــە لە هەرێمی کوردســتان هەموو هەوڵــی خۆمانمان تەرخانکردووە بۆ بونیادی دامەزراوە دەستوورییەکان.

٦- دەتوانین بڵێین لە کوردستان ئارامی و ســەقامگیریەکی بەردەوام هەیە، هۆکاری ســەرەکی بەردەوامبوونی ئەم ئارامی وسـەقامگیرییە ئەوەیە کە گەلی ئێمە بە کەلتووری لێبوردەیی پەروەردەکراوە، بەدرێژایی مێژوو فێــری کەلتووری لێبوردەیی

●●●

ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکادا هەر هەرێمی کوردستان نەک هەر توخمی سەرەکی دەبێت لە سیاسەتی ئەمەریکا بەڵکو توخمی سەرەکیش دەبێت لە سیاسەتی ئەمەریکادا بەرامبەر تەواوی ناوچەکە

●●●

●●●

کورد لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق وەک هاوپەیمان لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بەشداربووە و ئێستاش بەشدارە لە حکومەتی فیدرالی بەغدا و کورد لەسەر گێرانی رۆڵی پۆزەتیفی خۆی بەردەوام دەبێت

●●●

کراوین، هەربۆیە مێـــژووی ئێمە مێژووی لێبوردەییە کە بریتیە لە لێبوردەی ئایینی مەزهەبی نەتەوەیی ئیتنی، ئێمە دەخوازین ئەم لێبوردەییە ببێت مۆدێلێك بۆ تەواوی عێراقیش.

٧- ئێمە ناڵێین لە کوردســـتان کەموکورتی نییە، بەڵام بڕوامان بەوەیە کە سیاســـەتێکی بەهێـــز پیادەبکەیـــن و بۆئەوەی ئەو کەموکورتیانە چارەسەر بکەین.

٨- بۆ ئەوەی ئایندەی عێراق ڕۆشن بێت پێویستە:

أ- دەبێت هەموو بە دەستوورەوە پابەند بین.

ب- پێکهاتەکانـــی عێراق بەراســـتی هاوبەش بن لە حکومەتی عێراقدا.

ت- هەموو هەوڵەکانمان بخەینەگەڕ بۆ ســـەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا.

ث- ڕێگە نەدەین تیرۆریستان لە عێراقدا پێگەیان هەبێت.

٩- هەرێمی کوردســـتان ئومێد دەخوازێت پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دراوســـێکانی هەبێت، ئێســـتا هەلێکی بـــاش هاتۆتە پێش بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باش دروســـت بکەین، بەودواییە کۆمەڵێـــك هەنگاوی باش لە پەیوەندییەکانـــی نیوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەڵهێنراوە و چەندین کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆ ئەنجامدراوە.

١٠- ســـەبارەت بە ڕێکەوتنی ئەمنی نێوان عێراق وئەمەریکا ( سۆفا –SOFA) سەرۆك ئاماژەی بەم خاڵانە کرد:

أ- ئێمـــە حەزناکەیـــن کوڕو کچەکانتـــان و ژن وپیاوەکانتان لە ناو ســـوپادا دوور لە خۆشەویســـتانیان وخێزانەکانیان بژین، بە پێچەوانەوە خوازیارین ڕۆژێك زووتر بگەڕێنەوە ناوتان، بەڵام ئەو پرۆسەی دەســـتپێکردووە هێشتا تەواو نەبووە، ئەگەر باردۆخی عێراق تیکبچێت لەوانەیە گەورەترین کاریگەری لەســـەرباری ئابـــووری هەبێت و لەوانەشـــە کاریگەری لەســـەر دەوڵەتانی کەنداویش هەبێت.

ب- هەموو هەوڵمان بۆ ئەوەیە ئەو ڕێککەوتنە ئیمزا بکرێت.

## ئەو پرسیارانەی
## ڕووبەڕووی سەرۆک کرانەوە

لەم کۆڕەدا چەندین پرسیاری هەمەجۆر ئاراستەی بارزانی کرا کە دەکرێت بەچەند تەوەرێك پۆلێنیان بکەین:

*** کۆبونەوە لەگەڵ نوینەری تورکیا**

پێش ئەوەی ئامادەبووان پرســـیار لەسەرۆك بکەن بەرێز رایمۆند دی بویس کە ڕاویژکاری باڵای CSIS ەو کۆڕەکەی سەرۆکی بەریوە دەبرد، ئەو پرســـیارەی ئاراستەی سەرۆك کرد، ئایا لەم گەشتەتان بۆ ئەمەریکا لەگەڵ نوینەری تورکیا کۆبوونەتەوە؟ ســـەرۆك لەوەڵامدا گوتی: لەم گەشـــتەدا نەخێر، بەڵام پێشتر کۆبووینەتەوە، بینینی ئەوان لەبەرنامەدا نەبووە.

***هەڵوێست بەرامبەر پەکەکە**

یەکەم پرســـیار لەلایـــەن تەلەفزیونی NTV ئـــەوە بوو ئایا حکومەتی هەرێمی کورســـتان پەکەکە بە تیرۆریســـت لەقەڵەم دەدات؟ سەرۆك گوتی:ئێمە ئەم مەسەلەیەمان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا باســـکردووە، هەربۆیە هەرکاتێك گەیشتینە ڕێککەوتن هەڵوێستی خۆمان رادەگەیەنین.

**• هەڵوێســـتی هەرێم لەســـەر ڕێککەوتنی ئەمنی و پێشوازی هەرێم لە هێزەکانی ئەمەریکا.**

ئەم پرسیارە لەلایەن بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا ئاراستەی ســـەرۆك کرا، بەوەی ئایا لە کاتێکـــدا ڕێککەوتن ئیمزا نەکرا، ئایـــا هیچ ئەگەرێك دێتە ئاراوە بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بنکەیەك لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن، ئایا چۆن وەڵامی ئەو داوایەی ئەمەریکا دەدەنەوە ئەگەر داوایەکی واتان لێکرا؟

سەرنج بدەن پێشتر سەرۆك لە پەیامەکەیدا تایبەت بەو ڕێککەوتنە ئامادەباشـــی خۆی پیشـــاندا هەموو هەوڵـــەکان بۆ ئەوەن ئەو ڕێککەوتنـــە ئیمزا بکرێت، بەهیچ شـــێوەیەك لـــە پەیامەکەی ســـەرۆکدا ئەگەری ئیمزا نەکردن یان داوای لەو جۆرە ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام کاتێك پرســـیارێکی بەمجۆرە دەکرێت سەرۆك بەمجۆرە وەڵامی داوەتەوە:

أ- هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن ئەو ڕێککەوتنە ئیمزا بکرێت. ئێمە هەمـــوو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەر بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە ئیمزا بکرێت، هەربۆیە مەســـەلەی ڕێکنەکەوتن نەهاتۆتە پێش هەتا موناقەشەی لەسەر بکەین.

ب- بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنەکە ئیمزا نەکرێت و نەمانەوێت بگەینە ڕێککەوتن، یان ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا داوای ئەوە بکات بۆ هێزەکانی بنکەیەك لە هەرێمی کوردستان هەبێت، ئەوا من دڵنیام پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وگەلی هەرێمی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کورستان پێشوازی لێدەکەن.

ئـــەم وەڵامەی ســـەرۆك بەداخـــەوە وەك خۆی لـــە میدیاکان بڵاونەکرایەوە، بەڵکو وەك ئەوەی ســـەرۆك خۆی داوای ئەوەی کردبێـــت هێزەکانـــی ئەمەریکا بنکەیەك لەهەرێمی کورســـتان دابمەزرێـــن، ئەمـــە لە کاتێکدا ســـەرۆك دەڵێت، مەســـەلەی ئیمزانەکردنی ڕێککەوتن نەهاتۆتە پێش هەتا موناقەشـــە لەسەر ئەگـــەری بەدیل بکرێـــت، کەواتە نە حکومەتـــی ئەمەریکا هێشـــتا ئەو داوایەی لە هەرێمی کوردستان کردووە، نەسەرۆکی کوردستانیش گوتویەتی ئامادەم ڕێگەیان پێبدەم، بە پێچەوانەوە سەرۆك ڕای خۆی دەربڕیوە بەمجۆرە:

١- ئەگـــەر حکومەتـــی ویلایەتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا داوایەکـــی لەمجۆرە لە هەرێمی کوردســـتان بکات، ئەم داوایە دەخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردســـتان، هـــەروەك چۆن داوای هاتنـــی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ تورکیا لەســـاڵی ٢٠٠٣ خرایە بەردەم پەرلەمانی تورکیا.

٢- پاشان دەخرێتە بەرەمی گەلی هەرێمی کورستان.

٣- ئینجا حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ســـەرۆك تەنیا لـــەوە دڵنیایە کـــە گەلەکـــەی و پەرلەمان و حکومەتی ئەو هەرێمەی ئەو ســـەرۆکایەتی دەکات پێشـــوازی لەو داوایە دەکەن، بێگومان ڕازیبوون بەم داوایە یان ڕازینەبوون، هیچ شـــتێك لە هاوپەیمانی نێوان کورد و ئەمەریکا ناگۆڕێت، هەر بۆنموونە ئیسپانیا و تورکیا، پەرلەمانی هەرووڵا ڕازینەبوون و ئەمەریـــکاش ڕێزی لە ئیرادەی ئـــەو پەرلەمانە گرت. بەڵام بەداخەوە میدیاکان بەگشتی و میدیایی عێراقی و عەرەبی ئەم ڕاستییەیان هەڵگێڕایەوە.

**لە کوردستان ئارامی و سەقامگیریەکی بەردەوام هەیە، هۆکاری سەرەکی بەردەوامبوونی ئەم ئارامی وسەقامگیرییە ئەوەیە کە گەلی ئێمە بە کەلتووری لێبوردەیی پەروەردەکراوە**

**هەڵوێستی ڕەسمی حکومەتی ئەمەریکا جەخت کردنیان بۆۆ لەسەر ئەوەی کە دەبێت مادەی ١٤٠ ئیمزا بکرێت لەبەر ئەوەی مادەیەکی دەستوورییەو گەلی عێراقیش دەنگی بەو دەستووره داوه**

• **هەڵوێستی ئەمەریکا سەبارەت بە مادەی ١٤٠**

ئایا لەم سەردانەتان بۆ واشنتۆن، چۆن لە هەڵوێستی بەرپرسانی ئەمەریکا بەرامبەر مادەی ١٤٠ تێگەیشتن؟

سەرۆك گوتی: هەڵوێستی رەسمی حکومەتی ئەمەریکا وەك لەلایەن وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوە راگەینراو لە کۆبوونەوەکانیشدا باسمان کردووە، هەموو جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت مادەی ١٤٠ ئیمزا بکرێت لەبەر ئەوەی مادەیەکی دەستوورییەو گەلی عێراقیش دەنگی بەو دەستوورە داوە.

• **پێشمەرگە وسوپای عێراق**

لەوەڵامی پرسیارێکیشدا سەبارەت بە پێشمەرگە و سوپای عێراق بارزانی ئەم راستیانەی خستە روو:

أ- بۆ ئەوەی زانیاری باشترتان هەبێت، دوای رووخانی رژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ هەوڵەکان بۆ ئەوەبوون سوپای عێراقی نوێ دابمەزرێت.

ب- لەبەر ئەوەی عەرەبی سونە و شیعە ئامادەباشیان نەبوو بێنە ناو ئەو سوپایە، بڕیاردرا ٣ فیرقە لە هێزی پێشمەرگە وەك نەواتی سوپای نوێی عێراق دروستبکرێت.

ت- ئێمە سوپای نوێی عێراق وەك سوپای خۆمان سەیردەکەین، هەروەها رێگەنادەین وەك پێشتر سوپا دەست لە کاروباری سیاسیی و مەدەنی وەربدات.

ث- لەوانەیە هەندێك جار لەسەر ئەم مەسەلەیە جیاوازی لە نێوان ئێمە و حکومەتی فیدراڵی هەبێت، بەڵام جیاوازییەکان لە چوارچێوەی دەستووردایەو بۆ رێکخستنی مافە دەستوورییەکانە.

• **خانەقین و بوونی هێزی پێشمەرگە**

سەبارەت بە خانەقین سەرۆك ئەم روونکردنەوانەی دا:

أ- ئێمە لەسەر داوای حکومەتی فیدراڵی لیوایەك هێزی پێشمەرگەمان ناردووە بۆ خانەقین.

ب- ئەو هێزەی ئێمە توانی بە قوربانیدانی ١٨ پێشمەرگە و٤٣ بریندار ئەو ناوچەیە لە تیرۆریستان پاکبکاتەوە.

ت- ئەو کێشەی کە دروستیش بوو، لە ئاکامی تێنەگەیشتنی فەرماندەیەکی سوپای عێراق بووە.

• **مەسیحیەکانی کوردستان و هاتنی مەسیحیەکانی موسڵ بۆ کوردستان**

پرسیارەکە لەلایەن ژەنراڵ جەی گارنەر بەمجۆرە کرا :

(بەرێز جەنابی سەرۆك، من ئاگاداری ئەو هەرێمەی ئێوەم و دەزانم لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا مەسیحیەکان هەموو ئازادییەکیان هەیە، کڵێسای خۆیان هەیە و لە دەستوری هەرێمیشدا هەموو مافێکی زۆریان بۆ دابینکراوە، بەڵام دەبینین لە موسڵەوە مەسیحیەکان دێن بۆ کورستان، ئایا دەتوانی پێمان بڵێت لە موسڵ چی روویداوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان چیکردووە بۆ ئەو مەسیحیانە؟

پوختەی وەڵامەکەی سەرۆك سەبارەت بەم پرسیارە بەمجۆرە بوو :

أ- تیرۆرستان لە بەغدا و بەسراو شوێنەکانی تریش هەوڵەکانی خۆیان بۆ دژایەتی مەسیحیەکان چڕکردۆتەوە، بەم دوایەش ئەو گوشارەیان خستۆتە سەر مەسیحیەکانی موسڵ.

ب- ئێمە سوورین لەسەر مافی مەسیحیەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەڵام من باسی مەسیحیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەم، بەڵام ئەوانەی لەترسی گیانی خۆیان روودەکەنە کوردستان پێشوازیان لێدەکرێت وهەموو رێزیکیان لێدەگیرێت.

ت- هەروەها ئێمە پێشوازیمان لە ٢٥٠٠ خێزانی عەرەبیش کردووە کە لە ترسی توندوتیژی هاتوون بۆ کوردستان.

ث- هەر بۆ زانیاری خۆشت لە ساڵی ٢٠٠٣ وە هەتا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠٠ لە و کوردانەی لەموسڵ دەژین تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن کوژراون. هەربۆیە تەنها مەسیحی نییە لە موسڵ دەکوژرێت بەڵکو کورد و مەسیحی پێکەوە دەکوژرێن و تائێستا نزیکەی ١٠٠هەزار کورد لە موسڵ دەرکراون.

بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی ئەم سەردانە و پێشوازیکردنی سەرۆك لەسەر ئاستی رەسمی و ناوەندەکانی توێژینەوە و هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەسەر ئایندەی عێراق ئەم بەرێزانە بەشداریان کردووین. کەئەمە دەقی لێدوانە تایبەتییەکانیانە.




CSIS تایبەت بۆ گوڵان ناردویەتی

**تیرۆرستان لە بەغدا و بەسراو شوێنەکانی تریش هەوڵەکانی خۆیان بۆ دژایەتی مەسیحیەکان چڕکردۆتەوە، بەم دوایەش ئەو گوشارەیان خستۆتە سەر مەسیحیەکانی موسڵ**

**لە موسڵ کورد و مەسیحی پێکەوە دەکوژرێن و تائێستا نزیکەی ١٠٠هەزار کورد لە موسڵ دەرکراون**

**ئێمە پێشوازیمان لە ٢٥٠٠ خێزانی عەرەبیش کردووە کە لە ترسی توندوتیژی هاتوون بۆ کوردستان**

جیاواز لە ناوەندەکانی توێژینەوەی ئەمەریکا، پسپۆران و تۆژەرانی سەنتەری CSIS زۆر کەم حەز لە لێدوان یان دیمانەی ڕۆژنامەوانی دەکەن، پسپۆرانی ئەم ناوەندە پاش ئەوەی دیراسەتەکانییان تەواو دەکەن تەنها لەسەر ئەو کارەی ئەنجامیان داوە ڕوونکردنەوە دەکەن و بەشێوەیەکی گشتی ڕای خۆیان دەرنابڕن، هەروەها نەریتێکی دیکەی پسپۆرانی ئەم سەنتەرە ئەوەیە بەبێ دانانی کاتێکی دیاریکراو قسە ناکەن، واتە کاتێك داوای دیمانەی ڕۆژنامەوانی دەکەی دەبێت یاریدەدەرەکەی ئامانج لەو دیمانەیە و تەوەری سەرەکی دیمانەکە بزانێت، پاشان تەواوی ئەدرێسی میدیاکەت بۆیان بنێرێت هەتا وەڵامت دەدەنەوە، ئەگەر میدیایەك لانی کەم لەسەر ئاستی ناوچەکەی خۆی ناسراو نەبێت داواکەت ڕەتدەکرێتەوە، هەربۆیە کە دوای دیمانەمان لەگەڵ ڕایمۆند .ئێف .یبۆیس گەورە ڕاوێژکاری CSIS کرد و مەبەستی دیمانەکەمان پێراگەیانین و ئەدریسی تەواوی گوڵانمان بۆ ڕەوانەکردن، پێیان گوتین چاوەڕێبن وەڵامتان دەدەینەوە، ئێمە بەلامانەوە سەیر بوو پاش کەمتر لە کاتژمێرێك ئاگاداریان کردینەوە، بەوەی بەڕێز ڕایمۆند خۆشحاڵە ڕاستەخۆ بۆ گوڵان قسەبکات و دوو کاتیشیان بۆ دەسنیشانکردبوین . کاتێك کە بۆ بەڕێز ڕایمۆند گونجاوە لە ئەمەریکا کاتێکیش کە بۆ ئێمە گونجاوە لە کوردستان و ماوەی ١٥ خولەکیان پێداین کە قسە لەگەڵ ڕایمۆند بکەین، بەڕێز ڕایمۆند خۆشحاڵی خۆی بۆ دەربڕین کە چەند ڕۆژێك پێشتر شەرەفی ئەوەی پێدراوە لە CSIS کۆڕەکەی سەرۆك بارزانی بەڕێوە بەرێت، بەڵام بواری ئەوەی بۆ نەڕەخساوە بە تایبەتی وینە لەگەڵ بارزانی بگرێت .



ڕایمۆند ئێف دیبۆیس، کە ئێستا ڕاوێژکاری باڵای CSIS لە ساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٥ بەڕێوەبەری نووسینگەی دۆناڵد ڕامسفیلدی وەزیری بەرگری ئەمەریکا بووە و هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی تەواوی یاریدەرەکانی وەزیری بەرگری بووە و چەندین بەرپرسیاریەتی دیکەشی لە کۆشکی سپی وەرگرتووە و بۆ ئەم دیمانەیەش کەپێش بڵاوکردنەوەی لەسەر داوای خۆی دەقە کوردییەکەی بینیوە، بێجگە لە دوو وێنەی کۆڕەکەی سەرۆك بارزانی، وێنەیەکی خۆیشی لەگەڵ دۆناڵد ڕامسفیلد بۆ ناردوین ولەسەر داوای خۆی لەم دیمانەیە بڵاوی دەکەینەوە.

ڕایمۆند لەبەر ئەوەی هەتا ساڵی ٢٠٠٥ یەکێك بووە لە هەڵسوڕێنەرانی وەزارەتی بەرگری و ئێستاش لە CSIS تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ریفۆرم لە بەڕێوەبردنی بەرگریدا، لێدوانەکانی وەك ڕەنگدانەوەی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا دەخوێنرێتەوە، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی گوڵانە لەگەڵ ڕاوێژکاری باڵای سەنتەری ستراتیژی و دیراساتی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پەیامی سەرۆك بارزانی لە ناوەندی ناوبراو.

ڕایمۆند .ئێف. دیبۆیس ڕاوێژکاری باڵای CSIS بۆگوڵان:

# پەیامی سەرۆک بارزانی لە CSIS
# شیکردنەوەی ئۆمێدی کورد بوو لە ئایندەی عێراقدا

*** سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و بانگهێشتكردنی لە لایەن " سی.ئێس. ئای. ئێس" بۆ خستنەڕوی تێڕوانینی هەرێمی كوردستان بۆ ئایندەی عێراق جێی گرنگیپێدانی ئێوە بوو، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن تێڕوانینی بارزانی بۆ ئایندەی عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟**

-قسە و وەڵامدانەوەكانی بارزانی بۆ ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەی دەكران لە " سی.ئێس. ئای. ئێس"، شیكردنەوەیەكی كارا و قوڵ بوو بۆ خەون و ئومێدی كوردەكان لە دەوڵەتێكی فیدراڵی لە عێراقدا، من پێم وایە هەڵسان بە تاوتوێكردنی مەسەلەی رێككەوتنە ئەمنییەكەی نێوان عێراق و ئەمەریكا، مەسەلەی یاسای نەوت و ئەنجامدانی دانووستاندن لە گەڵ توركیادا ئەوەی پەیوەستبوو بە كێشەی سنوور و پەكەكەوە. تێڕوانینی من ئەوەیە كە بە شێوەیەكی قوڵ و هەمەلایەنە یەكە یەكەی ئەو مەسەلانەی تاوتوێكرد و بە شێوەیەكی زۆرباش لە لایەن" سی.ئێس. ئای. ئێس"ەوە پێشوازی لە بیروبۆچوونەكانی كرا.

***سەردانی بارزانی لە كاتی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكانی ئەمەریكادا بوو، بە تێڕوانینی ئێوە ئەم سەردانە چ مانایەكی هەبوو كە لەم كاتەدا ئەنجامدرا؟**

- سەردانەكەی بارزانی كەمتر پەیوەست بوو بە هەڵبژاردنەكانی ئەمەریكاوە، بەڵكو پتر پەیوەست بوو بە گفتوگۆكردن لە گەڵ سەرۆك بۆش و وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا، كۆندۆلیزا رایس و خستنەڕووی بیر وبۆچوونەكانی بوو بە شێوەیەكی ئاشكرا لە " سی.ئێس. ئای. ئێس" دا، هەروەها پشتگیری كردنی بۆ ئەمەریكا و بۆ رێككەوتنە ئەمنییەكە و گفتوگۆكانی پەیوەست بە رێككەوتنە ئەمنییەكەوە لە بەغدا یارمەتیدەر بوو.

*** رێككەوتنامە ئەمنییەكە بۆتە گرفتی سەرەكی لە نێوان ئەمەریكا و عێراقدا، لێكدانەوە و خوێندنەوەی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- ئەوەی روونە ئەوەیە ئێمە خوازیاری كۆتای پێهاتنی رێككەوتنە ئەمنییەكەین پێش ٣١ی كانونی یەكەم، ئەمە ئامانجی حكومەتی عێراقی و ئەمەریكی بووە، من باوەڕم وایە كە هەندێ مەسەلە هەیە لە رێككەوتنامەكەدا كە دەكرێت گفتوگۆی لەسەر بكەین و چارەسەریان بكەین پێش ٣١ی كانونی یەكەم، بەڵام دەمەوێت ئەوە روون بكەمەوە كە دەبێت ئەو رێككەوتنامەیە رێز لە سەروەری عێراق بگرێت، لە هەمان كاتدا دەبێت داخوازیە پێویست و گونجاوەكانی پاراستنی هێزەكانی ئەمەریكاش لەبەرچاو بگرێت. من باوەڕم وایە دەتوانین بگەینە ئەو رێككەوتنە، بە چەشنێك ئەو دو ئامانجە گرنگە بهێنێتەدی. بەڵام بۆ من كارێكی گونجاو نییە ئەوە دەستنیشان بكەم چۆن سەركردە سیاسییە كوردەكان، سوننە و شیعەكان دەتوانن بگەنە هاوڕاییەك لە سەر مەسەلەیەكی گرنگی وەك مەسەلەی رێككەوتنە ئەمنییەكە، بەڵام ئەگەر وەك هاووڵاتییەك بدوێم، كە روونە ئەوەی من لێرەدا دەیڵێم رەنگدانەوەی ئەوەیە كە وەزارەتی بەرگری ئەمەریكا ئومێدی بۆ دەخوازێت، كە ئێمە زۆر سوپاسگوزاری پشتگیری بارزانی و حكومەتی هەرێمی كوردستانین بۆ رێككەوتنە ئەمنییەكە و گرنگی ئیمزاكردنی ئەم رێككەوتنە لە كۆتای ئەم ساڵدا.

*** بەڕێز سەرۆك بارزانی روبەڕوی پرسیارگەلێكی لە چەشنی ئەوە بوەوە كە لە حاڵەتی ئیمزانەكردنی رێككەوتنەكەدا چ هەڵوێستێكی دەبێت، پرسیارەكە ئەوەیە لە حاڵەتی ئیمزانەكردنی ئەم رێككەوتنەدا ئایا ئایندەی پەیوەندیەكانی ئەمەریكا و عێراق چۆن دەبێت؟**

- ئەگەر لەبەر هەر هۆكارێك بێت تاوەكو٣١ی كانونی یەكەم رێككەوتنەكە ئیمزا نەكرا، ئەوا رێككەوتنێكی كاتی جێی دەگرێتەوە، كە لە روانگەی منەوە ئیمزاكردنی ئەم رێككەوتنە بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی خەڵكی عێراق و حكومەتی عێراقدا دەبێت و هەروەها لە بەرژەوەندی ئەمەریكاشدا دەبێت. لەبەر ئەوەی دەبێت بە شێوەیەكی گونجاو هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا بپارێزرێت و حكومەتی هەردولاش دان بە گرنگی ئەم مەسەلەیەدا دەنێن. رەنگە هەندێ لە وردەكاری رێككەوتنەكە ببێتە هۆی دواخستنی ئیمزاكردنی رێككەوتنەكە، بۆ نموونە رەنگە ئەمەریكا خوازیاری ئەنجامدانی هەمواركردن بێت لە هەندێ لە برگەكانی رێككەوتنەكەدا لە روی داڕشتنی زمانەوانییەوە. من لەو باوەڕدانیم كە ئێمە پێ بنێینە مانگی كانونی دووەمی ٢٠٠٩ەوە بێ ئەوەی جۆرێك لە رێككەوتن هەبێت لە نێوان هەردوولادا، جا رێككەوتنی كاتی بێت یان نا.

*** بەڕێز بارزانی لەوەڵامی رۆنامەنوساندا گوتی :لە حاڵەتی ئیمزانەكردنی رێككەوتنەكەدا، ئەگەر حكومەتی ئەمەریكا داوابكات ٬ئەوا پەرلەمانی كورستان دواكەی ئەمەریكا رەتناكاتەوە بە دانانی بنكەی سەربازی ئەمەریكا لە كوردستاندا، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە ئەمەریكا بیر لە رێگاچارەیەكی لەم شێوەیە دەكاتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە من لە پێشنیارەكەی بارزانی تێدەگەم و تەقدیریشی دەكەم بۆ پێشوازی كردن لە جێگیركردنی بنكەی سەربازی ئەمریكی لە كوردستاندا. بەڵام هەروەك ئێوەش دەزانن ئەوا لە حاڵی حازردا هیچ بنكەیەكی سەربازی ئەمەریكی لە كوردستاندا بوونی نییە. من لەو باوەڕەدام كە باشترین رێگاچارە لە ئایندەدا بە تێڕوانینی من ئەوەیە كە هیچ بنكەیەكی ئەمەریكی هەمیشەی لە عێراقدا جێگیر نەكرێت، بەڵام دەبێت مانەوەیان بە مۆڵەتی خەڵكی عێراق بێت و سەربازگەكانی سوپای عێراقی بكەنە بنكەی خۆیان كە دەتوانین لە گەڵ حكومەتی عێراقیدا بگەینە رێككەوتن بۆ جێگیكردنی هێزەكانمان لەو سەربازگانەدا، واتە دەبێت لە ئەسڵدا بنكە و سەربازگەی سوپای عێراقی بن و هێزەكانی ئەمەریكاشیان تێدا جێگیر بكرێت. هەروەها دەبێت ئاڵای عێراقی لەو بنكە و سەربازگانەدا بشەكێنەوە، بە چاوپۆشین لەوەی چ بەشێكی وڵاتەكەدا بن، ئایا لە بەشەكانی خواروی عێراق یاخود باكور و كوردستاندا دەبن، واتە دەبێت جێگیركردنی

●●●
سەردانەكەی بارزانی كەمتر پەیوەست بوو بە هەڵبژاردنەكانی ئەمەریكاوە، بەڵكو پتر پەیوەست بوو بە گفتوگۆكردن لە گەڵ سەرۆك بۆش و وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا، هەروەها پشتگیری كردنی بۆ ئەمەریكا و بۆ رێككەوتنە ئەمنییەكە و گفتوگۆكانی پەیوەست بە رێككەوتنە ئەمنییەكەوە لە بەغدا یارمەتیدەر بوو
●●●

●●●
نابێت ئەمەریكا بنكەی سەربازی هەمیشەیی لە عێراقدا جێگیر بكات، دەبێت ئێمە لەسەر بانگهێشتی ئێوە لە عێراقدا بین
●●●

ئەو هێزانە بە ڕێککەوتن بێت لە گەڵ حکومەتی مەرکەزی و مەحەلیدا، بەڵام من نازانم دەبێت ماوەی مانەوەی ئەو هێزانە و قەبارەی ئەو هێزانە چەند بێت.

*** ئێمە دەزانین کە ناکۆکی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا هەیە، بۆ نموونە سوننە و شیعەکانی دژی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنە ئەمنییەکەن، بە پێچەوانەوەی کوردەکانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر لە دەرئەنجامی هەڵوێستی کوردەکانەوە بۆ پشتگیری کردن لە ئەمەریکا شیعە و سوننەکانی کاردانەوەی خراپیان هەبوو لە دژی کوردەکان، ئایا پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەمەریکا بە شێوەیەك لە شێوەکان یارمەتی کوردەکان بدات؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر قورسە و تەنها وەزیری دەرەوە و بەرگری ئەمەریکا و بەرپرسە سەربازیەکان و بەرپرسەکانی وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراقدا دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە. تێڕوانینی شەخسی من ئەوەیە نابێت ئەمەریکا بنکەی سەربازی هەمیشەی لە عێراقدا جێگیر بکات، دەبێت ئێمە لەسەر بانگهێشتی ئێوە لە عێراقدا بین، بۆ پاراستنی سەروەری و عێراق و بەرگری کردن لە سنوورەکانی لەو وڵاتەدابین، هەروەها ئەگەر پێویست بکات هەڵبستین بە یارمەتیدانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ هاوڵاتیانی عێراق، بەڵام مەسەلەی جێگیرکردنی بنکەی سەربازی ئەمەریکی لە کوردستاندا بێت، یاخود لە بەسرە یان ناوچەکانی دیکەدا بێت، ئەوا دەبێت لە لایەن فەرماندە سەربازییەکانی هەردوولا و سەرکردە سیاسییەکانی هەردوولاوە بڕیاری لەسەر بدرێت.

*** لە کاتی سەردانەکەی بەڕێز بارزانیدا بۆ ئەمەریکا هەستمان بە بوونی پەیوەندیەکی باش کرد لە نێوان کورد و ئەمەریکییەکاندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئایندەی پەیوەندی و دۆستایەتی کورد و ئەمەریکییەکان لە سەردەمی ئیدارەی باراك ئۆبامادا چۆن دەبێت؟**

- من ئومێدەوارم کە هەر کاتێك ئۆباما کاروباری سەرۆکایەتی گرتەدەست و دەستیکرد لە دەستنیشانکردنی وەزیری دەرەوە و بەرگری، ئەوا یەکەم سەردانی هەر یەکێکان بۆ عێراق بێت و من ئومێدەوارم کە سەردانی کوردستان بکەن و سەردانی هەولێر و سلێمانی بکەن و لە نزیکەوە ئەو ئاسایش و گەشەکردنە ئابووریە ببینن کە لە باکوری وڵاتەکەدا لە کوردستاندا ڕوودەدات، ئەوەی جێی گومان نییە کوردستان دۆست و شەریکێکی دڵسۆزی ئەمەریکایە، لەوەش گرنگتر جێی ستایشە کە کوردەکان ڕۆڵیان دەبینن لە بنیاتنانەوەی عێراقێك کە کاریگەریی ئیجابی هەبێت لە ناوچەکەدا.

*** کوردستان و تورکیا دو هاوپەیمانی ئەمەریکان لە ناوچەکەدا، ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت بە چ شێوەیەك پشتگیری لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندی نێوان ئەم دو هاوپەیمانەیدا بکات لە کاتێکدا کە هەندێ جار و گرفت و ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست دەبێت؟**

- سەرۆك بارزانی لە قسەکانیدا ئاماژەی پێکرد و باسی لە گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان کوردستان و تورکیادا کرد، ئەوەی ئێوە دەیڵێن تەواو درووستە، تورکیا و ئەندامی ناتۆ و هاوپەیمانی ئەمەریکایە، کوردستان دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکا و ئەمەریکاش پشتگیریەکی بەهێز لە درێژەپێدانی ئەو گفتوگۆیانە دەکات.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کە ئەمەریکا زۆر ڕێز لە دۆستایەتی کورد دەگرێت و پشتگیری لێدەکات بۆ ئەو هەموو قوربانیانەی داویەتی بۆ هێنانەدی عێراقێکی ئازاد، تەندروست هەروەها گەشەسەندوو.



**کاتێک ئۆباما کاروباری سەرۆکایەتی گرتەدەست و دەستیکرد لە دەستنیشانکردنی وەزیری دەرەوە و بەرگری، ئەوا یەکەم سەردانی هەر یەکێکان بۆ عێراق بێت و من ئومێدەوارم کە سەردانی کوردستان بکەن**

■ ■ ■

باڵیۆز ئیدوار ئێس ۆڵکەر ماوەی ٤٥ ساڵە کاری دیبلۆماتی دەکات و بەرزترین پلەی دیبلۆماتیشی هەیە کە یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکایە، باڵیۆز ۆڵکەر لە ساڵی ٢٠٠٠ پێگەیشتوە و یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بووە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیك، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٧- ١٩٩٩باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە ئیسرائیل و لەساڵی ١١٩٤-١١٩٧ باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە میسر و لە ساڵی ١٩٩٣ جێگری نوینەری تایبەتی ئەمەریکا بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لەسەردەمی کارتەریشدا نوینەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بووە بۆ وتووێژی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەردەمی شەڕی کەنداویشدا باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە ئیماراتی عەرەبی، ئەم دیبلۆماتە گەورەیە ئێستا سەرۆکی ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەم ئەنجوومەنەش کە بریتییە لە ئامۆژگایەکی لێکۆلینەوە شانازی بە مەزندەو توێژینەوانە دەکات کە پسپۆرانی ئەم ئەنجوومەنە بۆ سیاسەت و گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەنجامیانداوە.



باڵیۆز ۆڵکەر کە لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، تایبەتمەندە لەسەر عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراست و بیروبۆچوونەکانیشی بە ئاستێك گرنگن کە لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و ناوەندەکانی توێژینەوە ئاماژەی پێدەکرێت و لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی سیاسەتی دەروەی ئەمەریکا سوودی لێوەردەگیریت، ئەمە بێجگە لەوە خۆی یەکێك بووە لە بڕیارسازانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆ هەڵسەنگاندنی سەردانە سەرکەوتووەکەی سەرۆك بارزانی بۆ ئەمەریکا و ئایندەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق و ئەمەریکاو تورکیا، پەیوەندیمان بە باڵیۆز ۆڵکەر کردوو، بەڕێزی بەسوپاسەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

■ ■ ■

**باڵیۆز ئیدوار .ئێس . ۆڵکەر بۆ گوڵان:**

# ئەم سەردانەی بارزانی بۆ ئەمەریکا هۆکاریکە بۆ دروست بوونی هاوڕاییەک لە نێوان هەردوولادا

**ئەمەریکا خوازیاری هەرەسهێنانی عێراق نییە، چونکە ئەمە ئاکامی گەورەی لێدەکەوێتەوە لە ناوچەکەدا و خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکات**

*** بەڕێز بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەمەریکای کرد و لەگەڵ سەرۆك بۆش و بەرپرسە باڵاکانی دیکەی ئەمەریکادا لە کۆبیووەوە بۆ دوپاتکردنەوەی دۆستایەتی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا، ئایا ئەم سەردان و کۆبوونەوانە تا چ رادەیەك کاریگەری دەبێت پەیوەندییەکی ئەمەریکا و کوردستان لە سەر ئاستی سیاسی؟**

- من پێموایە هاوڕاییەك لە نێوان هەردوولادا دێتەدی، لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی کوردستان بەشێوەیەکی بەهێز پشتگیری ئەمەریکا دەکەن و لە لایەکی دیکەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش خوازیاری دووبارە بوونەوەی ئەو کردەوانە نییە کە لەسەردەمی سەددام حوسێندا دژی کوردەکان دەکرا، هەروەها هەوڵ ئەدات کە گرژی و ناکۆکی لە نێوان تورکیا و کوردستاندا سەرهەڵنەدات، یاخود لە کاتی سەرهەڵدانیدا بەرەو هەڵکشان نەچێت. خەڵکی ئەمەریکا هاوسۆزن لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی کوردەکاندا و ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە کە کوردستان و حکومەتی عێراقی بگەنە رێککەوتنێك بۆ ئەوەی پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق بەردەوام بێت، بەڵام لەو باوەڕدانیم کە ئەمەریکا فشاری زیاد لە پێویست بخاتە سەر حکومەتی کوردستان.

*** ئەوە روونە کوردستان، پشتگیری لە رێککەوتنەکە و سیاسەتی ئەمەریکا دەکەن لە عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا حکومەتی عێراقی ئەم هەڵوێستەی کوردەکان لەبەرچاو دەگرێت؟**

- من پێم وایە دەکرێت کوردەکان پشتبینی پشتگیری لە ئەمەریکا بکەن، بەڵام لە سنوورێکی دیاری کراودا، من پێم وایە ئیدارەکەی ئۆباما لە بریارەکەیدا بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا لە چوارچێوەیەکی زەمەنی ماقوڵدا، کە مەرج نییە لە ماوەی ئەو ١٦ مانگەدابێت کە لە سەرەتاوە ئۆباما ئاماژەی پێدەکرد، ئەوا بایەخ بەوە دەدات کە عێراقێك جێبهێڵێت کە زۆر سەقامگیرتر بێت لەوەی ئێستا هەیە و حکومەتێکی کارای هەبێت و رێککەوتنێکی تەواو لە نێوان حکومەتی عێراق و پێکهاتەکانی وڵاتەکەدا بێتەدی، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا خوازیاری هەرەسهێنانی عێراق نییە، چونکە ئەمە ئاکامی گەورەی لێدەکەوێتەوە لە ناوچەکەدا و خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکات و ئێمە هەوڵ دەدەین کە مامەڵە لەگەڵ تێکڕای هێزەکانی ناوچەکەدا بکەین کە پەیوەندیان هەیە بەم مەسەلەیەوە، بۆ نموونە ئێران، هەروەك پێشتریش گفتوگۆمان لەگەڵ ئێراندا ئەنجامداوە بۆ ئەم مەبەستە.

هەروەها حکومەتی عێراقی ناتوانێت تێکڕای هەڵوێست و تێڕوانینەکان لەبەرچاو نەگرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە سەردەکێشێت بۆ ناکۆکی و توندوتیژی. هەروەها دەبێت ئەمەریکا ئەو ئاستەنگیانە لەبەرچاو بگرێت کە دێنەرێی حکومەتی عێراق و هەل و مەرجی سەر ئەرزی واقیع رەچاو بکات، ئەگەرچی من مەبەستم ئەوە نییە کە ئەمەریکا هەڵوێستە بنەڕەتیەکانی خۆی بگۆڕێت. کێشەکە ئەوەیە کە لە ٣١ی کانونی یەکەمدا دەسەڵاتی ئەمەریکا و بناغەی یاسای مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کۆتای دێت کە ئەم دەسەڵات و بناغە یاساییەشی لە بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەرگرتووە. ئەمەش کێشەیەکە روبەڕوی ئیدارەی بۆش دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئۆباما تاوەکو مانگی کانوونی دووەم دەسەڵات ناگرێتە دەست، هەر بۆیە من پێم وایە کە ناکرێت ئەم مەسەلانە بە چارەسەرنەکراوی بمێننەوە و هەر دەبێت رێککەوتنێکی کاتی بێتەدی لەسەر هەندێ لە مەسەلەکان.

**عێراق دو رێگاچارەی لە بەردەمدایە، یان سازشکردن لە سەر مەسەلە سەرەکییەکان، یاخود گەڕانەوە بۆ توندووتیژی کە هیچ لایەک لەعێراقدا لەگەڵ رێگاچارەی دووەمدا نییە**

*** رێککەوتنامە ئەم نییەکە بۆتە گرفتی سەرەکی لە نێوان ئەمەریکا و عێراقدا، لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- کێشە سەرەکیەکە ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەریتێکی دوردرێژی هەیە لەوەی رێگە نادات سەربازە ئەمەریکییەکان لە لایەن سیستمە قەزاییەکانی وڵاتانی دیکەوە دادگای بکرێن، ئێمە خۆمان بەم کارە هەڵدەستین و سزای ئەو سەربازانە دەدەین کە تاوانبارن. ئەگەر ئەمەریکا رازی بێت یاسای وڵاتانی دیکە لێپرسینەوە لەگەڵ سەربازەکانیدا بکەن، ئەوا ئەمە دەبێتە گۆڕانکاریەکی گەورە، تا ئێستا ئێمە رێگەمان نەداوە یاساکانی دیکە لێپرسینەوە لەگەڵ سەربازەکانماندا بکەن، جا ئەو یاسایانە چەند پێشکەوتو بووبن، ئێمە ئەم کارەمان لەگەڵ بەریتانیادا نەکرد، لەبەر ئەوە من باوەڕم وایە کە ئیدارەی داهاتوو بەم ئەگەرە رازی نابێت و پەسەندی ناکات و دەرگای گۆڕینی رێککەوتنەکانی دیکە ناکاتەوە کە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا ئیمزامان کردوون.

***ئایا ئیدارەی سەرۆك بۆش کێشەی نێوان تورکیا و کوردستان چارەسەر دەکات پێش ئەوەی دەسەڵات بگوازرێتەوە بۆ باراك ئۆباما؟**

-من پێم وایە سەرۆك بۆش هەمو هەوڵێکی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە نێوانیان و پەرۆشە بۆ گەیشتن



بە چارەسەرێکی ماقوڵ لە نێوان تورکیا کوردستاندا، بەڵام ئایا بە یەکجاری چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات، ئەوا من دڵنیانیم، ئەگەرچی من دڵنیام باراك ئۆباما درێژە بەم هەوڵانەدا دەدات، لەبەر ئەوەی هەمان سیاسـەتی بنەڕەتی هەیە لە ئاسـت ئەم مەسەلەیەدا و هیچ گۆڕانێکی گەورە نابینین لەم رووەوە.

*** ئایا ئیدارەکەی باراك ئۆباما گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا دەهێنێت، بە تایبەتی لە ئاست عێراقدا؟**

- بەڵێ گۆڕانکاری دەکات و ئەوەش ئاشکرایە کە بە شێوەیەکی رەسمی هەڵوێسـتی خۆی راگەیاند کە لەگەڵ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکادایە بە رەوتێکی تارادەیەك خێرا و لە ماوەی ١٦ مانگـدا، ئەگەرچی دواتر لە هەڵوێسـتە بنەڕەتییەکەی پاشەکشـەی کرد و رایگەیاند کـە کراویە بۆ گفتوگۆکردن لە سەر ئەم مەسەلەیە نەك هەر لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی ئەمەریـکا، بەڵکو لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، لەبەر ئەوە من بـاوەڕم وا نییە کە بایەخ بە کشـاندنەوەیەکی خێرای هێزەکانی دەدات، بـەڵام پاشەکشـەپێکردنی ئەو هێزانە لـە ئەجێندای ئۆبامادایە کە خوازیاری ئەوەیە بۆ زیادکردنی ئاستی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستاندا بەکاریان بهێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لەو وڵاتەدا. یەکێك لە ڕێگاچارەکان ئەوەیە کە دەسـت بە کشـانەوەیەکی قۆناغ بـە قۆناغ بکرێت، نـەك بە جارێك تێکـڕای هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پاشەکشەیان پێبکرێت، یاخود بە رەوتێکی زۆر خێرا بە چەشنی ئەوەی ئۆباما ئاماژەی پێکرد، لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من ئەم پرۆسەی کشاندنەوەیە چەند ساڵێك دەخایەنێت.

*** پێشـتر ئۆباما رای گەیاندبوو کە ئەگەر ببێتە سـەرۆکی ئەمەریکا، ئەوا هەوڵی سـازدانی کۆبونەوەیەکی لوتکە دەدات لە نێوان سـەرکردەکانی تورکیا و کوردستاندا بۆ ئەوەی هەردوو بگەنە ڕێککەوتن و سـازش لەگەڵ یەکتـردا، ئایا پێت وایە پابەند دەبێت بە بەڵێنەکا نییەوە؟**

- بەڵـێ، لەبەر ئەوەی ئەمە شـێوازی ئەوە بۆ روبەڕوبونەوەی کێشـە نێودەوڵەتیەکان، باوەڕی بەوە هەیە کـە دەتوانین ببینە هێزێکـی ئیجابی بۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکیەکان و رۆڵێکی نابژیوانی کارا ببینین لەم رووەوە بە تایبەتی ئەگەر لە نێوان دو هاوپەیمانی ئەمەریکادا بێت.

*** عێراق بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و پرۆسەی سیاسی لە مەترسیدایە، چۆن دەکرێت عێراق لەم قەیرانە رزگاربکرێت؟**

- عێـراق دو ڕێگاچارەی لە بەردەمدایە، یان سازشـکردن لە سەر مەسەلە سـەرەکییەکان، یاخود گەڕانەوە بۆ توندووتیژی کە هیچ لایـەك لەعێراقدا لەگەڵ ڕێگاچارەی دووەمدا نییە، ئێمە توانیوومانە سـەرکەوتووبین لـەوەی تا رادەیەکی گەورە بارودۆخەکە سـەقامگیربکەین و ئێمە خوازیاری پاراسـتن و درێژەپێدانی ئەم سـەقامگیریەن، لەبەر ئـەوە هەم ئیدارەکەی سـەرۆك بۆش و هەم ئیدارەکەی ئۆباما فشـار لە سەر لایەنە عێراقییەکان دەکەن بۆ ئەوەی پێکەوەکاربکەن.

*** ئایا ئایندەی پەیوەندیەکانی کورد و ئەمەریکا چۆن دەبینیت لە سـایەی ئیدارەکەی ئۆبامادا و ئایا پێشـبینی دەکەیت کە جۆزێف بایدنی جێگـری ئۆباما پلانەکەی بۆ عێراق جێبەجێ بکات؟**

- مـن پێم وایە پەیوەندییەکان بەهێـز دەبن و ئەوەی پەیوەندی بـە جێبەجێکردنی پلانەکەی بایدنـەوە هەبێت، ئەوا من ناتوانم پێشـبینی بکەن، لەبەر ئەوەی ئەوە بەشێك بوو لە هەڵمەتەکەی و هێشـتا وردەکارییەکانـی پلانەکەی دانەڕشـتووە و ئەوەش کارێکی زۆری دەوێت، بەڵام بایدن کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو ئاڕاستەیەی ئەمەریکا دەیگرێتەبەر لە سیاسەتەکانیدا.

**بایدن کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو ئاڕاستەیەی ئەمەریکا دەیگرێتەبەر لە سیاسەتەکانیدا**



ستیفن بیدل ئێستا ناوێکی نەناسراو نییە لە نێو میدیاکانی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەی چەندین جاری دیکە قسەی بۆ گوڵان کردووەو زۆر میدیای دیکەش لەسەر ئاستی عێراق وکوردستان دوای گوڵان دیمانەیان لەگەڵدا کردووە، بۆیە زۆر لەسەر ناساندنی بەخوێنەرمان ڕاناوەستین، لەساڵی ٢٠٠٦ کاتێك گوڵان بۆیەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق ئەم تۆژەرەی بە خوێنەرانی ناساند، هۆکارەکەی ئەوەبوو وتارەکەی بیدل بەناونیشانی ( کەسەیری بەغدا دەکەین سایگۆنمان بیردەکەوێتەوە) ناوەندەکانی توێژینەوەی لەئەمریکا هەژاند، بۆیە گۆڤاری بەناوبانگی فۆرین ئەفێرز مێزگردێکی بە ئامادەبوونی بیدل بۆ چەندین پسپۆڕ وتایبەتمەند لەسەر ئایندەی عێراق بە ناونیشانی (چی بکەین بۆ ئەوەی لە عێراقدا سەرکەوتوو بین ) واتە چیبکەین بۆ ئەوەی بەغدا نەبێتە سایگۆن، ئەوانەی بەشداربوون لەو مێزگردە دیارترینیان ( لاری دایمۆن راوێژکاری پێشووی بریمەر و لیسلی گلب سەرۆکی فەخری CFR و جەمیس دۆبینز، چەیم کۆفمان،ستفن بیدل) ئەم ناوانە هیچکامیان لای خوینەرانی گوڵان نەناسراونین لەبەر ئەوەی هەموویان چ بە قسەکردن یان بە نووسینی وتاری تایبەت بۆگوڵان بەشداریان کردوین.



بیدل لە دارشتن وپیادەکردنی SURGE وەك پسپۆر لەو ستراتیژە بەشداربووە و لە جێبەجێکرنی ئەم ستراتیژەشدا چەند مانگێك لەبەغدا راوێژکاری تایبەتی ژەنراڵ داڤید پەتریوس بووە و دەکرێت بەیەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ستراتیژیەتی SURGE ی دابنێن، ئێستاش لەمەسەلەی ڕێککەوتنی ئەمنی نیوان ئەمریکا وعێراق یەکێکە لە دارێژەرانی ڕێککەوتنەکە SOFA و دواین وتاریان کە یەك دوومانگ پێش ئێستا لەگەڵ کینس پۆلاك و مایکل ئۆهالۆن بڵاویانکردەوە و هەردوو بەرێزیش پۆلاك و ئۆهالۆن پێشتر لەسەر ئەو وتارە قسەیان بۆ گوڵان کرووە، بە بنەمای ئەو ڕێککەوتنە دادەنرێت. بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستاو هاوکات سەردانەکەی سەرۆك بارزانیش بۆ ئەمریکا و بۆ ئەم ژمارەیە ستیفن بیدل بەمجۆرە جارێکی دیکە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

### ستیفن بیدل توێژەری باڵای سیاسەتی بەرگری لە CFRبۆ گوڵان:

# سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ئەمریکا بۆ بونیادی دۆستایەتی نەبوو بەڵکو بۆ دوپاتکردنەوەی دۆستایەتی بوو

*** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەمەریکای کرد و لەگەڵ سەرۆك بۆش و بەرپرسە باڵاکانی دیکەی ئەمەریکادا دا کۆببووەوە ،ئایا ئەم سەردان و کۆبوونەوانە لە ئاستی سیاسیدا تا چ رادەیەك کاریگەری دەبێت لە پەیوەندیەکانی نێوان ئەمەریکا و کوردستان؟**

- بە دڵنیاییەوە کاریگەری باشی هەبوو، هاوسۆزییەکی زۆر هەیە لە لایەن ئەمەریکیەکانەوە بۆ کوردەکان، هەروەها دووپاتکردنەوەی ئەو ئیعجابە بوو کە بەو ئاسایش و گەشەکردنە ئابوورییەی کە کوردستان بەدەستی هێناوە، ئەمە دروستکردنەوەی دۆستایەتی نەبوو، ئەمە دوپاتکردنەوەی ئەو دۆستایەتییە بوو. مەسەلەکە ئەوە نیە ئایا ئەمەریکا پشتگیری لە کوردستانێکی سەقامگیر و گەشەکردوو دەکات، چونکە گومان لەمەدا نییە، بەڵام مەسەلەکە ئەوە ئایا گرووپە جیاوازەکانی عێراق دەتوانن بگەنە هەڵوێستێکی هاوبەش لە ئاست گەیشتن بەو ڕێککەوتنە ئەمنییەدا کە دەرفەت بە ئەمەریکییەکان بدات یارمەتی عیراق بدات.

تێڕوانینی زۆربەی ئەمەریکییەکان ئەوەیە کە دەبێت عێراق لەگەڵ خۆی و لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بگاتە ڕێککەوتن بە چەشنێك ببێتە هۆی هێنانەدی سەقامگیری لە وڵاتەکەدا، ئەمە پێویست بە سازشکردن دەکات لە لایەن تێکرای لایەنە عێراقییەکانەوە، لە نێویاندا کوردەکان، واتە دەبێت هەموو

لایەك بڕیاری ســەخت و دژوار بدەن. راســتە ئێمە پشتگیری لە کوردســتان دەکەین و بە ئیعجابــەوە لێی دەڕوانین، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە پشــتگیری لە هەموو داخوازییەکی کوردەکان دەکەین، لەبەر ئەوەی دەرئەنجامەکە ناسەقامگیری دەبێت، هەموو لایەك دەبێت سازش بکەن ئەگەر خوازیاری ئەوەن عێراق سەقامگیر بێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی تێکرای عێراقییەکان دەبێت.

***کوردســتان و تورکیا دوو هاوپەیمانی ئەمەریکان لە ناوچەکەدا، ئایا وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت بە چ شــێوەیەك پشتگیری لە بەرەو پێشبردنی پەیوەندی نێوان ئەم دوو هاوپەیمانەیدا بکات لە کاتێکدا کە هەندێ جار و گرفت و ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست دەبێت؟**

- یەکێك لەو کارانــەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت پێی هەڵبســتێت هــاوکاری کردنی ئەمەریکا و کوردســتانە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك بۆ کێشەکانی نێوانیان بە تایبەتی کێشەی پەکەکە، کاتێك باس لە بڕیار و سازشــی سەخت دەکەم، مەبەستم ئەوەیە کە کوردستان هەوڵەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشــەکانی پەکەکە بۆ ســەر تورکیا، ئەمە کێشــەیەکی زۆر جیدییە و پێویستی بە سازشکردن هەیە لە لایەن کوردەکان، تورکیا و حکومەتی ئەمەریکاوە.

*** ئەی سەبارەت بە ئۆباما کەپێشتر رایگەیاندبوو هەوڵی سازدانی کۆبوونەوەیەکــی لوتکە دەدات لە نێوان ســەرکردەکانی تورکیا و کوردســتاندا بۆ ئەوەی هەردوو بگەنە رێککەوتن و سازش لەگەڵ یەکتردا، ئایا پێت وایە پابەند دەبێت بە بەڵێنەکانییەوە؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە، لەبەر ئەوەی ئۆباما باوەڕی بە گفتوگۆی چەندقۆڵی هەیە بۆ چارەســەرکردنی کێشــەکان و لەم پێناوەشدا هەوڵی جیدی دەخاتەگەڕ، کە من پێمولیە لەو گفتوگۆیانەشــدا دەبێت هەموو لایەك ســازش بکەن، نــەك لایەنێکی دیاری کراو تێکرای داواکارییەکانی بەدەست بهێنێت.

* عێراق بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و پرۆسەی سیاسی لە مەترسیدایە، چۆن دەکرێت عێراق لەم قەیرانە رزگاربکرێت؟

- راستە عێراق بە ساتەوەختێکی هەستیار و مەترسیداردا تێدەپەڕێت و ئەگــەر گرووپە جیاوازەکانی عێراق تەنها بایەخ بە بەرژەوەندی بەرتەسکەکانی خۆیان بدەن، ئەوا مەترسییەکی راستەقینە لە ئارادایە بۆ ئەوەی عێراق هەرەس بهێنێت و دووبارە شــەڕ هەڵبگیرسێتەوە. کاتــی ئەوە هاتووە کە سیاسییەکانی عێــراق و خەڵکی عێراق بڕیــار بدەن کە لە پێنــاوی بەرژەوەندییەکانی تێکرای وڵاتەکەدا کاردەکەن و بەرژەوەندییە بەرتەســکەکانی خۆیان لەبەرچاو ناگرن، ئەمە بڕیارێکی ســەختە بۆ هەموو لایەك، ئەمە ســاتەوەختێکی یەکلاکەرەوەیە بە تایبەتی کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی و گفتوگۆکانی رێککەوتنە ئەمنییەکە لە ئارادایە و عێراقییەکان دەتوانن وڵاتەکەیان بخەنە ســەر رێگای ئاشتی و سەقامگیری و گەشەکردن، یاخود بەپێچەوانەوە عێراق بــەرەو شــەڕ و لێکتــرازان دەڕوات ئەگەر هــەر گرووپێك تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاو بگرێت.

*** رێککەوتنامــە ئەمنییەکــە بۆتە گرفتی ســەرەکی لە نێوان ئەمەریــکا و عێراقدا، لێکدانەوە و خوێندنــەوەی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

پێمولیە شەرمەزارییەکی گەورەیە ئەگەر تێکرای ئەو قوربانییانەی لەم ســاڵانەی دواییدا دران بە هۆی شکســتهێنانی رێککەوتنە ئەمنییەکەوە لەدەســت بچن، پێویســتییەکی بــەردەوام هەیە بە هاوکاری نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و حکومەتی عێراق و مانــەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقــدا، لەبەر ئەوە ئەگەر هەوڵەکانی گەیشــتن بەو رێککەوتنە شکســت بهێنن ئەوا ئەمە دەبێتە کارەســاتێکی گەورە، بەشــێوەیەکی گشتی دژوارییەکانی گەیشتن بەو رێککەوتنە مایەی نائومێدییەکی گەورەن بۆ من.

*** ئایا ئیدارەکەی باراك ئۆباما گۆڕانکاری بەســەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا دەهێنێت، بەتایبەتی لە ئاست عێراقدا؟**

مەســەلەکانی زیاتر دەوەستێتە ســەر بڕیار و رەفتارەکانی لایەنی عێراقــی. من پێمولیە ئەگەرچی ئیــدارەی ئۆباما زیاتر مەیلی کەمکردنەوەی ئاستی هێزەکانی هەبێت بە رەوتێکی خێراتر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پابەندە بە هێشتنەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو هێزانــە بۆ ماوەیەکی دووردرێژ لــە عێراقدا. لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ئۆباما باســی لە کشاندنەوەی یەکە گەورەکانی ســوپای ئەمەریکا کــرد لە عێراقدا کە ئەرکی شــەڕکردنیان لە ئەســتۆ بوو لە ماوەی ١٦ی مانگدا، بــەڵام هێزەکانی دیکەی ســوپای ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێننەوە کە رەنگە ژمارەیان دەیان هەزار بێت کە ئەرکی مەشــقپێکردنی هێــزە ئەمنییەکانی عێراق و دابینکردنی یارمەتی لۆجیســتی و ئەرکەکانی دیکە دەبێت، بە تێڕوانینی من هێشــتنەوەی ئەم هێزە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ پاراســتن و درێژەدان بەو ســەقامگیرییەی کە ماوەی ســاڵ و نیوێکە هاتۆتەدی، بەڵام مەســەلەکە دەوەســتێتە سەر پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا کە ئایا دەتوانێت ئەو رێککەوتنە بهێنێتەدی کە دەرفەتمان دەدات بۆ ئەوەی ئەو ســەقامگیرییە دابین بکەین. ئــەم رێککەوتنەش هەمان ئەو بایەخەی بۆ ئۆباما دەبێت کە لای سەرۆك بۆش هەیەتی.

***ئایا نابێــت حکومەتی عێراقــی ئەم هەڵوێســتەی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێت؟**

- بە دڵنیاییــەوە، بە بێ گومان دەبێت هەڵوێســت و تێڕوانینی کوردەکانیش لەبەرچاو بگیرێت، هەروەك چۆن دەبێت بیروبۆچوونی گرووپــە جیاوازەکانی دیکەش رەچاوبکرێــت، روانگەی من بۆ رێککەوتنەکە نزیکە لە بۆچونی هەندێ لە کوردەکانەوە دەربارەی رێککەوتنــە ئەمنییەکە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هاوســەنگییەك لە نێــوان بۆچونە جیاوازەکاندا بهێننەدی و پردی پەیوەندی لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا دروستبکرێت.

بەڵام بیرباوەڕی شەخســی من ئەوەیە کــە دامەزراندنی بنکەی ســەربازی بە تەنیا لە کوردســتاندا هیچ ســوودێکی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکا نابێــت و ئەگەرێکــی زۆر دوورە سەرۆکی ئەمەریکا رازی بێت بەجێگیرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە کوردســتاندا لە کاتێکدا حکومەتــی مەرکەزی عێراق داوای کشــانەوەی ئەو هێزانــە دەکات لە وڵاتەکــەدا، دەبێت تێکرای عێراقییەکان بگەنە هەڵوێســتێکی هاوبەش لە ئاست رێککەوتنە ئەمنییەکەدا، زۆر زۆر زەحمەتە سەرەڕای بەرهەڵستی حکومەتی ناوەندی ئەمەریکا هەڵبســتێت بە جێگیرکردنــی هێز و بنکەی سەربازی لە کوردستاندا.

**دەبێت عێراق لەگەڵ خۆی و لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بگاتە رێککەوتن بە چەشنێك ببێتە هۆی هێنانەدی سەقامگیری لە وڵاتەکەدا**

**هەموو لایەك دەبێت سازش بکەن ئەگەر خوازیاری ئەوەن عێراق سەقامگیر بێت**




**کوردستان هەوڵەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی پەکەکە بۆ سەر تورکیا، ئەمە کێشەیەکی زۆر جیدییە و پێویستی بە سازشکردن هەیە لە لایەن کوردەکان**

**ئەگەرێکی زۆر دوورە سەرۆکی ئەمەریکا رازی بێت بەجێگیرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە کوردستاندا لە کاتێکدا حکومەتی مەرکەزی عێراق داوای کشانەوەی ئەو هێزانە دەکات لە وڵاتەکەدا**



# ئۆباما سیاسەتی لە بوش جیاواز دەبێت بەڵام سەرکەوتنەکان دەپارێزێت

رۆبەرت گیتس وەزیری بەرگری ئیدارەی ئۆبامایە.
پاڵێوراوەکان وەزارەتی دەرەوە:
١- جۆن کیری
٢- سام نون
٣- چاک هاگڵ

سەرۆکی ٤ ساڵی داهاتووی کۆشکی سپی باراك ئۆبامایە، بەڵام سەرۆکێکی بەهێز بە زۆرینەی کۆنگرێسیشەوە، هەربۆیە هەموو چاودێران لەو باوەڕەدان کە بەئیدارەیەکی بەهێز و بڕیاری بوێرانە دەست بەکاردەبێت، هەروەها ئۆباما کە سەرقاڵی دەسنیشانکردنی کابینەی تازەیە پێدەچێت رۆبەرت گیتس وەزیری بەرگری ئێستا و ژەنراڵ دێڤید پەتریۆس لە شوێنی خۆی بهێڵێتەوە، بەپێی مەزندەکانی رویتەرییش کاندیدی یەکەم بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە جۆن کیرییە کە لە ساڵی ٢٠٠٤ کاندیدی دیموکراتییەکان بووە بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمریکا و دوای ئەویش سیناتۆر سام نون SAM NUNN کە پێشتر لە ئەنجوومەنی سەنات سەرۆکی لیژنەی خزمەتی سەربازی بووە و پالێوراوێکی دیکەش سیناتۆر چاك هاگڵ chuck Hagel کەئەندام لیژنەی پەیوەنییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی سەنات بووە . ئەم دوو پۆستە کە رەسمی سیاسەتی دەرەوە و بەرگری ئەمەریکا دەکات دەبینین ئۆباما لە ئێستا حسابی زۆر وردی بۆ دەکات و دەیەوێت پشت بەو کەسانە ببەستێت کە خاوەنی ئەزمونێکی گەورەن، ئەمەش تاڕادەیەك رەنگدانەوەی هەڵسەنگاندنی جۆزیف بایدنی پێوە دیارە، کە بێگومان هەردوو سیاسەتی دەرەوە و بەرگری لە سیاسەتی ئیدارەی بوش جیادەبێت، بەڵام ئەو سەرکەوتنانەی بەدیهاتوون دەیانپارێزێت.



**کارل کۆنێتا بەڕێوەبەری PDA بۆ گوڵان:**

# ئۆباما بیر لەزیادکردنی هێز بۆ ئەفغانستان دەکاتەوە ئەمەش پێویستی بە کەمکردنەوەی هێزەکانی لە عێراق دەبێت



**کارل کۆنێتا بەڕیوەبەری سەنتەری پرۆژەی ئەلتەرناتیڤی بەرگرییە (Project on Defense Alternatives (PDA)) تۆژەریشە لە ئامۆژگای بەرگری و چەکداماڵین و ماوەی ٣ ساڵیش سەرنوسەری گۆڤاری بەرگری و بەدیلی چەکداماڵین و کۆنترۆڵی چەك بووە(journal Defense and Disarmament Alternatives، and the Arms Control Reporter) و ئێستا وەك شرۆڤە وانێکی بەرگری لەسەر ئاستی میاکانی جیهان ناسراوە و بۆ مانەوە یان پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکاش لە عێراق کارل ئەو شرۆڤەوانەیە کە لەسەرئاستی جیهان میاکان پەیوەندی پێوەدەکەن، بۆ هەڵسەنگان و تاوتوێکردنی سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەسەر ئاینەی عێراق وکورستان پەیوەندیمان بە کارل کۆنیتا کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گولان خستە روو.**

***پێدەچێت بارە قورسەکەی عێراق بکەوێتە ئەستۆی ئیدارەکەی ئۆباما، بەتایبەتی کە ئێستا حکومەتی عێراق ئامادەباشی تێدا نییە ئەو رێککەوتنە ئیمزا بکات، بەڵام کورد پشتگیری لێدەکات، ئایا ئیدارەی ئۆباما چۆن لەگەڵ ئەم دۆسیێ گرنگە مامەڵە دەکات ؟**

- من ئەوە دەزانم کە حکومەتی کوردستان پێشوازی لە جێگیرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات لەو هەرێمەدا ئەگەر نەتوانرا رێککەوتننە ئەمنییەکە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی وڵاتەکەدا ئیمزا بکرێت. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئیدارەکەی ئۆباما هەڵوێستی چی دەبێت، هەروەك ئۆباما رایگەیاندووە هەوڵی کەمکردنەوەی ئاستی هێزەکان دەدات لە عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە تا ئاستێك ئەو هێزانە کەم دەکرێنەوە، من پێموایە کەمکردنەوەی ئەو هێزانە بە رێژەیەکی کەمترە لەوەی پێشبینی دەکرێت، من باوەڕم وایە ئۆباما لەگەڵ هێشتنەوەی ٦٠،٠٠٠ بۆ ٧٠،٠٠٠ سەربازدایە و بەشێکی بچووکی ئەم هێزە ئەرکی شەڕکردنیان پێ دەسپێردرێت، واتە سەرەڕای لێدوانەکانی پێشتری ئۆباما ئەوا هێشتا یەکەی جەنگاوەری سوپای ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێننەوە بۆ پاراستنی پرۆژەکانی بنیاتنانەوە و باڵێوزخانەی ئەمەریکا و بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم، کە دەکرێت لێکدانەوەی فراوان بۆ ئەمەی دواییان بکرێت. کێشەکە ئەوەیە ئەگەر نەتوانرا بگەینە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا لە سەر ئەو بناغە یاساییەی کە بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا رێك دەخات، ئایا ئۆباما ئامادە دەبێت هێزەکان لە کوردستاندا جێگیر بکات، من پێموایە ئەمە مایەی گیروگرفتێکی گەورەیە لەبەر ئەوەی بە دەستێوەردان لە قەڵەم دەدرێت و بەو شێوەیە لێك دەدرێتەوە کە ئەمە هەنگاوێکی زیاترە بۆ دابەشکردنی عێراق، لەبەر ئەوە باشترین رێگاچارە ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت لەگەڵ پەرلەمانی عێراقیدا بگەینە رێککەوتن لەم رووەوە.

*** ئایا دەتوانرێت لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا بکرێت، لە کاتێکدا جیاوازیەکان زۆر زۆرن؟**

- جیاوازیە سەرەکییەکان بریتیە لە ئازادی هەڵسوڕان و بزاوتی سەربازە ئەمریکیەکان لە عێراقدا، واتە ئاست و رادەی ئەو ئازادیە و ماوەی ئەو ئازادیە چەندە، کێشەکە ئەوەیە کە ئەو بەرەوپێشچوون و کۆدەنگیەی لە نێوان بەرپرسەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەردوولادا هەیە لە دەسەڵاتی یاسادانانداندا رەنگی نەداتەوە، بۆ نموونە، لە پەرلەمانی عێراقدا. گفتوگۆکان پەیوەستن بە هێنانەدی بناغەیەکی یاسای بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کە ئەمەش بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد کێشەکە لە سەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان و پەرلەماندایە، لەبەر ئەوەی لە سەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەتوانین بگەینە رێککەوتن.

*** ئایا ئیدارەکەی باراك ئۆباما گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا دەهێنێت، بە تایبەتی لە ئاست عێراقدا؟**

- بە دڵنیاییەوە جیاوازی دەبێت لەبەر ئەوەی ئۆباما پتر

**ئۆباما لەگەڵ هێشتنەوەی ٦٠،٠٠٠ بۆ ٧٠،٠٠٠ سەربازدایە و بەشێکی بچووکی ئەم هێزە ئەرکی شەڕکردنیان پێ دەسپێردرێت، واتە سەرەڕای لێدوانەکانی پێشتری ئۆباما ئەوا هێشتا یەکەی جەنگاوەری سوپای ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێننەوە بۆ پاراستنی پرۆژەکانی بنیاتنانەوە و باڵێوزخانەی ئەمەریکا و بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم**

لەسەر ئەفغانستان و زیادکردنی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکاتەوە لەو وڵاتەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژواریەکان، بەڵام ئەمەش پێویستی بە کەمکردنەوەی ئاستی هێزەکانی ئەمەریکا هەیە لە عێراقدا کە ئۆباما خوازیارە بە گرتنەبەری هەوڵ و کۆششی دیبلۆماسی بتوانێت بارودۆخەکە بەرەوپێش ببات بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم ئامانجە بهێنێتەدی. هەروەها ئۆباما تا رادەیەك لە هەڵوێستەکەی خۆی پاشەکشەی کرد و رایگەیاند کە هەلومەرجی سەر ئەرزی واقیع لەبەرچاو دەگرێت، لەبەر ئەوە لە لایەکەوە دەرئەنجامەکان پەیوەستن بە پلان و بڕیارەکانی ئۆباماوە لە لایەکی دیکەوە پەیوەستن بەو هەلومەرجەوە کە دێتەپێش و سەرهەڵدەدات.

سەبارەت بە عێراقیش بەڵێ بە دڵنیاییەوە گۆڕانکاری دەبینین، لەبەر ئەوەی کشاندنەوەی هێزەکان بە رێژەیەکی گەورە و بەرچاو پێوستە بە هێنانەدی بەرەوپێشچوون دەکات لەسەر ئاستی دیبلۆماسی، ئەمەش نەك رێکخستنی پەیوەندیە ناوخۆییەکانی عێراق دەگرێتەوە، بەڵکو پێوستە بە باشترکردنی پەیوەندیەکانی عێراق دەکات لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکاندا. لەبەر ئەوە من پێم وایە پابەندبوونێکی قوڵی دەبێت بە گرتنەبەری هەوڵ و کۆششی دیبلۆماسی بەهێز. ستراتیژیەتەکەی ئیدارەی ئۆباما بریتی دەبێت لە بەرەوپێشبردنی سەقامگیری لە بارودۆخی عێراقدا بە چەشنێك بتوانین جەخت لەسەر هەوڵەکانمان بکەینەوە لە ئەفغانستاندا، بەڵام نابێت کشاندنەوەی هێزەکان لە عێراقدا ببێتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەك کە هێزەکانی دیکە پڕی بکەنەوە. سروشتی کاری دیبلۆماسی بە شێوەیەکە کە ئەگەر خوازیاری ئەوەیت خەڵکی بە ئاڕاستەیەکی ئیجابیدا بڕۆن ئەوا دەبێت پاڵنەریان بۆ بخولقێنێت، بەو پێیە مەسەلەکە ئەوەیە ئایا پشت بە دیبلۆماسیەتی تەقلیدی دەبەستیت یاخود پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز دەبەیت، کە من پێم وایە ئیدارەکەی ئۆباما پتر پەنا بۆ گرتنەبەری هەوڵ و کۆششی دیبلۆماسی دەبات بۆ هێنانەدی بەرەوپێشچون و چەسپاندنی سەقامگیری.

**ستراتیژیەتەکەی ئیدارەی ئۆباما بریتی دەبێت لە بەرەوپێشبردنی سەقامگیری لە بارودۆخی عێراقدا بە چەشنێک بتوانین جەخت لەسەر هەوڵەکانمان بکەینەوە لە ئەفغانستاندا**

***ئێوە بایەخێکی تایبەتی بە سەقامگیرکردنی عێراق دەدەن، ئایا بەرای ئێوە ئیدارەی اهاتوو چۆن سەیری سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە لە عێراقدا دەکات؟**

- من پێم وایە دەبێت لەم ساتەوەختەدا بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر ئاستی سیاسی بکرێتەوە، هەروەها دەبێت بایەخ بە هێنانەدی رێککەوتنێکی ئیقلیمی بدەین، بۆ نموونە ئومێدی ئەوە هەیە کە گرتنبەری هەڵوێستێکی جیاوازتر لەگەڵ ئێراندا ببێتە هۆی هێنانەدی بەرەوپێشچوون لەو بەرەیەدا و پیادەکردنی دیبلۆماسییەتێکی تەقلیدی ببێتە هۆی هێنانەدی هاوکاری لەگەڵ تێکڕای لایەنەکاندا، من پێموایە دەبێت لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکانی عێراقدا هەمان شێواز بگرینەبەر و هەوڵی هێنانەدی کۆدەنگیەك بدەین بۆ ئەوەی ئەم دەوڵاتە رۆڵێکی باش ببنین لە بارودۆخی عێراقدا، بۆ نموونە تورکیا و ئێران چالاکن، سوریا رۆڵێکی گەورە دەبینێت و ژمارەیەکی گەورەی پەنابەرانی عێراقی لەو وڵاتەدان، سعودیە دەتوانێت رۆڵێکی گەورە هەیە بە تایبەتی بە هۆی ئەو داراییە زۆرەی لە بەردەستیدایە.

**کێشەی سەرەکی لە عێراقدا کێشەی سەربازی نییە، بەڵکو کێشەی سیاسییە. دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی قەرەبوکردنەوەی ئەو لایەنانە بدات کە هەست دەکەن لە سازشە سیاسییەکەدا دۆڕان**

واتە دەبێت شێوازێکی بنیاتنەر بگرینەبەر لەگەڵ ئەم گەمەکارە ئیقلیمیانەدا. ئەگەر بەم شێوەیە کاربکەین ئەوا دەتوانین ئاشتەوای سیاسی و رێککەوتن لە نێو گروپە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا بهێنینەدی کە حاڵی حازر ناتوانین ئەم ئامانجە بهێنینەدی. من ئومێدەوارم کە پتر جەخت لەسەر ئاستی سیاسی بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی کێشەی سەرەکی لە عێراقدا کێشەی سەربازی نییە، بەڵکو کێشەی سیاسییە. دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی قەرەبوکردنەوەی ئەو لایەنانە بدات کە هەست دەکەن لە سازشە سیاسییەکەدا دۆڕان، بە چەشنێك هەموو لایەك هەست بکەن براوەن، ئەمە سروشتی کاری دیبلۆماسییە لە سیاسەتدا. من پێموایە ئەگەر بتوانین کێشەی سیاسی چارەسەر بکەین، ئەوا کێشەی سەربازی دەبێتە کێشەیەکی لاوەکی. هەرچییەك رووبدات ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاریگەریەکی زۆری دەبێت لە سەر رەوتی روداوەکان. ئەوەی پەیوەندی بە ئایندەی کوردستانەوە هەبێت ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستەوستان ناوەستێت کاتێك رووداوەکانی عێراق بەو شێوەیە بەرەپێشبچن کە ببنە هەڕەشە بۆ سەر کوردستان، ئەمە روونادات. لە ئەمەریکا تەقدیری ئەو راستییە دەکرێت کە بیروبۆچوونەکانی ئەمەریکا لەگەڵ بیروبۆچوونی سەرکردەکانی کورددا لێك نزیکن بۆ ئایندەی عێراق، بە پێچەوانەی بیروباوەڕ و تێڕوانینی سوننە و شیعەکانەوە، لەبەر ئەوە من لەو باوەڕەدانیم کە ئەمەریکا دەست لە بارودۆخەکە هەڵبگرێت، ئەمە رونادات.

*** ئایا پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەمەریکا بە شێوەیەك لە شێوەکان یارمەتی کوردەکان بدات، یان ئایا هەڵوێستی ئیدارەی اهاتوو بگۆرێت؟**



- هەوڵ و کۆششـــێکی زۆر هەیە بۆ ئاشناکردنی ئۆباما و ستافەکەی بە بەرەوپێشچوونی رۆژانەی رووداوەکان لە عێراقدا بۆ ئەوەی بەردەوامیەك هەبێت لەو هەوڵ و رێ و شوێنانەی دەگیرێنەبەر لەو وڵاتەدا، بۆ نموونە هەوڵدەدرێت بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ژەنەراڵ پەتریۆس و وەزیری ئێستای بەرگری لە پۆستەکانی خۆیاندا بمێننەوە.

سـەبارەت بە کوردسـتانیش ئەگـەر بارودۆخێکـی پڕ لە ناکۆکی سـەرهەڵبدات ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شـێوەیەك لە شـێوەکان کاردانەوەی دەبێت، هەرچەندە من ئومێدەوارم کە بارودۆخەکە بە ئاقارەدا نەڕوات. بەڵام من پێم وایە کوردستان لە پێگەیەکی باش و بەهێز و سەقامگیریدایە بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق و ئەمەریکا رێگا بە تێکچوونی ئەمە نادات. بەڵام هەروەك پێشـتر ئاماژەم پێکرد وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵناسـتێت بە کشاندنەوەی هێزەکانـی لە ناوچەکانـی دیکەی عێراقدا بـۆ ئەوەی لە کوردستاندا جێگیریان بکات، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئەمەریکا بەو شـێوەیە دەردەکەوێت کە پاڵپشتی لە دابەشکردنی عێراق دەکات، ئەمەش سیاسەتی ئەمەریکا نییە. لێرەدا دەمەوێت دو خاڵ روون بکەمەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەمەریکا هێزەکانی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا پاشەکشە پێناکات بۆ ئەوەی لە کوردسـتاندا جێگیریان بکات، دووهەمیان ئەمەریکا تێکڕای هێزەکانی لە عێراق ناکشـێنێتەوە و کوردەکان و دۆستەکانی دیکـەی لە عێراقدا جێناهێڵێت بۆ ئەوەی خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن، چونکە ئەمە دژ و پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایە، ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەمەریکا هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی دەدات و لەم پێناوەشدا ئێمە بایەخ بە ئایندەی عێراق دەدەین. ئێمە هەوڵ دەدەین پشتگیری لەو کەسانە بکەین کە ئامانجی هاوبەشمان هەیە لەگەڵیاندا.




***ئەی سەبارەت بە رۆڵی ئیارەی داهاتوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان،پێت وایە ئیدارەی ئۆباما جدی دەبێت؟**

- تورکیا دەتوانێت رۆڵی ئیجابی ببینێت لە سەقامگیرکردنی بارودخـی عێراقـدا، لە لایەکـی دیکەوە تورکیـا هەوڵی بەدەسـتهێنانی ئەندامێتـی یەکێتـی ئەورووپـا دەدات و ئەمەریکاش دەتوانێت لەم رووەوە هاوکاری تورکیا بکات کە لە بەرامبەردا ئەمەریکاش رەنگە داوای هاوکاری تورکیا بکات بۆ باشـترکردنی بارودۆخەکە لە عێراقدا. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دووبـارە پەنا دەبەینەوەبەر گرتنبەری دیبلۆماسـیەتی تەقلیدی، لەبەر ئەوەی ئیدارەکەی سەرۆك بۆش سیاسەتێکی گرتەبەر کە بریتی بوو لەوەی یان لەگەڵ ئێمەی یان لە دژی ئێمەیـت ئەمەش دەبێتە هۆی دوورخسـتنەوەی لایەنەکانی دیکە، بۆ نموونە لە سـەرەتای شەڕەکەی ئەمەریکا لە دژی عێراق تورکیا هـاوکاری ئەمەریکای نەکرد، من پێموایە بە شـێوەیەکی گشـتی گرتنەبەری دیبلۆماسیەت کاریگەری باشـی دەبێت. لەبەر ئەوەی لە دیبلۆماسیەتدا رێسای نوێ بـۆ گەمەکە دادەنرێـت، بۆ نموونە وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت بە شێوەیەکی لە شێوەکان بە هۆی هەوڵە دیبلۆماسـییەکانەوە هاوکاری دەوڵەتە دراوسێکان بکات و لە بەرامبەریشدا داوای هاوکاریان لێبکات بۆ سەقامگیرکردن و باشـترکردنی هەل و مەرجی عێراق. لەبەر ئەوە مانگەکانی داهاتوو دەبنە تاقیکردنەوەیەکی راسـتەقینە بۆ سەرکەوتنی هەوڵە دیبلۆماسـییەکان لـە بەرامبەر گرتنبـەری هێز و سـەپاندندا، واتە دەبێتـە تاقیکردنەوەیەکی راسـتەقینە بۆ ئیدارەکەی ئۆباما.

*** دوا وتەت چیە بۆ گۆڤارەکەمان؟**

- ئەوە ئاشـکرایە کە گروپە جیـاوازەکان ترس و نیگەرانی تایبەتـی بە خۆیان هەیە و لەم روانگەیەوە هەوڵی بەهێزکردن و قایمکردنـی پێگـەی خۆیان دەدەن کـە ئەمەش زۆرجار سەردەکێشیت بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی گرژی و ناکۆکی، ئەگەرچی هەندێ جار بێ سەرهەڵدانی ناکۆکی روودەدات. بەڵام گرنگە ئەوەیە گروپە جیاوازەکان گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا بکـەن و ئاڵ و گـۆڕی بیرو را بکـەن و نەرمی بنوێنن و داواکارییەکانی یەکتری لەبەرچاو بگرن، گرنگە ئەو گروپانە هەسـت بکەن لە بەرامبەر دەسـت هەڵگرتنیـان لە هەندێ دەسـتکەوت و داواکاری قەرەبودەکرێنەوە و دەسـتکەوتێکی دیکە بەدەسـت دەهێنن، ئەمە سروشتی کاری دیبلۆماسییە، دەبێـت هەمو لایەنەکان بە روحیەتە کاربکەن و ئەم شـێوازە براگماتییە بگرنەبەر، ئەمەریـکاش دەتوانێت وەك ناوبژیوان رۆڵ ببینێت، بۆ نموونـە کوردەکان دەتوانن داوای زەمانەتی ئەمنی لە ئەمەریکییەکان بکەن لە بەرامبەر سازشکردنیاندا لە هەندێ رووەوە.

کوردستان لە پێگەیەکی باش و بەهێز و سەقامگیریدایە بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق و ئەمەریکا رێگا بە تێکچوونی ئەمە نادات

هەوڵدەدرێت بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ژەنەراڵ پەتریۆس و وەزیری ئێستای بەرگری لە پۆستەکانی خۆیاندا بمێننەوە

ئیڤان ئیلاند بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسەتی بەرگری لە ئامۆژگای کاتۆ بۆ گوڵان:

# باراک ئۆباما خوازیاری ئەوەیە ئاستی تێوەگلان و پابەندبوونەکانی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا کەم بکاتەوە



**پرۆفیسۆر ئیڤان ئیلاند بەڕێوەبەری دیراساتی بەرگرییە لە ئامۆژگای کاتۆ و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوە و بەرگری ئەمەریکا و بەردەوامیش لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا وەک واشنتۆن تایمز و نیویۆرک تایمز و یوئێس ئەی تودەی بۆچوونەکانی بڵاودەکاتەوە، ئیڤان لەسەردۆسیی عێراقیش تایبەتمەندە و وەک یەکێک لە تۆژەرە دیارەکانی ئەمەریکا ئاماژەی بۆ دەکرێت، لەبەر شارەزایی پسپۆڕیشی لە سیاسەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمەریکا بە پێویستمان زانی سەبارەت بەسیاسەتی دەرەوەی داهاتووی ئەمەریکا پەیوەندی پێوە بکەین و بەرپرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئایا ئیدارەی ئۆباما چ گۆڕانکارییەك لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؟**

-من پێموایە فشارێکی زۆر دەکرێت لە سەر دیموکراتەکان بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦دا کاتێك دیموکراتەکان باڵادەستبوون لە کۆنگرێسدا، نەیانتوانی بەڵێنەکانی خۆیان بهێننەدی بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، بەڵام من پێموایە ئۆباما بەشێوەیەکی سروشتی مەیلی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکای هەیە بە ڕەوتێکی خێرا، ئەگەرچی ئاستی هێزەکان لە عێراقدا نایەتە سفر، لەبەر ئەوەی کشانەوەی یەکجاری کاتێکەی زۆر دەوێت، هەر بۆیە فشارەکانی ڕای گشتی ئەمەریکا روو لە زیادبوون دەبن لەسەر دیموکراتەکان بۆ پاشەکشەپێکردنی هێزەکان لە عێراقدا، بەتایبەتی کە بە پێی ئەو ڕاپرسیانەی کراون دەرئەنجامەکان دەری دەخەن کە دوو لە سەر سێی خەڵکی ئەمەریکا باوەڕیان وایە شەڕی ئەمەریکا دژی عێراق شەڕێکی هەڵەبووە.

***ئایا لەو باوەڕدایت کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بیر لە دانانی بنکەیەکی سەربازی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە**

- ڕەنگە مەیلێکی لەم شێوەیە هەبێت، بەڵام من هیوادارم کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کارێکی لەم چەشنە نەکات، لەبەر ئەوەی پێویستە ئەمەریکا لە تێکڕای عێراق بکشێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەمەریکا چەندین بنکەی سەربازی دیکەی لە ناوچەکەدا هەیە، هەروەها فڕۆکەهەڵگر و کەشتی هەیە لە کەنداوی فارسدا کە دەتوانێت ئەو کەنداوە کۆنترۆڵ بکات، لە لایەکی دیکەوە دەتوانێت بنکەی ئاسمانی لە تورکیادا بەکاربهێنێت، لەبەر ئەوە من لەو باوەڕە دانیم ئەمەریکا پێویستی بە بنیاتنانی بنکەی سەربازی زیاتر هەبێت تەنانەت ئەگەر ئەم بنکانە لە کوردستانیشدا جێگیر بکرێن. ئێمە لەو هۆکارانە تێدەگەین کە کوردستان پێشوازی لە جێگیرکردنی بنکەی سەربازی و هێزی سەربازی ئەمەریکی دەکات لە عێراقدا، بەڵام ئەمە سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی گرفت و ناکۆکی لەگەڵ تورکیای هاوپەیمانی ئەمەریکادا.

***لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو ئەوە دەرکەوت کە عێراقییەکان بە خواستی خۆیان حەزناکەن پێکەوە بژین، ئایا ئیدارەی داهاتوو بیر لە ڕێگەچارەی دیکە دەکاتەوە؟**

-ئەمە یەکێکە لەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دابەشبووەکان دەبێتەوە کە هەندێ جار هەڵوێستی حکومەت هاوشان نییە بە هەڵوێست و تێڕوانینی هەندێ لە گرووپەکانی کۆمەڵگە، ڕەنگە یەکێك لە چارەسەرەکان بە نامەرکەزیکردنی عێراق بێت، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا لە جێگیرکردنی بنکەی سەربازی هەمیشەییدا جگە لە کوردستان، ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاڵۆزی دەبێتەوە چونکە سوننە و شیعەکان ڕایان گەیاندووە کە ئەمە پێچەوانەوەی سەروەری وڵاتەکەیە و ئەوان داگیرکاری دەرەکی ڕەت دەکەنەوە و خوازیاری ئەوەن کە خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن، هەروەها داوایان کردووە ئەگەر سەربازە ئەمریکییەکان لە دەرەوەی بنکەکانیان و لە دەرەوەی ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا یاساشکێنیان کرد ئەوا دەبێت لە دادگاکانی عێراقدا دادگای بکرێن، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر زەحمەتە، کە هەموو ئەمانە ئاستەنگ بۆ هاوکاری سەربازی و جێگیرکردنی بنەکەی سەربازی لە عێراقدا دروست دەکەن لە مەودای دووردا.

●●●
**ئۆباما بەشێوەیەکی سروشتی مەیلی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکای هەیە بە ڕەوتێکی خێرا، ئەگەرچی ئاستی هێزەکان لە عێراقدا نایەتە سفر، لەبەر ئەوەی کشانەوەی یەکجاری کاتێکەی زۆر دەوێت**
●●●

●●●
**لەبەر ئەوە من لەو باوەڕە دانیم ئەمەریکا پێویستی بە بنیاتنانی بنکەی سەربازی زیاتر هەبێت تەنانەت ئەگەر ئەم بنکانە لە کوردستانیشدا جێگیر بکرێن**
●●●

**ئایا پێشبینی ئەوە دەكرێت ئەمەریكا بە شێوەیەك لە شێوەكان یارمەتی كورد بدات؟**

- ئەگەر وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بنكەی سەربازی لەو هەرێمەدا جێگیربكات، ئەوا بە دڵنیاییەوە پشتگیریان دەكات، بەڵام كێشەكە ئەوەیە كە ئەمەریكا خوازیاری ئەوەیە كەمتر لە كاروباری عێراقەوە تێوەبگلێت و رەنگە بەرژەوەندییەكانی كورد و ئەمەریكییەكانیش یەك نەگرنەوە لەم رووەوە. من پێموایە باشترین چارەسەر ئەوەیە كە عێراق بە نامەركەزی بكرێت و هیچ گرفتێكیش لەوەدانییە كە كوردستان خاوەنی ئۆتۆنۆمی بێت، كە كوردەكانیش خوازیاری ئەوەن و بگرە خوازیاری سەربەخۆییشن، بەڵام رەنگە نەتوانن ئەمە بهێننەدی لەم هەلومەرجەدا، بەڵام كوردەكان بە هەڵەدا دەچن ئەگەر پشت بە زەماناتی ئەمنی لە لایەن ئەمەریكا ببەستن، لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەمەریكا وەك پێویست بەرگری لە هاوپەیمانەكانی ناكات، بۆ نموونە وەك ئەوەی لە جۆرجیا روویدا، واتە دەكرێت هەمان شت دووبارە ببێتەوە لەگەڵ توركیادا كە توركیا باڵادەستییەكی ئاشكرای هەیە، بەو پێیە نابێت كوردەكان پشت بە زەماناتی ئەمنی ئەمەریكا ببەستن. سەبارەت بەهەڵوێستی ئیدارەی داهاتووش لەسەر بنكەی سەربازی، من باوەڕناكەم ئیدارەی داهاتوو بە سەرۆكایەتی ئۆباما بە پێشنیارێكی لەم چەشنە رازی بێت، لەبەر ئەوەی باراك ئۆباما خوازیاری ئەوەی ئاستی تێوەگلان و پابەندبوونەكانی ئەمەریكا لە ئاستی عێراقدا كەم بكاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمەریكا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەلقاعیدە، یان لەبەر هەر هۆكارێكی دیكە بێت بنكەی سەربازی لە كوردستاندا دابنێت، ئەوا ئەمە دەبێتە دەستڕۆیشتوویەك بۆ كوردەكان و ئەوان بەكاری دەهێنن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەكانی خۆیان، بەتایبەتی كە هەستێكی دۆستانە هەیە لە ناو كوردەكاندا لە ئاست ئەمەریكادا.




**بەڵام پێشتر ئۆباما و بایدینیش هەم لەسەر ئاستی عێراق و هەم لەسەر ئاستی ناوچەكەش پەیامێكیان هەبووە بۆ چارەسەری كێشەكان رۆڵێكی ئیجابی بگێرن بە تایبەتی بۆ چارەسەری كێشەكانی نێوان توركیا وهەرێمی كوردستان، ئایا كە لە ٢٠٠٩/١/٢٠ هاتنە دەسەڵات بەم بەڵێنانە پابەند دەبن ؟**

- بیرۆكەیەكی باشە ئەگەر ئۆباما بە كارێكی لەم چەشنە هەڵبستێت لەبەر ئەوەی كوردەكان دەتوانن هاوكاری ئەمەریكا بن لە عێراقدا و توركیاش وڵاتێكی بەهێز و خاوەن سوپایەكی بەهێزە، بەڵام نابێت كوردەكان پێشبینی ئەوە بكەن كە بە دابڕاوی لە بەرژەوەندییەكانی عێراق لە بەرژەوەندی ئەوان دەڕوانرێت و دەبێت ئەوە بزانن كە دەتوانن لە رێی عێراقەوە ئامانجەكانی خۆیان بهێننەدی، بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد بیرۆكەیەكی باش دەبێت ئەگەر ئۆباما ئەم كارە بكات و ئەگەری زۆریش هەیە بیكات.

**بەرای تۆ ئیدارەی داهاتوو چۆن دەتوانێت عێراق لەم قەیرانە رزگار بكات؟**

- من پێموایە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا توانیویەتی لە مەودای كورتدا بەرەوپێشچوون لە بارودۆخەكەدا بهێنێتەدی، بەڵام لە سەر حسابی سەقامگیری لە مەودای دووردا، ئەمەریكا هەڵسا بە دروستكردن و مەشقپێكردن و دابینكردنی دارایی بۆ میلیشیاكانی ئەنجوومەنەكانی سەحوە كە سوننەن، ئەمەریكا پێشتر ئەم كارەی لەگەڵ كوردەكان و حكومەتی شیعەكاندا كرد، كە من لەو باوەڕەدانیم ئەمە چارەسەری كێشەكان بكات، بە تێڕوانینی من چارەسەركردنی كێشەكە بریتییە لە بەنامەركەزی كردنی دەسەڵات لە عێراقدا زیاتر لەوەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە، واتە ئۆتۆنۆمی راستەقینە بدرێت بە ناوچە جیاوازەكان، بەڵام دەبێت كێڵگە نەوتییەكان دابەش بكرێن، من پێشبینی ناكەم عێراق بە یەكگرتوویی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە كوردەكان خوازیاری ئەوە نین بەشێك بن لە عێراق، هەروەها شیعەكان و تەنانەت بەشێك لە سوننەكانیش، من پێموایە لە كۆتاییدا عێراق دابەش دەبێت، یان بە شێوەیەكی ئاشتیانە یاخود بە هۆی شەڕەوە، ئیدارەكەی سەرۆك بۆش بارودۆخەكەی راگرتووە تاوەكو هێزەكانی ئەمەریكا ئەو وڵاتە جێدەهێڵن، بەڵام بارودۆخەكە لە مەودای دووردا ئاڵۆز دەبێت.

**ئەگەر وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بنكەی سەربازی لەو هەرێمەدا جێگیربكات، ئەوا بە دڵنیاییەوە پشتگیریان دەكات، بەڵام كێشەكە ئەوەیە كە ئەمەریكا خوازیاری ئەوەیە كەمتر لە كاروباری عێراقەوە تێوەبگلێت**

**چارەسەركردنی كێشەكە بریتییە لە بەنامەركەزی كردنی دەسەڵات لە عێراقدا زیاتر لەوەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە، واتە ئۆتۆنۆمی راستەقینە بدرێت بە ناوچە جیاوازەكان، من پێشبینی ناكەم عێراق بە یەكگرتوویی بمێنێتەوە**



# ڕێککەوتنی ئەمـ
# واشنتۆن و بەغدای لەیـ

●●●
**نەهەرێمی کوردستان هێزەکانی ئەمەریکا وەک داگیرکار سەیردەکات نەهێزەکانی ئەمەریکاش کوردستان وەک داگیرکراو سەیردەکەن**
●●●

کێشـــە و ئاڵۆزییەکانی نێوان بەغدا و واشنتۆن لەســـەر ئەو ڕێککەوتننە ئەمنییەی نێوان حکومەتی ئەمەریکا و عێراق، کۆمەڵێك کێشـــەن کە زۆر زەحمەتە بە ئاسانی چارەسەر بکرێن و بگەنە ڕێککەوتن لەسەری، ئەمەش لەبـــەر ئەوەیە کە حکومەتی عێراق ئەو باردۆخەی تیای دەژی وەك خۆی لەبەرچاوی ناگرێت، دەیەوێت خۆی لەو راســـتیە گێل بکات کە هێزەکانی ئەمەریکا بە قوربانیدان عێراقیان داگیرکردووەو رژێمی ســـەدام حوسێنیان رووخاندووە، ئەو هێز و لایەنانەی ئەمڕۆ داوای ســـەروەریی عێراق دەکەن، هەموویان لە ژێر ســـێبەری هێزەکانی ئەمەریکا و بەژێر لولەی دەبابەکانی ئەمەریکا گەراونەتەوە بۆ عێراق و هەر لە نێو کیسە خۆلەکانی گرین زۆن و بە پاسەوانی هێزەکانی ئەمەریکا بوونە حاکمی عێراق، کەواتە دەبێت ئەو راستییە پێشێل نەکرێت کە ئەوان لەسایەی هێزێکی داگیرکاردا حکومەتییان بوونیادناوە و هەڵبژاردنیان کردووە و ئەو بڕە ئارمی و ئاسایشـــەی هاتۆتە ئاراشەوە هەر هێزی داگیرکار دابینی کردووە، لەساڵی ٢٠٠٣ یش کە هێزی ئەمەریـــکا هاتە عێراق بەناوی پرۆســـەی ئازادی عێراق هات، بەڵام هەر هێزە سیاســـییە عەرەبییەکانی عێراق پشـــتگیری ئەوەیان کرد کەبێت وەك هێزێکـــی داگیرکەر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەموو لایەکیش بەوە رازی بوون، هەربۆیە کاتێك حکومەتی عێراق دەیەوێت خۆی لەم راستییە لابدات و بە ئاراســـتەیەکی دیکە باردۆخەکە تەفســـیر بکات، بێگومان ئاکامی لێکتێنەگەیشتن و ئاستەنگ دروستکردنی لێدەکەوێتەوە.

بێگومان ئەم حاڵەتە بۆ هەرێمی کوردستان جیاوازە، راستە ئێستا پێمان دەڵێن هەرێمی کوردستان بەبێ رەزامەندی بەغدا بۆی نییە رەزامەندی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بدات، ئەوا هەر بۆ بیرهێنانەوە خراپ نییە پێیان بڵێن، هەرێمی کوردســـتان ئیزنی لە بەغدا وەرنەگرتووە کـــە بۆتە هاوپەیمانی ئەمەریکاو لە ئۆپەراســـیۆنی ئازادی عێراقیشدا (کە کورستان تەنها بەشی عێراقە ئەو مافەی هەبێت بەو ئۆپەراســـیۆنە بڵێت ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێـــراق) و، هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمەریکاو دەوڵەتی ئەمری واقیع لە ریزی هاوپەیمانەکاندا حســـابی بۆکـــراوە، هێزەکانی ئەمەریکا ئەگەر داوا بکەن لە کوردستان بمێننەوە، بێگومان حکومەتی ئەمەریکاش ئەو داوایە لە هەولێر ناکات، بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی نەبێت لەحاڵەتی ســـەرپێچیدا لەسەربازەکانی ئەمەریکا بپێچێتەوە، ئەمەش لەبەر تەنها یەك هۆکاری سادەیە، نەهەرێمی کوردستان هێزەکانی ئەمەریکا وەك داگیرکار ســـەیردەکات نەهێزەکانی ئەمەریکاش کورستان وەك داگیرکراو سەیردەکەن، بەڵام ئەم بۆ چوونە لە بەغداو شـــارەکانی دیکەی عێراق جێبەجی نابێت، ئینجا بەغدا پێی خۆش بیت یان پێی ناخۆش بێت ئەوە واقیعە و کەســـیش ناتوانێت خۆی لە واقیع بێئاگا بکات.

ئەوانەی داوا دەکەن هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق وەك پۆلیســـی عێراقی فەرمان لە حکومەتی عێراق وەربگرن وئەگەر سەرپێچیەکیان کرد دادگای سەربازی عێراق دادگاییان بکات، ئەوا هەر لەرێوە مانەوەی ئەو هێزانە بە لۆژیکی ئێســـتای حکومەت و پەرلەمانی عێراق تاوانە و دەبێت دادگایی بکرێن،.

کەواتە ئێســـتای حکومەتی عێراق حاڵەتێکی شـــازە، نە حاڵەتی ســـەدام حوســـێنە کە لەشەری یەکەمی کەنداو شـــەری دۆراند ولەژێر چارەکەی ســـەفوان ڕێککەوتننامـــەی دۆڕاندنی ئیمزاکرد، نـــە دەوڵەتانی قەتەر و عەرەبستانی سعودیەشـــە بەرێککەوتنی دولایەنە و بەپێی ئەو مەرجانەی پێش هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا هەردوو حکومەت لەسەری رێکدەکەون .

●●●
**حکومەتی ئێستای عێراق بەر لە هەمووشتێک بەوە رازی بووە لە ولاتێکی داگیرکراودا حکومەت دروست بکات و بەپێی یاسای داگیرکاریش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**
●●●



حکومەتی ئێستای عێراق بەر لە هەمووشتێك بەوە رازی بووە لە ولاتێکی داگیرکراودا حکومەت دروســـت بکات و بەپێی یاســـای داگیرکاریش لە کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، پاشـــان ئەو هێزانەی




# ...نی (SOFA)
# ...ـەكتری دوورخستۆتەوە

●●●
**رەشنوسی ئەم رێككەوتنەی دراوەتە هەردوو پاڵێوراو، هەردوولا ئۆباما و مەكین بەم رێككەوتنە رازیبوون و بەڵێنیانداوە هەركامیان ببنە سەرۆك پابەند دەبن بەو رێككەوتنە**
●●●

ئەمەریـــكا كە هاتونـــە عێراق ئەم حكومەتە بوونـــی نەبووە و حكومەتی پێشتریشیان رووخاندووە، بۆیە ســـەیرە هەندێك مەرج و مەرجكاری باسی لێوەدەكرێـــت، كە بێجگە لـــە خۆخافڵاندن هیچی دیكـــەی لێ بەئاكام نایەت.

هەر بۆنمونە، ستراتیژیەتی زیادكردنی هێز بۆ دابینكردنی سەقامگیری لە بەغدا و دروستكردنی ئەنجوومونی سەحوە لە ئەنبار و پاشان گواستنەوەی ئـــەم ئەزمونـــە بۆ تكریت و دیالە و موســـڵ و چەند شـــوێنێكی دیكە، ئەمانە هیچیان بەرنامەی حكومەتی عێراق نەبوون و تەنانەت لە قسەكانی پەتریۆس و كرۆكەریشـــدا لەبەردەم كۆنگرێس بە هیچ جۆرێك باسی رۆڵی حكومەتی عێراق نەكراوە، ســـەركەوتنیش ئەگەر بەدەســـت هاتبێت بۆ بۆ ژەنراڵ پەتریۆس لە قەڵەم دراوە و هەر ئەو ســـەركەوتنانەش بوو پەتریوسی لـــە فەرماندەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێـــراق بەرزكردەوە بۆ فەرماندەی هێزەكانـــی ئەمەریكا لە ناوچەكە، وێڕای هەموو ئەم راســـتیانەش كەچی حكومەتی عێراق و بەڕێز مالیكی هێندە بەو ســـەركەوتنانە غرور بووبوون خەریك بوو سەدام حوسێنێكی دیكە لە دژی كورد زیندو بكەنەوە .

ئێســـتا حكومەتی عێراق لە دووریانایە ســـەرۆك بوش بە دوو هەفتە پێش هەڵبژاردنەكانـــی ئەمەریـــكا و دوای ئەوەی لـــە رۆژی ١٠/١٩ /٢٠٠٨ ئەنجومەنی سیاســـیی ئاسایشـــی نیشتمانی عێراق پەســـەندی كردووە، رەشنوســـی ئەم رێككەوتنەی دراوەتە هەردوو پاڵێـــوراو، هەردوولا ئۆباما و مەكین بەم رێككەوتنە رازیبوون و بەڵێنیانداوە هەركامیان ببنە ســـەرۆك پابەند دەبن بەو رێككەوتنە، بۆیە ئەگەر هەندێك پێیان وایە دواخستنی ئەم رێككەوتنە بۆ ئیدارەی داهاتوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئۆباما وتووێژی لەسەر بكرێت، ئەوا ئەو رەشنوسەی ١٠/١٩ باراك ئۆباماش لەسەری رازی بووە، لەگەڵ ئەویشدا وتووێژی لەســـەر بكرێت ئەوا وەك ئەوە وایە هەر لەگەڵ ئیدارەی ئێستا وتووێژی لەسەر دەكرێت .

هەندێك لە ئەندام پەلەمان و كاربەدەستانی حكومەتی عێراق، هەر بۆئەوەی لەســـەر شاشـــەی تەلەڤزیۆن دەربچن و موزایەدەی سیاسی تۆمار بكەن، رەخنەكانیان پەیوەندی بە مەسەلەكەوە نییە، هەروەك چۆن ئیسرائیل خۆی لەكەرتی غەزە پاشەكشـــە دەكات حەماس پێی خۆشە بڵێت ئێمە غەزەمان ئـــازاد كردوو لە هێزەكانی ئیســـرائیل پاكمانكردەوە، عەبدولرەحمان راشـــد رۆژنامەنوسی بە ناوبانگی عەرەب زۆر باش لەم ئەقڵییەتە تێگەیشتووە،كە ئاســـتەنگەكانی عەرەب لە پرۆسەی ئاشـــتی و رێككەوتن زمانە، ئەوان حەزدەكەن بە زمانێك قسە بكەن كە بەرامبەر وەك دۆڕاو پیشانبدەن و ماف بە خۆشیان دەدەن لێیان قبوڵ بكرێت، هەر وەك چۆن مالیكی جێبەجێكردنی ستراتیژیەتی زیادكردنی هێزەكانی ئەمەریكا ی وەك بەرنامەی حكومەتی عێراق و بە ناوی پرۆســـەی ســـەپاندنی یاساوە راگەیاند و فەرماندەیەكی سەربازیشی بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە دەسنیشـــانكرد،لە كاتێكدا نەك هەر ئەو فەرماندە ســـەربازییەی كە مالیكی دەسنیشانی كرد توانای ئەوەی نەبوو پیتێك لە ستراتیژەكەی ئەمەریكا بگۆڕێت، بەڵكو مالیكیش تەنها لەسەر مەسەلەی سەحوە رای خۆیدا، خەریك بوو لە قاهیرە وە كودەتایەك رێكبخرێت و حكومەتی مالیكی بروخێنرێت .،ئەگەر هەڵوێستی هاوپەیمانی كوردستان نەبوایە ئێستا زۆر لەمێژ بوو ئەو حكومەتە رووخێنرابوو.

ئەمەریـــكا لە مالیكی قبوڵ دەكات لەســـەر حســـابی عێراقییەكان زمان بگۆرێت، بەڵام ئایا ئەمجارەش لەســـەر رێككەوتنی ئەمنی كە پەیوەستە بە چارەنووسی سەربازە ئەمەریكییەكانەوە ئەمە لە مالیكی قبوڵ دەكات؟ لەگەڵ ئەوەی وەڵامی ئەم پرســـیارە ئاسان نییە، بەڵام هەرچۆنێك تەفسیر و پاكانـــەی بۆ بهێنرێتەوە لە گرەوێكی سەرشـــێتانە و لە موغامەرەیەكی ناهاوسەنگ وترسناك دەچێت .

●●●
**عەبدولرەحمان راشد رۆژنامەنوسی بە ناوبانگی عەرەب زۆر باش لەم ئەقڵییەتە تێگەیشتووە،كە ئاستەنگەكانی عەرەب لە پرۆسەی ئاشتی و رێككەوتن زمانە، ئەوان حەزدەكەن بە زمانێك قسە بكەن كە بەرامبەر وەك دۆڕاو پیشانبدەن و ماف بە خۆشیان دەدەن لێیان قبوڵ بكرێت**
●●●



**دیڤید کۆرترایدسەرۆکی فۆرس فریدەم فۆرم بۆ گوڵان:**

# هێشتا لە عێراقدا مەترسی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی شەڕی ناوخۆ لە ئارادایە



■ ■ ■

**دیڤید کۆرتراید سەرۆکی فۆرس فریدەم هاوسە ( Fourth Freedom Forum) و توژەرە لەسەنتەری جۆن کرۆك بۆ دیراساتی ئاشتی نێودەوڵەتی و پسپۆرو تایبەتمەندیشە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، هەروەها چەندین کاری راوێژکاری بۆ ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە و هەروەها راوێژکاری وەزیری دەرەوەی کەندا و وەزیری دەرەوەی ژاپۆنیش بووە .لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆرتراید یەکێك بووە لەو کەسانەی کە هەڵمەتی کردووە بۆ ( بردنەوە بەبێ هاوپەیمانی بۆشەڕ وەك دژایەتیەك بۆ شەڕی عێراق) کۆرتراید یەکێك بووە لە نەیارانی شەڕی عێراق، سەبارەت بەئێستای سیاسەتی ئەمەریکا و عێراقی ٥ساڵ دوای ئەو شەڕە بەمجۆرە رایخۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

■ ■ ■

*** حاڵی حازر دوو شێوازی حکومڕانێتی کردن هەیە بۆ ئەوەی لە عێراقدا پیادە بکرێت، یەکەمیان جێگیرکردنی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بە چەشنی ئەوەی لە رابردوودا هەبوو، لە نێویاندا رژێمی سەددام حوسێن، دووەمیان ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستان، وەك هەرێمێکی فیدراڵی، ئایا پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەمەریکا هەنگاو بۆ جێگیرکردنی فیدارڵیزم بنێت و بنیاتنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز فەرامۆش بکات؟**

من پێم وایە دوای سەرکەوتنی ئۆباما، هەڵدەستێت بە کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا و یارمەتی عێراقییەکان دەدات بۆ ئەوەی حکومەتێکی سەقامگیر پێك بهێنن. لە راستیدا من پێموایە لە هەموو حاڵەتەکاندا هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە، لەبەر ئەوەی پشتگیرییەکی بەهێز هەیە لە ناو خەڵکی ئەمەریکادا بۆ پاشەکشەپێکردنی ئەو هێزانە و دەرفەتدان بە عێراقییەکان بۆ ئەوەی بە هەوڵ و کۆششەکانی خۆیان جیاوازییەکانیان چارەسەر بکەن.

من نازانم ئیدارەی داهاتوو چ سیاسەتێك دەگرێتەبەر لەم رووەوە، بەڵام راسپاردەی من ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رێز لە ویستی خەڵکی عێراق بگرێت و من ئەوەش دەزانم دەستووری عێراق باس لە پێکهێنانی هەرێمە بەهێزەکان و گرتنبەری بونیادێکی فیدراڵی دەکات، کە من پێموایە پێویستە ئەم شێوازە پیادە بکرێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەمەریکا مۆدێلێکی دیاری کراو بەسەر عێراقییەکاندا نەسەپێنێت و پشتگیری لەو چارسەرە بکات کە عێراقییەکان لەسەری رێکدەکەون، بەڵام دەبێت ئەو پشتگیرییە پشتگیرییەکی سیاسی بێت نەك سەربازی.

*** کێشەکە لە عێراقدا ئەوەیە کە سەقامگیری سیاسی نییە و پێکهاتەکانی عێراق ناتوانن پێکەوە کاربکەن، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتیوانی لە حکومەتی مالیکی دەکات بە شێوەیەکی کە ئەم حکومەتە بەرەو حکومەتێکی دیکتاتۆری دەچێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەمەریکا خوازیاری گەڕانەوەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری نییە لە عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین رێگە لە گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بگرین؟**

- ئەوە مەترسییەکی راستەقینەیە و هەمیشە ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ و درێژەکێشانی توندوتیژی لە ئارادایە. گرنگە ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری لەو دەرئەنجامە بکات کە لە بەرژەوەندی عێراقییەکانە، نەك ئەمەریکا، پشتگیری لەو رێککەوتنە بکات کە لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا دێتەدی دەربارەی ئەو بونیادەی بە گونجاوی دەزانن بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتەکەیاندا کە دەبێتە هۆی هێنانەدی گەشەسەندنی وڵاتەکە، لەبەر ئەوەی ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت خەڵکی عێراق خۆیی بڕیاری لەسەر بدات، نەك ئەمەریکا.

*** عێراقییەکان خوازیاری ئەوەن کە چەند هەرێمێکی بەهێز و حکومەتێکی مەرکەزیان هەبێت کە دەسەڵاتەکان سنوورداربن، بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەی ناسەقامگیری و هەڕەشە بۆ سەر خەڵکی وڵاتەکە و دەوڵەتە دراوسێکانی، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری لەم خواستەی عێراقییەکان ناکات؟**

- هاوڕام لەگەڵ لێکدانەوەی ئێوەدا کە عێراق پێویستی بە پێکهێنانی هەرێمەکان هەیە کە کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن و پەیوەندی باشیان لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا هەبێت و عێراق پێویستی بە دەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێزی دیکتاتۆری نییە. ئەمەریکا پێکهێنانی دەوڵەتێکی مەرکەزی پێ باشترە. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم ئەوا ئەمەریکا خوازیاری کۆنترۆڵکردنی ئایندەی عێراق، ئێمە لە سەرەتاوە بانگەشەی پشتگیری کردنی دیموکراسیمان کرد لە عێراقدا، بەڵام ئەمەریکا خوازیاری پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بوو کە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وڵاتەکە و بڕیارە سیاسییەکان بکات. هیچ نهێنیەك لەوەدا نییە کە ئەمەریکا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئایندەی عێراقیدا و لەم رووەوە پشتگیری لە پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی کرد بۆ ئەوەی ئەو حکومەتە کۆنترۆڵ بکات، هەروەها یەکێکی دیکە لە ئامانجەکان بریتی بوو لە ئیحیتواکردنی ئێران لە رووی سەربازییەوە، لە گەڵ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە نەوتییەکانی ناوچەکەدا، ئەمەش ئەجێندایەکی ئیمپریالییە کاتێك هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە نەوتییەکانی ناوچەکە بدەیت و تا ئەمەریکا دەست لەم ئەجێندایە هەڵنەگرێت، ئەوا کێشەکان درێژە دەکێشن. ئەمەریکا بە هەمان شێوە لە گەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا رەفتاری کرد و هیچ ئەزموونێکی نییە لە گەڵ پێکهێنانی سیستمی فیدراڵی و هەرێمەکاندا. بەڵام ئەمەریکا هەڵسا بە رووخاندنی رژێمی سەددام و حاڵی حازر عێراقییەکان دەتوانن رۆڵیان هەبێت لە دیاریکردنی ئایندەی خۆیان و دەبێت ئەمەریکا

پشتگیری لەو بونیادە سیاسییە بکات کە عێراقییەکان لەسەری ڕێکدەکەون، نەك لە رووی سەربازییەوە، بەڵکو لە رووی ئابووری و دیبلۆماسییەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی بتوانێت سەقامگیری و گەشەسەندن بەدەست بهێنێت.

*** کێشەی عێراق تەنیا توندوتیژی و ناسەقامگیری نیە، بەڵکو ئەوەیە کە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە و عەرەبەکانیش ئەمە بە هەڕەشە لێك دەدەنەوە بۆ سەر ناسنامەی عێراق و لە رابردوودا پەنایان بۆ جینۆسایدکردنی کوردەکان برد و ئێستاش دژی مەسیحییەکان ئەم کارە دەکەن، چارسەری ئەمە حاڵەتە چۆن دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا فرەی سەرچاوەی هێزە نەك لاوازی؟**

- هەمیشە فەلسەفەی من ئەوەبووە کە بوونی لێبوردەیی و یەکترقبوڵکردن لە کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوە و فرە ئایندا سەرچاوەی هێزە، بەڵام کێشە و تەحەدداکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم لێبوردەییە بچەسپێنین، لەبەر ئەوەی ئەم کێشەیە لە ئەوروپا و ئەمەریکاشدا هەیە، بۆ نموونە لە هەندێ لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا بەشێك لە کۆمەڵگەکە دژی ئاوێتەبوونی موسڵمانەکانن لە کۆمەڵگەکەیاندا، یاخود لە ئەمەریکا هێشتا کێشەی دەمارگیری دژی ئەو ئەمەریکیانە هەیە کە بە ئەسڵ ئەفریقین. بەڵام جگە لە درێژەپێدانی سیاسەتی لیبوردەی و یەکترقبوڵکردن هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نییە.

*** کورد خۆیان لە دۆست و هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دادەنێن و بوونی کوردستانێك سەقامگیر و دیموکرات بە سەرکەوتن و دەستکەوت بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام ئەمەریکا هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەم ئاسایشەی کوردستان تێکەڵ بەو پشێوی و توندوتیژییەی بەشەکانی دیکەی عێراق بکات و دیموکراسییەکەشی تێکەڵ بەو پرۆسە سیاسییە شکستخواردووە بکات کە لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا هەوڵی پاراستنی ئەم هەریمە نادات؟**

- هەر لەساڵی ١٩٩١ەوە ئەمەریکا پشتگیری لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام ئایا بۆچی ئەمەریکا لە ئێستادا درێژە بە پشتوانیکردنی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی زیاتر ناکات بۆ کوردستان، من دڵنیانیم لە هۆکارەکەی، بەڵام ڕەنگە پەیوەست بێت بە پەیوەندی ئەمەریکا بە تورکیاوە کە تورکیاش دژی پێدانی ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتی زیاترە بە کوردستان. کوردستان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە من پێموایە دەبێت ئەمەریکا هاوکاریان بکات بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی زیاتر و دەبێت ئەمەریکا فشاربخاتە سەر لایەنەکانی بەغدا بۆ ئەوەی بوونی هەرێمەکان قبوڵ بکەن کە ئەم هەرێمانەش پێکەوە کاربکەن، بەڵام خاوەنی ئۆتۆنۆمییەکی گەورە بن لە بەڕێوبردنی کارەکانیاندا.

*** کوردستان خاوەنی حکومەتێکی هەرێمە، بەڵام ئەرکە سیادیەکان پیادە دەکات لە واقیعی عێراقدا، بۆ نموونە هەڵدەستێت بە پاراستنی سنووری عێراق لە گەڵ تورکیا و ئێراندا و لەم سیاقەدا خاوەنی پەیوەندی باشە لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا وەك پێویست پشتگیری کوردەکان ناکات؟**

- ڕەنگە بەشێك لە هۆکارەکە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەمەریکا خوازیاری پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزە کە لە ژێر دەستڕۆیشتووی خۆیدا بێت، بەڵام من پێموایە دەبێت ئەمەریکا ئەم مەسەلەیە بۆ عێراقییەکان جێبهێڵێت بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەن.

*** پێتوایە هێشتا سەردەمی ئەوە مابێت کە یەکگرتووی وڵاتێك بپارێزیت لە کاتێکدا شایستەی ئەوە نەبێت بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە؟**

- من هیوادارم ئەم حاڵەتەکە نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمەریکاش لە هەندێ حاڵەتدا پاڵپشتی جیابوونەوە و سەربەخۆی کردووە، بۆ نموونە پشتگیری لە ئۆتۆنۆمی و دواتر سەربەخۆیی کۆسۆڤۆی کرد کە پێشتر بەشێك بوو لە سربیا. ئێمە باس لە سەربەخۆی باکووری عێراق ناکەین، بەڵام هیچ هۆکارێك نییە ڕێگر بێت لە پشتگیری کردنی ئەمەریکا بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان، کە حاڵی حازر ئۆتۆنۆمی کوردستان واقیعەکە و بوونی هەیە.



●●●
**لە هەموو حاڵەتەکاندا هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە، لەبەر ئەوەی پشتگیرییەکی بەهێز هەیە لە ناو خەڵکی ئەمەریکادا بۆ پاشەکشە پێکردنی ئەو هێزانە و دەرفەتدان بە عێراقییەکان بۆ ئەوەی بە هەوڵ و کۆششەکانی خۆیان جیاوازییەکانیان چارەسەر بکەن**
●●●

●●●
**عێراق پێویستی بە پێکهێنانی هەرێمەکان هەیە کە کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن و پەیوەندی باشیان لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا هەبێت و عێراق پێویستی بە دەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێزی دیکتاتۆری نییە**
●●●

●●●
**بوونی لێبوردەیی و یەکترقبوڵکردن لە کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوە و فرە ئایندا سەرچاوەی هێزە، بەڵام کێشە و تەحەدداکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم لێبوردەییە بچەسپێنین**
●●●



پرۆفیسۆر ئەلێن وارنەر ئوستادی یاسای نێودەوڵەتیە لە زانکۆی ستانفۆر و پسپۆرو تایبەتمەندە لەیاسای پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەمەریکا و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشە نێوەوڵەتییەکان و بەشێوەیەکی تایبەتیش تایبەتمەندە لەسەر بارۆخی عێراق، بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ وەك راوێژكاری یاسای نێودەوڵەتی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا كاریكردووە و رێنمایی سەبارەت داوە بە بریارسازانی حكومەتی ئەمەریكا و بەشداری لە رێككەوتنامە نێودەوڵەتییەكان كردووە و وەك داواكاری گشتیش نوێنەرایەتی ئەمەریكای كردووە لە دادگای نێودەوڵەتی بۆ دادگایكردنی تاوانبارنی جەنگ لە یوگسلافیای پێشوو.

بۆ تاوتوكرنی مەسەلەی رێككەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئەمەریكاش پەیوەندیمان بە دەلێن واینەر كردو بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

**ئەلێن واینەر تایبەتمەند لە ئاسایشی نێودەوڵەتی و عێراق بۆ گوڵان:**

# ئەگەر ئەم رێككەوتنە لەگەڵ ئیدارەی ئێستای ئەمەریكادا ئیمزابكرێت لە لایەن ئیدارەی داهاتووەوە رێزی لێدەگیرێت

*** ئەمە یەكەمجار نییە كە وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا رێككەوتنامە لەگەڵ وڵاتێكی دیكەدا ئیمزا بكات، لەبەر ئەوەی پێشتر رێككەوتنامەی هاوشێوەی لەگەڵ وڵاتانی ئەڵمانیا، یابان و كۆریادا ئەنجام داوە، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە ئایا هەموو جارێك ئەمەریكا رووبەرووی هەمان دژواری بۆتەوە كە حاڵی حازر لەگەڵ عێراقدا روبەرووی بۆتەوە؟**

- وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ئەم رێككەوتنە ئەمنییەی هاوشێوەی لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتانی دیكەدا هەیە، ئەوەی نائاساییە ئەوەیە لە زۆربەی رێككەوتننامەكانی دیكەدا مەسەلەی سەرەكی بریتی نەبوو لە كۆنترۆڵكردنی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەكان، كە ئەمە حاڵەتەكەیە لەم رێككەوتننامەیەدا. مەسەلەیەكی دیكە ئەوەیە كاتێك گفتوگۆ لەگەڵ یابان و وڵاتە هاوپەیمانەكانی دیكەی ناتۆدا ئەنجام دەدرا، هەردوولا هاوڕابوون لەسەر مانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا بۆ ماوەیەكی دوروودرێژ، بەڵام لەم رێككەوتننامەیەدا هیچ لایەك خواستی جێگیركردنی هێزەكانی ئەمەریكایان نییە لە عێراقدا بۆ ماوەیەكی دوروودرێژ. لەبەر ئەوە لە رێككەوتنامەكانی دیكەدا ئەمەریكا دووچاری هەمان گیروگرفت نەدەبووەوە. مەسەلەی دیكەش هەیە وەك ئایا سەربازە ئەمەریكییەكان لە دادگاكانی عێراقدا دادگای دەكرێن، یان نا، ئەمانە كێشەگەلێكی قورسن، بەڵام چارەسەركردنیان زەحمەت نییە.

*** ئایا پێشبینی دەكەیت لە ماوەی ئیدارەی سەرۆك بۆشدا رێككەوتنامە ئەم نییەكە ئیمزا بكرێت؟**

- ئەمەریكا لە روانگەی خۆیەوە سازشی پێویستی كردووە بۆ ئەوەی ئەو رێككەوتننە بهێنرێتەدی، لەبەر ئەوە ئەم مەسەلەیە بۆ عێراقیەكان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بڕیاری لێبدەن كە داوای گۆڕانكاری و هەمواركردن دەكەن بۆ ئەوەی نیگەرانییەكانیان لەبەرچاو بگیرێت، من پێم وایە كاتی ئەوە هاتووە عێراقییەكان بڕیارێكی سیاسی سەخت بدەن لەم رووەوە، بەڵام ئایا لە كۆتاییدا عێراقییەكان ئەم رێككەوتنە ئیمزا دەكەن یان نا ئەوا ناتوانم پێشبینی بكەم.

ئەوەی روونە ئەوەیە كە ئەم رێككەوتنە پەیوەستە بە هەلومەرج و كاتی جێگیركردنی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا، ئەوەی مایەی تێگەیشتنە ئەوەیە كە عێراقییەكان باوەڕیان وایە ئەمە وڵاتە خۆیانە و دەبێت ئەوان كۆنترۆڵی كات و مەرجەكانی مانەوەی ئەو هێزانە بكەن. لە روانگەی ئەمەریكاوە مەسەلەكە بەو شێوەیەیە كە ئەمانە سەربازی ئێمەن و ئەوان ژیانیان دەخەنە مەترسییەوە، لەبەر ئەوە دەبێت لە لایەن حكومەتی ئەمەریكاوە كۆنترۆڵ بكرێن، بە باوەڕی من ئەمە ئەسڵی ئەو گرژییەیە كە لە نێوان ئەمەریكا و عێراقدا هەیە.

*** ئایا گۆڕانی ئیدارەی سەرۆك بۆش چ كاریگەریەكی لەسەر رێككەوتنامەكە دەبێت، یاخود ئەگەر ئەو رێككەوتنامەیە ئیمزاكرا، ئایا ئیدارەی داهاتوو هیچ گۆڕانكاریەك دەكات لە بڕگەكانیدا؟**

- ئەگەر ئەم رێككەوتنامە ئەمنییە لەگەڵ ئیدارەی ئێستای وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا ئیمزابكرێت، ئەوا لە لایەن ئیدارەی داهاتووە رێزی لێدەگیرێت، بەڵام ئەگەر ئیمزا نەكرا، ئەوا ئیدارەی داهاتوو بە مافی خۆی دەزانێت كە پێداچوونەوە بە بڕگەكانیدا بكات بە چەشنێك رێككەوتننامەكە رەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە بێت كە ئیدارەكە دەیگرێتەبەر.

*** حكومەتی لە هەڵوێستەكەیدا بۆ رەتكردنەوەی ئەم**



**ڕێککەوتنــە تەنها نوێنەرایەتی پارتی دەعوە و ســوننەکان دەکات، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی کوردســتانی پشــتگیری لەم ڕێککەوتنە دەکات، پرســیارەکە ئەوەیە بۆچی حکومەتی عێراقی هەڵوێستی بەشــێکی وڵاتەکە لەبەرچاو ناگرێت لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنامەیەدا؟**

- بــە تیروانینی من ئەمانە کێشــەگەلێکن هاوشــانن بە دیموکراسی، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانەی هەڵدەبژێردرێن دەبێت نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی ئەو کەســانە بکەن کە دەنگیان بــۆ داون، بەڵام لە لایەکی دیکــەوە دەبێت بەرژەوەندیەکانی تێکرای دانیشــتوانی وڵاتەکە لەبەرچاو بگرن، من پێم وایە ئەمە کێشەیەکە کە ڕەنگە پێویست بە چەند نەوەیەك بکات بۆ ئەوەی بتوانن چارەســەرێکی بۆ بدۆزنەوە، مەبەستم کێشەی نوێنەرایەتی کردنی ئەو کەســانەیە کــە دەنگیان بۆ داویت، لەگــەڵ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی تێکرای دانیشــتوانی وڵاتەکە.

*** لایەنێکی شــاردراوە هەیە لە کۆدەنگی نێوان ســوننە و شیعەکاندا لە ئاست کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادا، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ شــەڕی ناوخۆ، لەبەر ئەوەی لە کاتی بوونی ئەو هێزانەدا ناتوانن پەنا بۆ شــەڕ ببەن، ئایا هەڵوێســتی ئەمەریکا چی دەبێت، ئایا دەســت بە کشانەوەی هێزەکانی دەکات لە کاتێکدا ئەم کشــانەوەیە بــە مانای گەڕانەوەی شەڕی ناوخۆیە؟**

- بۆ ماوەیەکی دوردرێژ ســوننە و شــیعەکان دژی بوونی هێزەکانــی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بوونە لە عێراقدا، لەبــەر ئەوەی وەك هێزێکی داگیــرکار لێیان دەڕوانن، بەڵام من نازانم چ هۆکارگەلێکی دیکە هەیە بۆ خواســتی سوننە و شــیعەکان بۆ کشــانەوەی هێزەکانــی ئەمەریکا. بۆ من جێی سەرســوڕمانە ئەگەر شیعە و سوننەکان بیر لە دووبارە هەڵگیرســانەوەی شــەڕی ناوخۆی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەو شەڕەی پێشــتر ڕوویدا دەرئەنجامی خراپی بۆ هەردولا لێکەوتەوە و دووبارە بونەوەی ئەو شەڕەی لە بەرژەوەندی هیچ لایەکیاندا نییە.

*** ئێران دەستڕۆیشتوی خۆی لە عێراقدا بۆ دژایەتیکردنی ئەو ڕێککەوتنامەیە بەکاردەهێنێت، ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم هەڵوێســتەی ئێراندا دەکات؟**

- ئەمەریکا زۆرجار ڕوبەڕوی ئــەم حاڵەتە دەبێتەوە لەگەڵ دۆســتەکانیدا کاتێك کاریگەری و دەستڕۆیشتوی وڵاتانی دیکەیان لەســەر بێت. مەســەلە ســەرەکییەکە ئەوەیە ئەو ســەرکردانەی عێراق کە هەســت بە بەرپرســیارێتی دەکەن ئەو ڕاســتییە دەزانن کە مانەوەی هێزەکانــی ئەمەریکا لە عێراقدا خزمەت بە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی عێراق دەکات و ئەگەر دەست بە کشاندنەوەی پێشوەختەی ئەو هێزانە بکرێت ئەوا مەترسی ڕاســتەقینە لە ئارادا دەبێت بۆ ئەوەی هەل و مەرجەکــە بە ڕەوتێکی زۆر خــراپ تێکبچێت، بەڵام گرنگە ئەوەیە عێراقییەکان خۆیان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە چ شتێك لە بەرژەوەندی عێراقییەکاندایە، نەك لە بەرژەوەندی شیعە یا سوننە، یاخود کورددایە، ئەوەش ئاشکرایە کە پێشتر هەستی عێراقیبوون بەهێزتربوو وەك لەوەی ئێستا بەدی دەکەین. دەبێت ئەوەش ڕوون بێت کە هەمیشــە دەستڕۆیشتوی ئێران بەسەر عێراقەوە شتێکی بنیاتنەر نییە و هەمیشە بەرژەوەندییەکانی عێراق لەبەرچاو ناگیرێت لە لایەن ئێرانەوە.



**وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەو ڕێککەوتنە ئەمنییەی هاوشێوەی لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی دیکەدا هەیە، ئەوەی نائاسایییە ئەوەیە لە زۆربەی ڕێککەوتننامەکانی دیکەدا مەسەلەی سەرەکی بریتی نەبوو لە کۆنترۆڵکردنی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان**

**بۆ من جێی سەرسوڕمانە ئەگەر شیعە و سوننەکان بیر لە دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆیی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەو شەڕەی پێشتر ڕوویدا دەرئەنجامی خراپی بۆ هەردولا لێکەوتەوە**

**وەک لەوەی ئێستا بەدی دەکەین. دەبێت ئەوەش ڕوون بێت کە هەمیشە دەستڕۆیشتوی ئێران بەسەر عێراقەوە شتێکی بنیاتنەر نییە و هەمیشە بەرژەوەندییەکانی عێراق لەبەرچاو ناگیرێت لە لایەن ئێرانەوە**

**گاریس پۆرتەر دیبلۆمات و ڕۆژنامەنووس بۆ گوڵان:**

# پشتگیری ئەمەریکا حکومەتی مالیکی بەرەو دیکتاتۆری بردووە



**گاریس پۆرتەر دیبلۆماتی سەربەخۆیە و هەروەها ڕۆژنامەنووسیشە، تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا و بە کارهێنانی دیپلۆماتییەت بۆ کۆتایهینان یان خۆدورخستەوە لەشەر. لەساڵی ١٩٧٠-١٩٧١ پەیامنێری جەنگ بووە لە ڤێتنام و ڕۆژانە راپۆرتەکانی لە ڕۆژنامە گەورەکانی ئەمەریکا وەك واشنتۆن پۆست بڵاوکراوەتەوە..پۆتەر خاوەنی ٤ کتێبە و ئێستاش تۆژەر لە ئەنجوومەنی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و ئێران، سەبارەت بە سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لە عێراق و ئەگەری گۆڕانکارییەکان لە ئیدارەی داهاتوودا، گاریس پۆتەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

***ئایا گرفتە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا چین و چۆن چارەسەر دەکرێن؟**

- تێڕوانینی من لەسەر گرفتەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا گرێدراوە بەو گرفتانەی کە لە گەیشتن بە ڕێککەوتنە ئەمنییەکەدا سەریان هەڵداوە کە پێدەچێت هەموو ئامانجەکانی ئەمەریکا شکستیان پێهێنرابێت لەو ڕێککەوتنەدا و حاڵی حازر بوونی سەربازی ئەمەریکا لە عێراقدا کەوتۆتە ژێر گومانەوە. ئەمەش وامان لێدەکات پرسیار لە بارەی دەستڕۆیشتووی ئەمەریکا بکەین لە چەند مانگی داهاتوو لە عێراقدا. بەو پێیە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا شکستی هێناوە و ئەمەریکا نەیتوانیوە ئامانجەکانی بهێنێتەدی و پێناچێت بتوانێت ئەو ئامانجەش بهێنێتەدی کە بریتی بوو لە مانەوەیەکی سەربازی درێژخایەن لە عێراقدا.

*** بۆماوەی هەشتا ساڵ حوکمی مەرکەزی لە عێراق تاقیکرایەوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لە حوکمێکی دیکە بکرێتەوە؟**

- من دەزانم ئێوە ئاماژە بە پلانەکەی، یان پێشنیارەکەی بایدن دەکەن، بەڵام تێڕوانینی من هەرچییەك بێت لە بارەی پێکهێنانی حکومەتی مەرکەزی یاخود بە نامەرکەزی کردنی دەسەڵاتەوە، ئەوا من ئەوەندە دەڵێم کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستڕۆیشتووی ئەوەی نییە دەرئەنجامە دیاری بکات و ناتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەوەی ئایا چ شێوازێکی حکومڕانێتی لە عێراقدا پیادە دەکرێت، ئەمە مەسەلەیەکی دەبێت عێراقییەکان خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن.

***بەڵام ئەمەریکا پشتیوانی لە حکومەتی مالیکی دەکات بە شێوەیەکی کە ئەم حکومەتە بەرەو حکومەتێکی دیکتاتۆری دەچێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەمەریکا خوازیاری گەڕانەوەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری نییە لە عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین ڕێگە لە گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بگرین؟**

- من تەواو هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیریەکی بەهێزی مالیکی کردووە، هێزێکی سەربازی گەورەی خستۆتە ژێر دەستی و پتر دەستی ئاوەڵڵا کردووە. ڕەنگە ئەمەش بۆ پێویستی ئەمەریکا بگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتیەك بۆ ئەوەی شەڕی یاخیگەری سوننەکانی پێ بکات لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥دا، کە ئەو کاتە پشتی بە میلیشیا کوردی و شیعەکان بەست. کەواتە ڕاستە پشتگیری ئەمەریکا بۆتە هۆی بەهێزکردنی حکومەتی مالیکی کە شیعەکان بەسەریدا زاڵن، ئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ درێژەکێشانی ناکۆکییەکانی ئەم حکومەتە، بەتایبەتی لەگەڵ سوننەکاندا. بەو پێیە هەروەك ئێوەش ئاماژەی بۆ دەکەن ئەمە کێشەیەکی جیدیە و من لەوە باوەڕدانیم ئەمەریگا کاریگەریەکی زۆری هەبێت بۆ ئەوەی ئەم بارە پێچەوانە بکاتەوە. لەبەر ئەوەی سەنگی سیاسی و سەربازی ئەمەریکا لە عێراقدا بە ڕەوتێکی خێرا کەم دەبێتەوە و مالیکیش پتر سەربەخۆیە لە هەڵسوکەوتەکانیدا. ئەسڵی ئەم سیاسەتەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ پشتگیری کردن لە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بۆ پێویستی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥دا بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوونی سوننەکان، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە، بەتایبەتی کە زۆربەی سوننەکان دەستیان لە یاخیبوون هەڵگرتووە و بەشێوەیەکی سەرەکی چەکەکانیان دژی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بەکارهێنا، نەك ئەمەریکا. ئەمەش ئازادییەکی کارکردنی زیاتری بە حکومەتی مەرکەزی عێراق بەخشیوە بە سەرۆکایەتی مالیکی، بەو پێیە بووە هۆی گۆڕینی هاوسەنگییەکە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە. کەواتە بوونی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز چەندین لایەنی سلبی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر گرژی و ناکۆکی نێوان شیعە و سوننەکان لەبەرچاو بگرین، ئەمەش دەرئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە.

*** کێشەی عێراق تەنیا توندوتیژی و ناسەقامگیری نییە، بەڵکو ئەوەیە کە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینە و عەرەبەکانیش ئەمە بە هەڕەشە لێك دەدەنەوە بۆ سەر ناسنامەی عێراق و لە رابردوودا پەنایان بۆ جینۆسایدکردنی کوردەکان برد و ئێستاش دژی مەسیحییەکان ئەم کارە دەکەن، چارسەری ئەم حاڵەتە چۆن دەکرێت؟**

- من پێموایە کوردەکان پێگەیەکی باشی گفتوگۆکردنیان هەیە، بەهەمان شێوە سوونەکانیش کە دەتوانن هەڕەشەی گەڕانەوە بۆ چالاکی یاخیگەری بکەن. لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من دەبێت پەیوەندی نوێ لە نێوان گروپە ئیتنی و تایفییە جیاوازەکاندا بێتەدی ئەمەش بە هۆی گفتوگۆی نێوان ئەو پێکهاتانەوە بڕیاری لە سەر دەدرێت کە من پێموایە تا رادەیەکیش ڕەنگدانەوەی هاوسەنگی هێز دەبێت.

*** بەڵام کوردەکان خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دادەنێن و بوونی کوردستانێك سەقامگیر و دیموکرات بە سەرکەوتن و دەستکەوت بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام ئەمەریکا هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەم ئاسایشەی کوردستان تێکەڵ بەو پشێوی و توندوتیژییەی بەشەکانی دیکەی عێراق بکات و دیموکراسییەکەشی تێکەڵ بەو پرۆسە سیاسییە شکستخواردووە بکات کە لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا هەوڵی پاراستنی ئەم هەرێمە نادات؟**

- ئاشکرایە کە کوردستان و حکومەتی کوردستان بەهایەکی ستراتیجیان هەیە بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سیاقی عێراقدا، بەڵام گیروگرفتەکانی بەشەکانی دیکەی عێراق رەنگدانەوەیان هەبووە لە سەر سیاسەتی ئەمەریکا لەو ولاتەدا، زۆرجار یارمەتی و پەیوەندییە نزیکەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کوردەکاندا ناکۆك بووە لەگەڵ ئەو شێوازەی ئەمەریکا گرتوویەتییە بەر بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشە سیاسی و سەربازییەکانی بەشەکانی دیکەی عێراق، بۆ نموونە ئەمەریکا کوردەکانی بەکارهێنا بۆ سەرکوتکردنی سوننەکان و دواتر ناچاری کردن کە هاوکاری بکەن لە بنیاتنانەوەی سوپا و هێزە ئەمنییەکاندا کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا بوون، کە ئەمەش لە دژی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی کوردستان بوو.

*** راستە لە کوردستان حکومەتێکی هەرێمی هەیە بەڵام ئەم حکومەتە ئەرکە سیادیەکان پیادە دەکات لە واقیعی عێراقدا، بۆ نموونە هەڵدەستێت بە پاراستنی سنووری عێراق لەگەڵ تورکیا و ئێراندا و لەم سیاقەدا خاوەنی پەیوەندی باشە لەگەڵ ئەو دوو ولاتەدا، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا وەك پێویست پشتگیری کوردەکان ناکات؟**

- ئەوە مەسەلەیەکە جێی بایەخە، بە تێڕوانینی من کوردستان پێگەیەکی ستراتیجی هەیە کە دەکرێت لە لایەن ولاتە یەکگرتووەکانەوە سوودی لێ وەربگیرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە، لەبەر ئەوەی هەروەك ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ ئێران و تورکیا و هەروەها لەگەڵ ئەمەریکادا. بەڵام ئەمەریکا پتر سەرقاڵە بە ئامانجە کورتخایەنەکانەوە، وەك چەسپاندنی سەقامگیری لە ناوچەکانی سوونە و شیعەکانی عێراقدا و سیاسەتێکی دوورمەوداو ستراتیجی نییە لە عێراق. هەروەها ئەمەریکا هەوڵی هێنانەدی ئامانجەگەلێکی دیاری کراو دەدات کە مومکین نییە لە رووی سیاسییەوە، بۆ نموونە هێشتنەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە عێراقدا، ئەمەش مومکین نییە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەستی دژە داگیرکارییەی کە لە ناو عێراقییەکاندا هەیە.



*** پێتوایە هێشتا سەردەمی ئەوە مابێت کە یەکگرتوویی ولاتێك پارێزیت لە کاتێکدا شایستەی ئەوە نەبێت بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە؟**

-من ناتوانم حوکم لەسەر ئەوە بدەم کە ئایا پێویستە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، یاخود دابەش بێت، بەڵام هەموو لایەك بە ترس و نیگەرانییەوە لە ئەگەری دابەش بوونی عێراق دەڕوانن، لەبەر ئەوەی هاوشان دەبێت بە توندوتیژی بەتایبەتی لەبەر ئەوەی شیعە و سوننەکان بە توندی بەرهەڵستی سەربەخۆبوونی کوردستان دەکەن. ئەمەش مەسەلەیەکی پتر پەیوەستە بە هاوسەنگی هێزەوە لە نێوان ئەو هێزانەی بەرهەڵستی دابەشبوونی عێراق دەکەن لە بەرامبەر ئەو هێزانەی خوازیاری دابەشبوونی ولاتەکە نین. بۆنموونە ئایا هاوسەنگی هێزی سەربازی لە نێوان کوردەکان شیعەکاندا چۆنە؟ ئایا شیعە و سوننەکان دژی کوردەکان یەك دەگرن یان نا؟

**سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا شکستی هێناوە و ئەمەریکا نەیتوانیوە ئامانجەکانی بهێنێتەدی و پێناچێت بتوانێت ئەو ئامانجەش بهێنێتەدی کە بریتی بوو لە مانەوەیەکی سەربازی درێژخایەن لە عێراقدا**

**ئەم سیاسەتەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پشتگیری کردن لە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بۆ پێویستی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥دا بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوونی سوننەکان، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە**

**ئەمەریکا پتر سەرقاڵە بە ئامانجە کورتخایەنەکانەوە، وەك چەسپاندنی سەقامگیری لە ناوچەکانی سوونە و شیعەکانی عێراقدا و سیاسەتێکی دوورمەوداو ستراتیجی نییە لە عێراق**

**مارك ریگستاد شرۆڤەوانی سیاسیی و تایبەتمەند لەسەر عێراق بۆ گوڵان:**

# ئەگەری ئیمزاکردنی SOFA زۆر دوورە تەنها کورد ئەمەریکا بە رزگارکەر دادەنێت



**پرۆفیسۆر مارك ریگستاد ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئۆکلاند و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و شارەزایە لەسەر باردۆخی کوردستان، هەوەها ریگستاد لەبواری کاری ئەکادیمش تایبەتمەندە لە بوارەکانی فەلسەفەی سیاسەت و فەلسەفەی یاسای نێودەوڵەتی و، یەکێکە لەو شرۆڤەوانانەی کە راستگۆیانە و دوور لە کاریگەری سیاسی بارۆخەکە هەڵدەسەنگێنێت، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و ئەگەری رێککەوتنی نێوان عێراق و ئەمەریکاو ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا و ریگستاد بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری.**

***کەباسی سۆفا یان رێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق وئەمریکا دەکرێت، ئەگەری ئیمزا نەکردن لەئەگەری ئیمزاکردن زیارتە، ئایا لای تۆش هەروا سەیر ەکرێت؟**

-لەم قۆناغەدا ناسازیەکانی داگیرکاریەکی سەربازی و نەبوونی دیموکراتی زۆر زەقبۆتەوە، بە چەشنێك جێی سەرسوڕمانە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا و حکومەتی عێراقی بگەنە ئەو رێککەوتنە. داگیرکاریەکی کارا پێویستی بەوە هەیە هێزە سەربازییەکان لە پێگەی باڵادەستی ستراتیژیدا بن بەسەر خەڵکە داگیرکراوەکەوە، رەشنوسی ٧ی ئازاری رێککەوتنەکە کە لە لایەن ئیدارەی سەرۆك بۆشەوە پێشنیار کراوە ئەم ئامانجە دەهێنێتەدی. بە پێچەوانەوە، سەروەری نەتەوەی و دیموکراسی پێویست بەوە دەکات کە خودی نەتەوەکە هەڵبستێت بە گرتنبەری کۆنترۆڵێکی یاسای یەکلاکەرەوە بەسەر ئەو هێزە ئەمنیانەوە کە لە ناو خاکی ئەو نەتەوەیەدا چالاکی ئەنجام دەدەن. هەر وەك ئەوەی رەشنوسی ١٣ی تشرینی یەکەمی حکومەتی عێراقی بۆ رێککەوتنە ئەمنیەکە داوای دەکات. هەردوو هەڵوێستەکە روونن، لەگەڵ یەکدا یەك ناگرنەوە و بە ئاسانی ملکەچی سازشی یاسای نابن. هێزە فرەڕەگەزەکان بەسەرکردایەتی ئەمەریکا بانگەشەی ئەوەدەکەن کە رزگارکاری عێراقن. بەڵام ئەگەر بشێت باس لە ئیرادەی دیموکراسی خەڵکی عێراق بکەین—بە چاوپۆشین لە کێشەی کوردستان لەم ساتەوەختەدا—ئەوا تەواو روونە کە ئەم بانگەشەیە پوچەڵ دەکاتەوە. دەرئەنجامی ئەو راپرسیەی کە زیاتر لە دو ساڵ پێش ئێستا کە WorldPublicOpinion.orgبڵاوی کردەوە ئەوەی دەریخست کە زۆرینەی خەڵکی عێراق پشتگیریان لە یاخیبوونی چەکداری دەکرد و خوازیاری ئەوەبوون کە هێزەکانی ئەمەریکا بە تەواوی بکشێنەوە پێش کۆتای هاتنی ساڵی ٢٠٠٧. کەواتە ئەگەر خەڵکی عێراق بە یەك دەنگ قسەبکەن، ئەوا بە روونی بوونی سەربازیانەی ئەمەریکا رەتدەکەنەوە، وەك هێزێکی داگیرکاری پێشوازی لێنەکراو. ئایا هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا رزگارکارن؟ یاخود داگیرکارن؟ ئەگەر ئەم پرسیارە لە عێراقییەکان بکەیت، ئەوا وەڵامەکە روونە. هێزە رزگارکارەکان مەیلی گەڕانەوەیان هەیە بۆ وڵات و بۆ سەر کاری خۆیان، لەبەر ئەوەی سروشتی ئازادی بەو شێوەیەیە کە پێویستی بە هێزێکی سەربازی گەورە نیە بۆ پاراستنی. لە راستیدا، بوونی سوپایەکی گەورە پێچەوانەوەیە لەگەڵ ئامانجی پاراستنی ئازادیدا، هەروەك ئەوەی بڕیارە کۆماریە گەورەکان، ئەوانەی بوونە سەرچاوەی ئیلهام بۆ شۆڕشی ئەمەریکا ئەمە دووپات دەکەنەوە. بە پێچەوانەی هێزە رزگارکارەکانەوە، هێزە داگیرکارەکان مەیلی مانەوەیان هەیە، جا پێشوازیان لێبکرێت یاخود نا. بەو پێیە عێراق رزگارنەکراوە، بەڵکو داگیرکراوە. خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە دژی رێککەوتنە ئەمنیەکە، لێدوانەکانی پیاوانی ئاینی سوننە و شیعە و بڕگە نوێیەکانی رەشنوسی ١٣ی تشرینی یەکەم هەموویان " ئاستەنگن" هەروەك ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، نەك هەر بۆ رەشنوسەکەی ئیدارەی بۆش، بەڵکو بۆ داگیرکاریەکی درێژخایەنیش، لەبەر ئەوەی داگیرکاریەکی لەم چەشنە خۆی لە خۆیدا ئاستەنگە بۆ خۆحوکمڕانێتی دیموکراتی. بەو پێیە کارێکی سروشتی و لۆژیکییە کە عێراق خوازیاری ئەوەیە کۆنترۆڵی چارەنوسی خۆی بکات، کاروباری هاووڵاتییانی خۆی بەڕێوەببات و هێزە دەرەکییەکان لە خاکەکەی بکاتە دەرەوە. بە دڵنیاییەوە، لە مێژوودا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەربازەکانی نەخستۆتە ژێر ئەو مەرجانەوە کە لە دوایین رەشنوسی رێککەوتنامە ئەمنیەکەدا هاتوون، هەروەها رێککەوتن لەسەر ئەو مەرجانە کارێکە دژوارە. لە راستیدا، ئەگەر ئەم رێککەوتنە رەزامەندی لەسەر بدرێت لە پەرلەمانی عێراقدا، ئەوا ئەم مەرجانە هاوشانی جاڕدانی یاخیبونێکی یاسایین کە خەڵکە داگیرکراوە کە هەوڵ دەدەن حوکمڕانێتی داگیرکارەکانیان بکەن. ئامادەنەبوونی ئیدارەی سەرۆك بۆش بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم مەرجانە لەو راستییەوە روون دەبێتەوە کە حاڵی حازر هەڕەشەی راگرتنی پرۆژە ئەمنی، لۆژیستی، هیلە ئاسمانییەکان و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە دەکات، هەروەها هەڕەشەی کۆتای هێنان بە پشتیوانی کردن لە بواری پەروەردە دەکات، لە هەوڵەکانیدا بۆ پەسەندکردنی رەشنووسەکەی بۆ ریککەوتنە ئەمنیەکە. پێدەچوو ئیدارەی ئەمەریکا ئامادەبێت بۆ سازشکردن لەسەر شێوە داڕشتنی رەشنوسی ٦ی ئابی رێککەوتنەکە، بەڵام مەسەلەکە بەم شێوەیە نەبوو. رەشنوسی ٦ی ئابی رێککەوتنەکە وەك هەوڵێکی تەمومژاوی دەردەکەوێت بۆ پێکەوەگرێدانی داگیرکاری و خۆبەڕێوبردنی دیموکراتی. بۆ نموونە، ئەمەریکا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو ناسازیەی دا کە لە نێوان بوون و نەبوونی وادەی کۆتای کشاندنەوەی هێزەکاندا هەیە بە هۆی ئاماژەکردن بە "کاتە دیاری کراوەکانەوە" ئەمە چ مانایەکی هەیە؟ پێدەچێت ئەمە دەستەواژەیەکی دیکە بێت بۆ " وادەی کۆتای"بەڵام ئەگەر لە سیاقی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا لێکی بدەینەوە، ئەوا پێدەچێت ئەمە بۆ پەردەپۆشکردنی نەبوونی وادەی کۆتای بێت بۆ کشاندنەوەی هێزەکان. ئەگەر

خەڵكی عێراق دژی داگیركاریەكی هەمیشـــەیی بن، ئەوا هەر حكومەتێك بانگەشـــەی ئەوە بكات نوێنەرایەتییان دەكات دەبێت نیگەران بێت لە بەكارهێنانی ئەم دەســـتەواژە هەڵخەڵەتێنەرانە. لەبـــەر ئەوە بەلای منەوە حكومەتـــی عێراقی بە كاری خۆی هەڵدەستێت.

***پشتگیری كردنی كورد لە ڕێككەوتنی ئەمنی كە بە خاڵێكی ئیجابی دادەنرێت بۆ هاوپەیمانـــی كوردو ئەمریكا، چۆن ئەمە هەڵدەسنگێنیت؟**

- لـــە هەفتەكانی پێش داگیـــركاری عێراق لـــە لایەن وڵاتە یەكگرتووەكانـــی ئەمەریكاوە لە بەهاری ســـاڵی ٢٠٠٣دا، من باوەڕم نەبوو كە ئیدارەی ســـەرۆك بـــۆش جیدیە لە گۆڕینی ڕژێمی بەعس بە حكومەتێكی نیشتمانی دیموكراتی. من باوەڕم نەدەكرد جگە لە هەرێمی كوردستان سەربازەكانی ئەمەریكا وەك ڕزگاركار پێشـــوازیان لێبكرێت. هەروەها لە سەردەمی ئیدارەی كلینتۆنـــدا، كۆندۆلیزا رایس مشـــتومڕی ئـــەوەی نەدەكرد كە بنیاتنانـــی نەتەوە ئەركێكی بێ ئاكامـــە؟ كەواتە، من گومان هەبوو لەوەی ئەم گفتوگۆیانە پەردەپۆشكردنی ستراتیژیەتێكی جیاوازتر بوو لە لایەن ئەمەریكاوە: هەڵتەكاندنی بەعســـییەكان، دابەشكردنی وڵاتەكە بۆ ســـێ بەش. هێنانەدی كوردستانێكی سەربەخۆ، با بەریتانییەكانیش دەوڵەتێكی سەربەخۆ و تیوكراتی لە باشـــووری وڵاتەكەدا دروست بكەن، لەگەڵ ئیستغلالكردنی كێڵگە نەوتییەكانی كوردەكان. بە پێچەوانەوەی پرۆژە گەورەكەوە بەوەی تێكرای عێراق بكرێتە مەشخەڵی درەوشاوەی دیموكراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێدەچوو بە لای كەمەوە بەكارهێنانی ئەم كارتـــە كوردیە ڕێگاچارەیەكی عەمەلی بێت—شـــەڕانی بەڵام عەمەلی. لە ســـاڵی ٢٠٠٨دا، گەیشـــتمە ئەو باوەڕەی كە كوردســـتان تەنها بەشـــێك دەبێت لە عێراقی پێشو بۆ ئەوەی هێزەكانـــی ئەمەریـــكا تێیدا جێگیربـــن. توركیـــا لەگەڵ بیرۆكەی بوونی نەتەوەیەكی كـــوردی نوێ نییە كە لەودیو سنوورەوە بژین، بەڵام دەكرێت بە هۆی دابینكردنی زەمانەتی ئەمنی پێویســـت و هاوكاری كردنێكـــی چالاكانـــە بـــۆ بەرەنگاربونەوەی پەكەكە ئەم نیگەرانیە بڕەوێنرێتەوە. بەڵام پێدەچێت من تەواو هەڵە بوبێتم لـــە بارەی ئیدارەی ســـەرۆك بۆشـــەوە ئەمە بەرزەفڕیەكی جێـــی سەرســـوڕمانە و ئەمە ئامانجێكی ناواقیعیە. هەروەها دەركەوت كە كوردستان بەشێكە لە عێراق و بە دەگمەن هێزەكانی ئەمەریكا لەم هەرێمەدا بوونیان هەیە. ئـــەوەی پەیوەندی بە پێشبینی كردنەوە هەبێت، ئەوا وەك ئەوەی جارێكیان یۆگی بێرا گووتی "پێشبینی كردن زەحمەتە، بە تایبەتی دەربارەی ئایندە." بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت هەندێك لەوانەی پێشبینیم دەكرد بێتەدی. جۆزێف بایدن، جێگری سەرۆك ئۆباما، بە ڕەسمی ئەوەی خستۆتەڕو كە لەگەل دابەشكردنی عێراقدایە بۆ دەوڵەتگەلێكی ســـەربەخۆ كە پەیوەنـــدی نێوانیان كۆنفیدراڵـــی بێت. هەروەها چاوپێكەوتنی بارزانی بە سەرۆك بۆش كە هاوشانە بە پەیوەندی ڕوو لە گرژی نێوان واشـــتنۆن و بەغدا، هەروەها ئەوە دەخاتەڕو كە بیرۆكەی بوونی نەتەوەیەكی كوردی خاوەن سەروەری لە سەر مێزی گفتوگۆیە. بارزانی بە "واشـــنتۆن پۆست" ی ڕاگەیاند كە پێشـــوازی لەو مەرجانەی ڕێككەوتنەكە دەكات كە ئیدارەی سەرۆك بۆش پێشـــنیاری كردووە. بەڵام لەبەر ئەوەی دەستوری عێراق دەسەڵاتی پەسەندكردنی ئەم جۆرە ڕێككەوتنانەی داوە بە حكومەتی ناوەندی، ئەوا تەنها ڕێگەیەك كە كوردستان بتوانێت بە شێوەیەكی ســـەربەخۆ و یاســـاییانە ئەم ڕێككەوتنە پەسەند بكات بریتیە لە جیابونەوە لە عێراق. من پێشبینی هاتنەدی ئەم دەرئەنجامە ناكەم، بەڵام لەم ســـاتەوەختەدا زیاتر ئەگەر هەیە بە بەرداورد بە ساتەكانی دیكەی داگیركاری.

*** پێشتر باراك ئۆباما ڕای گەیاند كە ئەگەر لە هەڵبژاردنەكاندا سەركەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا كۆبوونەوەیەكی لوتكە لە نێوان ســـەركردایەتی كورد و توركەكاندا ســـازدەكات، ئایا پێشبینی دەكرێت ئیدارەی ئێســـتای ئەمەریكا ئەم پێشـــنیارە لەبەرچاو دەگرێت پێش ئەوەی دەسەڵات بداتە دەست ئۆباما؟**

- بـــۆ من جێی سەرســـوڕمان دەبێت ئەگەر ئـــەو لوتكەیە لە نێوان ســـەركردایەتی كورد و توركەكاندا سازبكرێت و حكومەتی مەركەزی عێراق لە خۆنەگرێت. زۆرێك لە سیاسەتە ناوخۆییەكان لە ئەنجامی یەكتر تاوانباركردنی نێوان دوو پارتە سەرەكییەكەوە دادەڕێژرێن. دوای سەركەوتنی ئۆباما ئەگـــەری ئەوە هەیە كـــە كۆمارییـــەكان دەتوانن ئۆباڵـــی شكســـتهێنان لـــە بنیاتنانە نەتـــەوەدا لە عێراق بخەنە ئەســـتۆی ئۆباما. بەو پێیە ئەوان ســـڵ دەكەنەوە لە ئەنجامدانی هەر گفتوگۆیەك كە سەربكێشـــێت بۆ لێكترازان و دابەشـــبون. جیابونـــەوەی كوردستان و بوونی پەیوەندی گەلێكـــی نزیـــك لەگـــەڵ ئەمەریكادا لـــە بەرژەوەندی كوردەكانـــە (ئەگەر ئاماژە بە هێزەكانی ســـوپای ئەمەریكا نەكەین كە زیاد لە پێویســـت ئەركی خراوەتە ئەستۆ)، بەڵام مایەی كارەساتە بۆ عێراقێكی مەركەزی.



ڕێككەوتن لەسەر ئەو مەرجانە كارێكە دژوارە. لە ڕاستیدا، ئەگەر ئەم ڕێككەوتنە ڕەزامەندی لەسەر بدرێت لە پەرلەمانی عێراقدا، ئەوا ئەم مەرجانە هاوشانی جاڕدانی یاخیبونێكی یاسایین كە خەڵكە داگیركراوە كە هەوڵ دەدەن حوكمڕانێتی داگیركارەكانیان بكەن

ڕەشنوسی ٦ی ئابی ڕێككەوتنەكە وەک هەوڵێكی تەمومژاوی دەردەكەوێت بۆ پێكەوەگرێدانی داگیركاری و خۆبەڕێوبردنی دیموكراتی

كوردستان تەنها بەشێک دەبێت لە عێراقی پێشو بۆ ئەوەی هێزەكانی ئەمەریكا تێیدا جێگیربن

جۆزێف بایدن، جێگری سەرۆک ئۆباما، بە ڕەسمی ئەوەی خستۆتەڕو كە لەگەڵ دابەشكردنی عێراقدایە بۆ دەوڵەتگەلێكی سەربەخۆ كە پەیوەندی نێوانیان كۆنفیدراڵی بێت

بەدواداچوونی گوڵان لەسەر گرفتی وەرنەگرتنی قوتابیان لە زانكۆكاندا

## لە هەنگاوێكی چاوەڕواننەكراوی وەزارەتی خوێندنی باڵادا

# لەكاتێكدا بەپێی هاوكێشەیەكی سادە دەتوانرا ٣٦٩٠٠ قوتابی وەربگرێت، كەچی ٢١ هەزار قوتابی وەرگیراون!!

دوای ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رایگەیاند لە كۆی ٣١هەزار و ٣٩٣قوتابی تەنیا ٢١هەزار ٤٠١ قوتابی وەرگیراون. پرسیارگەلی ئەوە لە لایەن چاودێرانی بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا دروست بوو، كە دەبێت وەزارەت و حكومەتی هەرێم چ پلانێكی بۆ خستنەگەڕی ٩نۆ هەزار و ٩٩٢ گەنج و لاو داڕشتبێت؟

١- ئایا دەبێت چەند كارگەی ستراتیژیی دامەزرابێت؟

٢- ئایا دەبێت چەند پڕۆژەی بوژاندنەوەی كەرتی كشتوكاڵ دانرابێت؟

٣- ئایا دەبێت لە بەر ئەم تەحەددیاتانەی رووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە پلان بۆ كاری سەربازی و پێشمەرگاییەتی و پاراستنی داڕێژرابێت؟

٤- ئەمانە و زۆری تر هەموو پرسیارن و بەڵام بەداخەوە وەڵامیان بەدەست ناكەوێت دوای گەیشتنە قەناعەت بە (نەخێر) هیچ شتێك لەمانەی سەرەوە لە ئارادانییە، بەڵام پرسیار ئەوەیە چارەنووسی ئەم دەهەزار گەنجە دەبێت چی بێت؟ خۆ دامەزراندن نییە، كارنییە، وەك ئەوروپا (سۆشیال)یش لە ئارادانییە، ئایا دەبێت حكومەتی هەرێم پلانێكی داڕشتبێت تا بواری ئیشكردن بۆ ئەم گەنجانە چی لەكەرتی گشتی، یان كەرتی تایبەت، یان كەرتی هاوبەش دابین بكات؟ بێگومان وڵامی ئەم پرسیارەش هەر نەخێرە!

ئەم پرسیارانەی چاودێری سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵای لەهەرێمی كوردستان خستۆتە نێو گێژاوێكەوە كە بەدواداچوون و پرسیار بكەن، ئایا ئەم كارەی وەزارەتی خوێندنی باڵا كارێكی دەست ئەنقەستە یان لە راستیدا توانستی وەرگرتنی هەر ئەوەندەیە؟ ئەگەر توانستی وەرگرتنی هەموو ئەوەندەیە كوا پلانە ستراتیژە كورت و ناوەندە و درێژخایەنەكەی وەزارەت كە چەندین جار لەسەر زاری خودی وەزیری خوێندنی باڵا بانگەشەی بۆ دەكرا، یان كوا ئەو تەنسیق و هەماهەنگییە پتەوەی نێوان وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا تا بەپێی پێویست پلانی



بــۆ دابڕێژێت؟! ئایا دەبێت ئەو پلان و ســتراتیژیەی وەزارەت ئەمــە بێت کە خوێنــدن بە پارە بێت هانــی بازرگانی زانکۆ ئەهلییەکان بدرێت، بواریشــیان بۆ برەخســێنن، خۆ ئەمەش بە بەلاش ناکرێت!! بێگومان لای خەڵك "تەفســیری" بۆ دەکرێت، گریمان ئەم سیاســەتە لە پێنــاو هاندانی کەرتی تایبەت بێت، بەڵام پرسیارێکی تر پەیدا دەبێت:

- ئایا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بودجەی (سۆشــیال)ی بــۆ قوتابیانی بێکار و کەمدەرامەت دابین کردووە؟ ئەمەش پرسیارێکە وەڵامی دەوێت.

پرسیارێکی دیکەش لەئارادایە:

- ئایــا دەبێت وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەمەی بە مەبەســتی بەرزکردنەوەی ئاستی زانکۆکان بێت؟

گریمــان وایە، بەڵام خۆ پەیمانگاکان بە مەبەســتی کادیری ناوەندی هەیە، خۆ دەکرا شــوێنیان بۆ هەموو قوتابیەکان دابین بکردبا و کادیــری ناوەندیان بۆ کاروبار پێگەیاندبایە. بەڵام لە هەمووی ســەیرتر کاتێك تەماشای لیستی نزمترین کۆ نمرەی وەرگرتن دەکەین! دەبینین بە جارێك قوتابیانیان هەناسەســارد کردووە و داخیان بــە جەرگیان وەناوە! چونکە دەبینین نزمترین کۆی وەرگرتن لە کولێژی پزیشکی لە ٦٨٥نمرە نەهاتوتە خوار و کۆلێژی ئەندازیەکان لە (٦٤٨)نمرە نەهاتوتە خوار.

ئاشکراشــە هەموو خەڵك دەزانێت کــە کۆمەڵگای ئێمە چەند پێویستی بە پزیشکە نەك هەر هەرێمی کوردستان، بگرە هەموو عێراق کە بەلای کەم بۆ هەر ٣٠٠٠ کەس (١) پزیشکمان هەیە، گەر بڕواش ناکەن ســەردانی نەخۆشخانە و (عیادە)کان بکەن، دواتر گریمان وەزارەتی خوێندنی باڵا گومانی لەم هەموو نمرە بەرزە هەبێت، بەڵام قەتیش مەعقول نییە تەڕ و وشــك پێکەوە بســووتێت، گریمان گومانەکەی وەزارەت لەشوێنی خۆی بێت، ئەوە نییە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا بانگهێشــتی پرۆســەی (Teaching) و (Learning) دەکات و، دەڵێــت دەبێت خوێندنی باڵا بەم دوو ئەرکەش هەڵبســتێت، کە لە راستیدا ئەم دوو ئەکــە، ئەرکی خودی وەزارەتــی پەروەردەیە، بەڵکو کاری (Studying) ئەرکی وەزارەتی خوێندنی باڵایە.

ئایا دەبێت چ نهێنییەك لە پشــت ئەم سیاســەتەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا هەبێت؟ ئایا ئەم سیاســەتە نابێتە هۆی ئەوەی کــە گیروگرفت بۆ کۆمەڵگاو حکومەتی هەرێم پەیدا بکات؟ ئایــا بێ کاری گەنجان و لاوان زەنگێکی مەترســی نییە بۆ دەسەڵات و حکومەت؟!

گریمان وەزارەت بودجەی کەمــی بۆ دابین کراوە، ناتوانێت بە ئەرکی پێویســت هەڵستێت، بەڵام ئەمەش راست نییە، چونکە بەگوێــرەی زانیارییەکان زۆرترین بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خوێندنی باڵایە!! کەواتە وەزارەتی خوێندنی باڵا لەهیچ شتێکی کەم نییە و بەپێی پێویستی کۆمەڵگا دەتوانێت هۆڵــی خوێندن و تاقیگە و مامۆســتاو پێگەیاندنی کادیری زانکۆ دابین بکات!!. ئەی ئــەوە نییە زانکۆکانی حکومەتی فیــدراڵ ١٠٠٪ دەرچووانــی ئامادەییەکانیــان وەرگرتــووە، تا کێشــەی سیاســی و کۆمەڵایەتی و بــێ کاریان بۆ پەیدا نەبێت کەواتــە دەبێت گەندەڵی دارایی و کارگێڕی یان خراپی لەبەکارهێنانی بودجە و کارگێــری هەبێت!! کە ئەمە ئەرکی ئێمە نییە بەدوای دابچین بەڵکــو ئەرکی دەزگای چاودێری دارایــی و کارگێڕی و ئەرکــی پەرلەمانی کوردســتانە کە وەزارەت بۆ لێپرسینەوە بانگهێشــت بکات.با ئەمانەی باسمان کــرد هەموو وازی لێبهێنین، بەڵام ئەگەر وەزارەت کەســێکی زیرەکیان هەبووایە بەکردەیەکی بیرکاری سادە دەیانتوانی یەکەی پێوانەیی، بۆ توانستی کۆلێژ و بەشەکانیان بزانیایە، دەیانتوانی شوێنی هەموو قوتابیان بکەنەوە، هەر دوێنێ نەبوو تاقیگەکانی کۆلێژی ئەندازیاری زانســت و تاقیگەی نەخۆشخانەکان هەتا درەنگانی شەو بەکار دەهات واتە هەفتانە دەمژمێری دەوام ٧٢ کاتژمێر بوو. با نموونە بەشێك لەبەشەکانی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرین :

ئەو بەشە بەم شێوەیە:

بەشەکە ٤ هۆڵی خوێندنی هەیە :

کەواتــە رۆژانە دەتواندرێت ٣٢ وانە لــە هۆڵەکان بگوترێتەوە ئەگەر هەفتەیەك لەســەر ٦ رۆژ وەربگرین واتە بەشــەکەی بکاتە دووبەش/ بەشێکیان شەممە OFF ئەویتر پێنج شەممە OFF بێت.

٦ X ٣٢= ١٩٢ وانە لە هەفتەیەکدا

ئەم بەشــە جگە لەقۆناخی یەکــەم ٤ هۆبەی هەیە کە کۆی وانەکانی لەهەفتەیەکدا

٤X٢٠ =٨٠ وانەیە

١٩٢ -٨٠= وانە شوێنی هەیە

١١٠/٢٠=٦ هۆبە واتە دەتوانێــت ٦ هۆبە لە قۆناغی یەکەم بکاتەوە

ئەگــەر هۆبەیەك ٥٠ قوتابی تێدابێــت ئەوا: ٦ X ٥٠=٣٠٠ قوتابــی واتە توانســتی ئەم بەشــە ٣٠٠ قوتابی کەچی ٣٥ قوتابی وەرگیراوە. واتە هێشــتا دەیتوانــی ٣٠٠-٣٥= ١٦٥ قوتابی دیکە وەربگرێت.

گەر ئەمە بســەپێنین لەســەر هەموو زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردســتان کە ٣٦٩ بەشــە جگە لەوەی کەبــواری هەیە بۆ کردنەوەی بەشی دیکە، وای دابنێن با بەشەکان (١٦٥) قوتابی دی وەرنەگرن بەڵکو بە تێکڕایی هەر بەشــێك (١٠٠) قوتابی وەربگرێت، بۆ زانینیش کە کۆلێژی پزیشکی دەتوانیت زیاتر لە (٢٤٠) قوتابی وەربگرێت.

٣٦٩ X ١٠٠= ٣٦٩٠٠ قوتابی لە توانستی وەزارەتی خوێندنی باڵا دایە وەریانبگرێت.

لەوانەیە وەزارەت بیانووی ئەوە بێنێتەوە کە ماموستای پێویست نییــە، ئەی وەزارەت بڕیاری نەداوە هەر مامۆســتایەك دەبێت هەفتانە (٤٠) کاتژمێر دەوام بکات، بەڵام لە جیاتی ئەم (٤٠) کاتژمێرە وەزارەت دەیتوانی بڕیار بدات هەر مامۆســتایەك لە نیــوەی نیو کەمتر نەڵێتەوە و دواتر مامۆستا سەربەست بێت نەك کولێژەکان وا لە مامۆستا بکات لە بێ کاری وەرزبن

**هەندێ بەشی کۆلێژ هەیە (٢٥-٣٠) مامۆستای هەیە کەچی (٥٠) قوتابی وەرگرتووە!!**

**کاتێک وەزارەتی خوێندنی باڵا پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە کە گرفتی کەمی و نەبوونی مامۆستای هەیە بۆ بەشەکان ئەوا بابێت ئامارێکی ورد و زانستی بکات و بزانێت مامۆستا هەیە یان نا؟! ئایا وەزارەت ئەوەی لێکداوەتەوە چەند هۆڵ و چەند مامۆستای هەیە و تواناى ئیستیعابی مامۆستاکانی چەندە؟!**

**لە سیستمی وەرگرتن دهۆك قازانجی کردووە و غەدر لە قوتابیانی هەولێر و سلێمانی کراوە، دەبینین لە هەولێر و سلێمانی نزمترین کۆنمرەی وەرگرتنی گشتی نزمترە لە پارێزگا، کەچی دهۆك بەپێچەوانەوە نزمترین کۆنمرەی گشتییەکەی بەرزترە لە نزمترین کۆنمرەی پارێزگا. ئەمەش جێی سەرسوڕمانە و پرسیار دەهێنێتە ئاراوە، کە بۆچی بۆ شاری دهۆك سەرەتا (Run)یان بۆ (٢٠٪) هەرێم کردووە و دواتر هاتۆتە سەر پارێزگا کە (٨٠٪)یە لە کاتێکدا هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی (Run)یان بۆ نزمترین کۆنمرەی کردووە**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا توانای هەیە ٣٦٩٠٠ قوتابی وەربگرێت، ئەمە ئەگەر هەر بەشێك ١٠٠ قوتابی وەربگرێت لەکاتێکدا هەر یەکێك لەو بەشانە ئیمکانیاتیان هەیە ٣٥٠ قوتابی وەربگرێت، کە بە پرۆسەیەکی زۆر سادە و ساکار تەنها بە ڕێکخستنی دەوام و کردنی نیسابەکان بە نیساب و نیو دێتەدی، واتە هەم مامۆستا و هەم شوێنیش بە ئاسانی پەیدا دەکرێت**

هەر بۆ نموونە ئەم بەشـــە(١٢) مامۆستای تێدایە گەر پلەی زانستی (مامۆستا) حساب بکەین دەکاتە.

١٢ X ١٨= ٢١٦ وانـــە دەتواندرێت بگەڕێتەوە کەچی ئەگەر ئەو بەشـــە لە جیاتی(٣٥) قوتابـــی (٣٠٠) قوتابی وەرگرێت هەموو وانەکان دەیکردە (١٩٢) وانە، کەچی بەشە مامۆستای هەیە کـــە (٢١٦) وانە بلێتـــەوە. ٢١٦-١٩٢=٢٤ وانە.. واتە دەکرا بینایەی زیاد بکـــەن و هۆبەیەکی دیکەش لە قوتابییان وەرگیرابا.

## دەبووایە وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان ئامارێکی گشتییان لەبەردەستبووایە

ســـەبارەت بە پرســـیارگەلی: داخۆ چ سیاســـەتێك لە پشت هێشتنەوەی ئەو قوتابیانەیە؟! ئایا مەبەست لێی بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکردنە؟ ئایا گومانیان لەو نمرانە هەیە کە هاتووە؟ ئایا گومانیان لەو ڕێژەیە هەیە کە لە وەزارەتی پەروەردە دەرچوونە؟ چاودێرێك لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بە سەرســـوڕمان و ئەســـەفەوە ئەم ڕوونکردنەوەی بە گوڵان ڕاگەیاند:

لەڕاســـتیدا نازانم بە چ جۆرێك ئەوان پلانەکەیان ئامادەکردووە. دەبووایـــە بەڕێوەبەری گشـــتی پلاندانان ئامارێکی گشـــتی لەبەردەســـتبووایە یان جەنابی وەزیر داوای ئاماری گشـــتی بکردبووایە. ئەوکات لەسەر پێوەری یەکەی پێوانەیی دەیتوانی حیســـاب بکات کە شـــوێنی هەیە یان نا، کە شـــوێنی نەبوو دەیتوانی ماوەی دەوام زیاد بکات. بۆ نموونە ئەگەر شـــوێنی نەبوو، بەڵام ئەگەر شـــوێن و مامۆستای هەبوو ئەوا دەیتوانی لەجیاتی ئەو ٤٠ کاتژمێرەی مامۆستایەك لە کۆلیژ بەبێ ئیش دابنیشـــێت دەیگوت ئێوە سەربەستن، بەڵام کەس نابێت کەمتر لە نیســـاب و نیو وانە بڵێتـــەوە. چەند موحازەرەش بڵێنەوە ئەوا وەکو وانەی ئیزافی بۆیان خەرج دەکرێت. ئەوکاتەش خوێندنی بـــاڵا و توێژینەوەی قوتابیان لە زمنـــی موحازەرات نەدەبوون. سەرپەرشـــتیکردنی قوتابیانی خوێندنی بـــاڵا و توێژینەوەی دەرچوونیـــش لەزمنی موحازەرات نەبوون، چونکە مامۆســـتا دەیتوانی ئیشـــرافی هەر قوتابییەك بکات بە ماوەیەکی کەم، ئـــەو بوارەی دەبوو لە ماوەی ٤٠ کاتژمێرەکەی یان ئەگەر ٤٠ کاتژمێرەکەش نەبووایە بایی ئەو دەرفەتەی دەبوو قوتابی چەند جارێـــك پێیدا بچێتەوە. بۆ نموونە با لە کۆلیژە ئینســـانییەکان یان کۆلیژی زمان بەشـــێك وەربگرین. بەشـــێك دەڵێت ٤ هۆڵم هەیە، ئەو بەشە ئێوارانی تێدا نییە. کەواتە ڕۆژانە دەتوانرێ ٨ کاتژمێـــر وانە بگوترێتەوە. ٨X٤= ٣٢ واتە بۆ هەموو ڕۆژێك دەتوانرێ ٣٢ کاتژمێر لەو بەشەدا بخوێنرێت. ئەو بەشە ئەگەر بیەوێت شوێنی زیاتر بکاتەوە ئەوا دەیکاتە ٢ بەش و بەشێکیان ڕۆژی شەممە دەیکاتە ئۆف و بەشێکیان ڕۆژی پێنجشەممە. کەواتە هەفتانە لەو بەشـــەدا دەتوانرێـــت ١٩٢ وانە بگوترێتەوە بەگوێرەی ئەم هاوکێشـــە شیکارییە (٦X٣٢ = ١٩٢). ئێستا ئەگەر بەشـــەکە وەربگرین بەبێ قۆناخی یەکەم کە ٥ هۆبەی هەیە. قۆناخی دووەم ٢ هۆبەیە، قۆناخی سێیەم ١ هۆبە، پۆلی چوارەم ١ هۆبەی هەیە. کەواتە ٤ هۆبەی هەیە. ٤ هۆبە هەر قۆناخێك کاتژمێری وانەکانی لە نێوان ١٨ — ٢١ دایە. گریمان ئەگـــەر ٢٠ وانە دابنێین ئەوا ٤X٢٠= ٨٠ واتە هەر قۆناخێك لـــە هەفتەیەکدا ٨٠ وانەی هەیە. هەروەك ١٩٢ شـــوێنی وانە گوتنەوەشی هەیە.

١٩٢ -٨٠= ١١٢ واتـــە شـــوێنی بۆ ١١٢ وانە هەیە. ئەگەر ئەو ١١٢ دابەشـــی ٢٠ بکەین دەکاتـــە ٥,٥، بەو پێیەی هەر هۆبەیـــەك هەفتانە ٢٠ وانەی هەیە، (١١٢/٢٠= ٥,٥) بەڵام ئەو ئەنجامە دەتوانرێ لەگەڵ بەشێکی دیکە یەکبخرێت. واتە وا دابنێین ٦ هۆبە وەردەگرێت. هۆبە ئینسانییەکان هەمیشە لە ٥٠ قوتابی کەمتر نییە، هەندێ جار ئەو هۆبانە ٧٠ قوتابیشی لەخۆوە گرتووە. بەڵام ئێمە بە تێکڕایی ٥٠ دادەنێین. (٦X٥٠= ٣٠٠) واتە ئەو بەشـــە بۆ ئەمســـاڵ توانای وەرگرتنی ٣٠٠ قوتابی هەیە، بەڵام ٣٥ قوتابی بۆ گەڕاوەتەوە، لەکاتێکدا ئەو بەشە دەیتوانی ٢٦٥ قوتابی دیکە وەربگرێت!! ئەمەش دەتوانرا لەگەڵ دەوامی فەرمی کۆلێـــژ یەکبخرێت لە کاتژمێر ٨:٣٠ بەیانی بۆ کاتژمێر ٤:٣٠٠ عەسر.

## بە تەمدیدی وەقت و زیادکردنی نیساب کێشەکان چارەسەر دەکرێن

ئەگەر ئێمە تەماشـــای ئەزموونی گەشـــەکردن و پێشکەوتنی کۆریای باشـــوور بکەین، کە وڵاتێکـــی دوای جەنگە، دەبینن ئەو وڵاتە توانی بەشێوەیەکی قۆناخبەندییانە بەخێرایی نەشونما بکات. ئەمەش بۆ هەبوونی ئینتمای نیشمانی و خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەیان دەگەڕێتەوە، هـــەروەك کۆرییەکان خۆیان دەڵێن وڵاتەکەمان بە دووشـــت بە پێشکەوت، ئەوانیش بە دۆستایەتی کردنی ئەمریکا و کارکـــردن و داهێنانی خۆیانەوە. بۆیە ئەوان توانیان پەرە بە کولتووری سیاسیی و دیموکراسی و کار و داهێنان و ئیـــدارە و پلاندان بدەن. لەبەرئـــەوەی کۆرییەکان میللەتێکی هەژار و برسی بوون، بەڵام کاتێك شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو کۆریای باشوور و باکوور تەواو بوو، لە هەموو دامودەزگاکانی حکوومـــەت و کەرتی تایبەت ٢٤ کاتژمێر کاریان دەکرد و ئەو ٢٤ کاتژمێرە دابەشـــی ٣ شەفت کرابوو، زۆربەی کارمەندەکان دوو شەفت بۆ ماوەی ١٦ کاتژمێر بە بەردەوامی کاریان دەکرد. هەر بۆیە پســـپۆڕانی بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا پێیانوایە بۆئەوەی هەرێمی کوردســـتان خۆی بژێنێت و نەشونما بکات ئەوا پێویستە چاو لە مۆدێلی کۆریای باشوور بکات. پەیوەست بەم مژارە، پســـۆڕێك بواری پلان و ســـتراتیژییەتی فێرکردن (International Education Policy) بەمشێوەیە سەرنج و تێڕوانینی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

بەداخەوە ئێستا ڕەوشەکە وەك ساڵانی هەفتاکان و هەشتاکانیش نییە، ئەگەر لەسەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو بچووبایە کۆلێژی زانست یان ئەندازیاری دەمانبینی کە هێشتا کاتژمێر ١٢ ی نیـــوەڕۆ بوو ئینجا تازە قوتابییەکان لە تاقیگە دەهاتنە دەرەوە. ئێستا لەوانەیە کۆلێژی زانست یان ئەندازیاری پاساوی ئەوە بهێننەوە کە تاقیگەیـــان نییە. لەکاتێکدا ئەو تاقیگەیەی

هەیانە دەتوانێ هەتا کاتژمێر ١٠ی شـەو بەکاری بهێنن. بۆ نموونە ڕەنگە کۆلێژی پزیشکی بڵێت من تاقیگەی تویکاری و پشکنینم هەیە. ئێستا ئەگەر بچینە نەخۆشخانەی تەعلیمی کە کۆلێژی پزیشکی دەوامی تێدا دەکات ڕۆژانە لە ٣ کاتژمێر زیاتر دەوامی تێدا ناکەن. لەکاتێکدا دەتوانێ هەتاکو ١٢ی شەو نەخۆشخانەی تەعلیمی بەکاربهێنین. هەروەک لەوانەیە کۆلێژی پزیشـکی بڵێت ئەوەندە کورسـییەم نییە بۆ ئامێری پزیشکی دادن. لەکاتێکدا دەتوانێ بەو تاقیگەی خۆی سەرجەم کارەکانی ڕایی بکات، کە دەتوانێ ٥٠ قوتابی لەخۆ بگرێت. بۆ نموونە ٥٠ قوتابی و ٥ قۆناخیشـی هەیە، ئەگەر هەر قۆناخێك ٥٠ قوتابـی هەبێت ئەوا هەفتانە ٣- ٤ کاتژمێر وانەی پراکتیکی هەیە. ئەگەر بیانەوێ شوێنی قوتابی زیاتر ببێتەوە ئەوا دەتوانن تەمدیدی کات بکەن. یان ئەو کۆلێژانەی دەوامی بەیانیان هەیە هیچ کۆلێژێك بە دەگمەن نەبێت هەتاکو ٤ی ئێوارە نامێننەوە. زۆربـەی قۆناخەکان دەوامیان لــە کاتژمێر ١٢ بۆ کاتژمێر ٢ ڕەتی نەکردووە. یان ئەگەر باسـی کۆلێژە زانستییەکان بکەین کە هۆڵ و ساڵۆنی وایان هەیە ١٢٠ قوتابی بۆ وانە تیۆرییەکان لــێ دادەنێن. بۆ وانە پراکتیکییەکانیـش ژمارەی تاقیگەکان حیساب بکەین ئەگەر بەشـی نەکرد ئەوا دەتوانین دەوام درێژ بکەینەوە. کاتێکیش تەمدیدی دەوام کرا ئەوا هەموو گرفتەکان چارەسەر دەکرێت و کێشەی شوێن نامێنێت. بۆیە کاتێك وەزیری خوێندنی باڵا پاساوی ئــەوە دەهێنێتەوە کە گرفتی کەمی و نەبوونی مامۆسـتایە هەیە بۆ بەشەکان ئەوا بابێت ئامارێکی ورد و زانستی بکات و بزانێت مامۆستا هەیە یان نا؟!

بۆ نموونە ئەو بەشــەی نــاوم هێنا ١٢ مامۆسـتای هەیە. پرۆفیسۆری یاریدەدەر نیسابی هەشتە، ئەگەر تەمەنی گەورە بێت نیسـابی شەشـە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی خوێندنی باڵا و ئیشـرافی خوێندنی باڵا لە زمنی نیسـاب دانانێت، ئەوا ئەو پرۆفیسـۆرە ئەگەر موحازەراتی دیکـە نەڵێتەوە ئەوا دەتوانێ نیسـاب و نیو بڵێتەوە لە کۆلێژەکەی خـۆی دەتوانێ بیکاتە ١٢ کاتژمێر. مامۆسـتای یاریدەدەر نیسـابی ١٠ یە، ئەگەر نیسـاب و نیوی بدەیتێ و بەبێ ئەوەی هیچ موحازەراتێکیش بڵێتەوە ئەوا دەتوانێ ١٥ وانە بڵێتەوە. مامۆسـتا نیسابی ١٢ یە، ئەگەر نیسـاب و نیوی پێ بڵێیتەوە ئەوا دەکاتە ١٨ وانە. مامۆسـتای یاریدەدەر نیسـابی ١٤یە، ئەگەر نیساب و نیو بڵێتەوە دەکاتە ٢١ وانە. مامۆسـتای پەیمانگاکان نیسـابیان هەژدیە، ئەگەر نیسـاب و نیو بڵێنەوە ئەوا دەکاتە ٢٧. ئینجا ئەگەر پاداشـتی موحازەرات هەندێ باشتر بێت ئەوا شەریان دەبێت لەسـەر موحازەرات. بۆ نموونە ئەو بەشەی کە باسم کرد ١٢ مامۆسـتای تێدایە، زۆربەیان مامۆسـتای یاریدەدەرن کە دەکاتە ١٨ وانە. (١٢X١٨= ٢١٦)، واتە مامۆسـتایانی ئەو بەشە دەتوانن ٢١٦ وانە بڵێنەوە. لەبەرئەوەی سەرپەرشتیکردنی توێژینــەوەی دەرچوون دەتوانرێت لە زمنی نیسـاب دانەنرێت. ئینجا ئەگەر وەرس دەبن کە لەسـەریان فەرزکراوە ٤٠ کاتژمێر لەهەفتەیەکـدا دەوام بکەن ئــەوا ٤٠ کاتژمێریان پێناکەم بەڵام نیساب و نیوی پێ دەڵێمەوە و بەقازانجیش بۆ کۆلێژ و وەزارەت دەشکێتەوە. ئەمەش ٢١٦ حصە. ئەگەر ٣٠٠ قوتابییەکەشمان وەرگرتبایــە ئەوا هەر ٣٠٠ قوتابــی جێی دەبۆوە. بەهەمووی ١٩٢ وانەی هەبوو: ٢١٦- ١٩٢= ٢٤

ئەگەر ڕاگــری کۆلێژەکە یان بڕیاردەری بەشــەکە هەندێك لێهاتوو بێت ئەوا دەتوانێ شوێن بدۆزێتەوە و هۆبەیەکی دیکەش بکاتەوە. لەجیاتی ٣٠٠ قوتابی ئەوکاتە دەتوانێ ٣٥٠ قوتابی وەربگرێـت. بۆ نموونە ئەو پێوەرانە وەربگرە لەســەر هەمووی، ٣٦٩ بەشمان هەیە، ئەگەر ئەو بەشە ٣٥٠ وەربگرێت. بێگومان ئەگەر چەندین بەشی دیکەش هەبێت ئەوا هیچ گرفت نابێت. ئەگــەر دەوام تەمدید بکەین بۆ کاتژمێــر ٤:٠٠ هەروەها بۆ کۆلێژەکانی ئێوارانیــش تەمدیدی دەوام دەکەم بۆ ٦ کاتژمێر، چونکــە قوتابیش حەز دەکات ڕێســتی هەبێــت، لەبەرئەوەی زۆربەی قوتابیانی ئێواران گلەییان لەوە هەبوو کە ڕێستیان نییە. بۆ نموونە هەر هەفتەیەك ڕۆژانە ٤ وانەی هەیە، هەر ٤ وانەکە لەسەریەکن، ئەگەر بیکەینە ٦ کاتژمێر و ٢ کاتژمێریشی ڕێست بدەینێ لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەوکاتە ئیمکانیاتی دابینکردنی شــوێن زۆر دەبێت. لێرەدا ٣٦٩ بەش هەیە هەر بەشێك لەجیاتی ٣٥٠ قوتابی بــا ١٠٠ قوتابی وەربگرێت ئەوا دەکاتە ٣٦٩٠٠ ئەویــش ٢١٤٠١ قوتابی وەرگرتووە و ٩٩٩٢ قوتابی ماوەتەوە. با بڵێین ٣٢٠٠٠ قوتابی هەیــە لەکاتێکدا وەزارەتی خوێندنی بــاڵا توانای هەیە ٣٦٩٠٠ قوتابــی وەربگرێت، ئەمە ئەگەر هەر بەشــێك ١٠٠ قوتابی وەربگرێــت لەکاتێکدا هەر یەکێك لەو بەشــانە ئیمکانیاتیان هەیە ٣٥٠ قوتابی وەربگرێت، کە بە پرۆسەیەکی زۆر ســادە و ساکار تەنها بە ڕێکخستنی دەوام و کردنی نیسابەکان بە نیساب و نیو دێتەدی، واتە هەم مامۆستا و هەم شوێنێش بە ئاسانی پەیدا دەکرێت.

## ئەگەر شتێکی شاراوە هەیە با ڕوونی بکەنەوە

پسـپۆڕەکەی بواری فێرکردن و پلاندانان لەدرێژەی قسەکانیدا بــۆ گوڵان گومانی خۆی لەو پلانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەربڕی و لەمبارەیەوە گوتی:

دیارە ئینتما نییە یان ئەگەر شــتێکی شاراوە هەیە با ڕوونی بکەنەوە یان ئەوەتــا بۆ هاندانی قوتابیانە بۆ ڕووکردنە کۆلێژە ئەهلییەکان. ئەگەر ئەمە پلانێکی حکوومەت بێت بۆ گۆڕینی سیســتمی خوێنــدن لە سۆســیال-ەوە بۆ سیســتمی ئەهلی (PRIVITE)، خۆ ئەگەر سیســتمی سۆسیالیش نەمێنێت ئەوا دەبێت وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پارەی سۆسـیال بــۆ قوتابیان دابین بــکات. با خوێندنیش ببێتــە پارە، بەڵام ئــەو قوتابیانەی کەم دەرامەت و دەســتکورتن دەبێت وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت سۆســیال بــۆ قوتابیان پەیدا بــکات لەبەرئەوەی ئێمە دەوڵەتێکــی دەوڵەمەندین بە پەترۆڵ و ســامانە سروشتییەکانی دیکە. لەکاتێکدا دەبینین لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا خەڵك زەکات دەداتە دەوڵەت و لەڕێی سیستمی باجگری حکوومەت سۆسـیال دەداتە خەڵکی کەمدەرامەت و هەژار بۆئەوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دروست بێت. ئەگەر

**ئەگەر ئەمە پلانێکی حکوومەت بێت بۆ گۆڕینی سیستمی خوێندن لە سۆسیال-ەوە بۆ سیستمی ئەهلی (PRIVITE)، خۆ ئەگەر سیستمی سۆسیالیش نەمێنێت ئەوا دەبێت وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پارەی سۆسیال بۆ قوتابیان دابین بکات. با خوێندنیش ببێتە پارە بەڵام ئەو قوتابیانەی کەم دەرامەت و دەستکورتن دەبێت وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت سۆسیاڵ بۆ قوتابیان پەیدا بکات لەبەرئەوەی ئێمە دەوڵەتێکی دەوڵەمەندین بە پەترۆڵ و سامانە سروشتییەکانی دیکە**

**لەوانەیە کۆلێژی زانست یان ئەندازیاری پاساوی ئەوە بهێننەوە کە تاقیگەیان نییە. لەکاتێکدا ئەو تاقیگەیەی هەیانە دەتوانێ هەتا کاتژمێر ١٠ی شەو بەکاری بهێنن**

حیساب بکەین ئەو هەموو سەفەرەی وەزارەت بۆ دەرەوەی وڵات و ئەو هەموو کۆڕ و کۆنگرانەی دەیبەستن چەند پارەی تێدەچێت لەکاتێکدا لە زەروریاتی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ پێگەیاندنی کادری زانکۆییە، ئەمەش بە دابینکردنی کورسی ماستەر و دکتۆرا بەرێژەیەکی زۆر بکاتەوە و پلانڕێژی بکات بۆ دروستکردنی هۆڵ و سالۆنی خوێندن. لەبەرئەوە دەیان گرفتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بە وەرگرتنی ئەو قوتابیانە چارەسەر دەبێت. چونکە نە کارگەی ستراتیژی بەرهەمهێنمان هەیە، نە پلانێکمان هەیە بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، نە پیشەسازیمان هەیە و نە سیستمی لیبراڵ و ئابووری ئازاد بە مانا فراوانەکەی هەیە. هەروەك دەبووایە لەجیاتی ئامادە پیشەییەکان پەیمانگاکان کادری وەستەتی دروست بکەن کە قوتابییەك کاتێك دەگاتە ١٧ ساڵ و قۆناخی زانکۆی بڕیوە ئەوا بە تەواوی پێنەگەیشتووە.

### وەزارەتی پەروەردەش گوناهی هەیە

هەرچەندە هەندێ لەبەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەزارەتی پەروەردە تۆمەتبار دەکەن لە دروستبوونی ئەم قەیرانە، کاتێك وەزیری پەروەردە بانگەشەی ئەوە دەکات سیستمی پەروەردەی سوید بۆ کوردستان گشتگیر دەکات. بەمەش وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبڕیارێکدا هەموو پەیمانگاکانی مامۆستایانی داخست، کە ساڵانە هەشت هەزار قوتابیان وەردەگرت و دەرهاوێشتەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی زۆرباشی هەبوو. لەبارەی دواخستنی پەیمانگاکان چاودێرێکی بواری پەروەردە و فێرکردن گوتی: دەبووایە وەزیری پەروەردە ئەو بڕیارەی وەرنەگرتبووایە کاتێك وەریشیگرت ئەوا دەبوو بیناکانی ئەو پەیمانگایانە بداتە کۆلیژی پەروەردەی بنیات سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا، کە ئەگەر بیناکان موئەهەل بوونایە ئەوا هەر کۆلیژێك دەتوانرا ١٤ بەشی لێ بکرابووایەوە. با بڵێین کۆلیژەکان هەمووی نوێن و ساڵی یەکەمە، لەو ١٤ بەشە هەر بەشێك ١٠٠ قوتابی وەرگرتبووایە ئەوا هەر کۆلیژێك ١٤٠٠ قوتابی لەخۆ دەگرت. بەمەش کۆلیژی پەروەردەی بنیات ٨٤٠٠ قوتابی وەردەگرت ئەگەر بیناکانی بدابووایە خوێندنی باڵا (١٤٠٠X٦= ٨٤٠٠ قوتابی)، بەڵام دیارە هەماهەنگی و بەدواداچوونی جیدی لەنێوان ئەو دوو وەزارەتەدا نەبووە.

زانکۆ لەهەر وڵاتێکدا بەرزترین تاوەری سەرکەوتنەوە و بە مەڵبەندی بەرهەمهێنانی مەعریفە دادەنرێت و شادەماری پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەکە، بۆیە ئەرکی زانکۆ ئەوەیە وەڵامی پێداویستییە زەروورییەکانی کۆمەڵگا بداتەوە، بەڵام کوردستان نە کارگەی ستراتیژی هەیە نە کەرتی کشتوکاڵ زیندووە نە سەرمایەگوزاری بەرهەمهێنمان هەیە و پرۆژەی عیملاقمان نییە، هیچ یەکێك لەو دەزگایانەمان نییە کە سوودی بۆ قوتابی هەبێت وەکو ئەوروپا. بۆیە زۆر کێشەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دروست دەبێت ئەگەر ئەوانە بێکار لە بازاڕ بسووڕێنەوە. کەواتە ئەگەر زانکۆ توانی پێگەیاندنی کادری نییە خۆ دەبێت کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات.

ئەگەر ئەو قوتابیانەی وەرنەگیراون دەبێ شوێنی پێویستیان بۆ دابین بکرێت.

### هەرچی زووە دەبێت پەرلەمانی کوردستان و دەزگای چاودێری دارایی و کارگێڕی بانگهێشتی وەزیرەکان و لایەنە پێوەندارەکان بکات و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات

زۆربەی چاودێرانی بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا پێیانوایە هەرچی زووە دەبێت پەرلەمانی کوردستان و دەزگای چاودێری دارایی و کارگێڕی بانگهێشتی وەزیرەکان و لایەنە پێوەندارەکان بکات و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات بۆئەوەی چارەنووسی ئەو قوتابیانە نەفەوتێت. لەم بارەیەوە چاودێرێك لە وەزارەتی خوێندنی باڵا گوتی:

دەبێت زانکۆکان بتوانن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، ئەی باشە ئێمە زانکۆمان بۆچی داناوە ئەگەر کۆمەڵگا پێویستی پێ نەبێت؟! زانکۆ بۆ ئەوە دانراوە کە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات نەك بێکاری بمێنێت. لەجیاتی ئەوەی بیانهێڵمەوە دەبێ وەریانبگرێت بە تەمدیدی وەقت و زیادکردنی نیساب. ئەمەش بەبێ ئەوەی دینارێك خەرج بکەین و بە بێئەوەی ٢ بینای نوێش بکەینەوە، هەرچەندە کە حکوومەت دەتوانێ بینایەش بکاتەوە. لەبەرئەوە زانکۆ وەك پێشبڕکێی ماراسۆن وایە، نابێت ئەو قوتابیانە بە دەست بەتاڵی بمێننەوە، بەڵکو دەبێت ڕاکردنیان پێ بکرێت، ئەوەی لێهاتوو بێت دەردەچێت و ئەوەی لێهاتووش نەبێت ئەگەر بڕوانامەکەشی بدرێتێ هەر ئیشی پێ ناکرێت.

### لە سیستمی وەرگرتن دهۆک قازانجی کردووە و غەدر لە قوتابیانی هەولێر و سلێمانی کراوە

جێی سەرنج و تێڕامانە دەبینین ڕێژەی دابەشکردنی قوتابیان بەسەر کۆلیژەکان (٢٠٪) گشتییە و کە لەهەموو قوتابیانی هەرێمی کوردستان لە پێشبڕکێ بەشدار دەبن و (٨٠٪) بۆ پارێزگا دەبێت. واتە تەنیا قوتابیانی پارێزگای ئەو کۆلیژەی کە لەو پارێزگایە پێشبڕکێ دەکات، ئینجا ئەگەر نزمترین کۆنمرەی وەرگرتن وەربگرین دەبینین جیاوازی نێوان هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی لەلایەك و دهۆك لەلایەکی دیکەوە، بەدی دەکرێت. هەر بۆ نموونە، کۆلیژی پزیشکی لەهەر سێ پارێزگا وەربگرین دەبینین نزمترین کۆنمرەی وەرگرتنی پارێزگا بەرزترە لە نزمترین کۆنمرەی گشتی. لە هەولێر و سلێمانیش بەمشێوەیە نزمترین کۆنمرەی وەرگرتنی گشتی نزمترە لە پارێزگا، کەچی دهۆك بەپێچەوانەوە نزمترین کۆنمرەی گشتییەکەی بەرزترە لە نزمترین کۆنمرەی پارێزگا. ئەمەش جێی سەرسوڕمانە و پرسیار دەهێنێتە ئاراوە.

### پێویستە زانکۆکان سیستمی یەکپۆشی بگەڕێننەوە

ئەو چاودێرە لە دوماهی ئاخاوتنەکانیدا گوتیشی: "پێویستە زانکۆکان سیستمی یەکپۆشی بگەڕێننەوە، لەبەرئەوەی ئەو سیستەمە زۆر لایەنی ئیجابی هەیە کە گرنگترینیان ئەوەیە وەحدەی فیکری دروست دەکات و جیاوازی چینایەتی ناهێڵێت، تەنها یەك لایەنی سلبی هەیە، ئەوەیش ئازادی تاکەکەسی لەجل پۆشین کەم دەکاتەوە".

**ئەگەر حیساب بکەین ئەو هەموو سەفەرەی وەزارەت بۆ دەرەوەی وڵات و ئەو هەموو کۆڕ و کۆنگرانەی دەیبەستن چەند پارەی تێدەچێت لەکاتێکدا لە زەروریاتی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ پێگەیاندنی کادری زانکۆییە**

**زانکۆ بۆ ئەوە دانراوە کە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات نەک بێکاری بمێنێت. لەجیاتی ئەوەی بیانهێڵمەوە دەبێ وەریانبگرێت بە تەمدیدی وەقت و زیادکردنی نیساب. ئەمەش بەبێ ئەوەی دینارێک خەرج بکەین و بە بێئەوەی ٢ بینای نوێش بکەینەوە**



**سوودوەرگرتن لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی بونیادنانەوە و پەرەپێدانی ئەو وڵاتانەی کە وەک ئێمە لەسەر ئاسەواری شەڕو کاولکاری دەستیان بە بونیادنانەوەی وڵاتی خۆیان کردو و تیایدا سەرکەوتوو بوون، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکە بۆ چۆنییەتی سود وەرگرتن لە ئەزموونی پەرەپێدان و بەرچاو روونیەکە بۆ چۆنیەتی بونیادنانەوە و سەرختنی پرۆسەی پەرەپێدان**

# ئەوان چۆن پێشکەوتن ؟ ئێمەچۆن سودیان لێوەربگرین؟

سوودوەرگرتن لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی بونیادنانەوە و پەرەپێدانی ئەو وڵاتانەی کە وەك ئێمە لەسەر ئاسەواری شەڕو کاولکاری دەستیان بە بونیادنانەوەی وڵاتی خۆیان کردو و تیایدا سەرکەوتوو بوون، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکە بۆ چۆنییەتی سود وەرگرتن لە ئەزموونی پەرەپێدان و بەرچاو روونیەکە بۆ چۆنیەتی بونیادنانەوە و سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەسەندنی ئابووری وڵاتی خۆمان، باسکردن و ناساندنی ئەم ئەزمونانە بۆ ئەوەنییە هەوڵبدەین دەقاق و دەق لاساییان بکەینەوە، بەڵکو ئەوەمان لەبەرچاوە کە هەر وڵاتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە هیچ خاڵیکی وێکچوو و هاوبەش لە نێوانماندا نییە، هەربۆیە بەخستنەڕووی ئەم ئەزموونانە هەوڵدەدەین لانی کەم بتوانینن ئەو فاکتەرو هۆکارانە بخەینە روو کە بونە هۆکاری

سەرکەوتن و ئەوجا لە خۆمان بپرسین، ئایا ئەو فاکتەرانە یان هاوشێوەی ئەو فاکتەرانە لە وڵاتی ئێمە بوونی هەیە، یان ئەو ستراتیژەی حکومەتی خۆمان بۆ پەرەپێدانی ئابووری و بوژاندنەوە و بونیادنانەوە دایرشتووە، چاوەڕێی هەمان ئاکامی لێدەکرێت ؟



بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدەدەین هەرجارەی ئەزموونێکی سەرکەوتوو بخەینە روو بۆ ئەوەی زەمینەیەك بۆ هەڵسەنگاند بڕەخسێت و بە هەموومان هاوکاری سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدانی وڵاتی خۆمان بکەین .

## -١-

## تایوان

### ناساندن:

تایوان کە هەتا ساڵی ١٩٧١ نوێنەرایەتی کۆماری چینی دەکرد لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ماوەی ٣٧ ساڵە ئەندامیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێسەنراوەتەوە و لە جێگەی ئەوەی کۆماری چینی میللی نوێنەرایەتی چین و تایوان دەکات، ناوی تایوان لەگەورەترین دورگەی دەریای چینەوە هاتووە و لەگەڵ چەند دورگەیەکی دیکە وڵاتی تایوان پێکدەهێنێت، ئەم دورگەیە ژمارەی دانیشتوانی زۆرەو کە ئێستا بەنزیکەی ٢٣-٢٤ ملیۆن مەزندە دەکرێت و ئەگەر ژمارەی دانیشتوان بەسەر رووبەری تایوان دابەش بکەین، ئەوا هەر ٦١٩ کەس تەنها یەك کیلۆمەتر چوارگۆشەی بەردەکەوێت، بەڵام ئەم ریژەیە لە هەموو ناوچەکاندا یەکسان نییە، لە ناوچە بەرزاییەکان ' ئەو ناوچانەی ١٠٠٠ مەتر یان زیاتر لە رووی دەریا بەرزترن، دەبینن چڕی دانیشتوان کەمە، ئەم ناوچانە کەرێژەی ٢٠٪ خاکی تایوان پێکدەهێنن، رێژەی دانیشتوانی کەمە و دەتوانیین بڵێن هەر تەنها ٢٠ کەس یەکیلۆمەتر چوارگۆشەی بەردەکەوێت، بەڵام لە ناوچە پێدەشتەکان و لە شارەکانی تایبێ و کاوشیوانگ وتایچۆنگ و کیلۆنگ وشینچۆ تاینان، کەتەنها ریژەی ٢,٩٪ رووبەری تایوان پێکدەهێنن، لە ٪ ٣١ ی دانیشتوانی تایوانی تێدا نیشتەجێن و زیاتر لە ٤٥٠٠ کەس تەنها ١کم چوارگۆشەی بەردەکەوێت .

تایوان بە کۆمەڵگەیەکی پیر دادەنرێت، لەبەر ئەوەی تەمەنی ٠-١٤ ساڵ رێژەی تەنها لە ٪ ٢٥ پێکدەهێنیت، بەڵام تەمەنی ١٥ -٦٥ رێژەی لە ٦٧,٤٪، تەمەنی لە ٦٥ بەرەو ژوریش رێژەی لە ٦,٨٪ پێکدەهێنێت .

سیمای پیری کۆمەڵگەی تایوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، حکومەتی تایوان لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو رێژەی منداڵبوونی بە شێوەیەکی زۆر سنوردارکردبوو، ستراتیژی پەنجاکانی حکومەتی تایوان بریتی بوو لە (منداڵیك بەسە و دوانیش گونجاوە)، بەڵام لە نەوەدەکان هەست بەوە کرا ئەم ستراتیژە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە دەستی کار کەمبێتەوە، بۆیە ئەم ستراتیژە گۆرا بۆ (٢ منداڵ گونجاوە و ٣ منداڵیش زۆر نییە)، بەڵام دیسان ئەمەش ئەو مەترسییەی نەڕواندۆتەوە، بۆیە بەم ساڵانەی دوای هەموو سنورێك لەسەر منداڵبوون هەڵگیرا و حکومەتیش هانیان دەدات و پشتگیری لێدەکرێت .

## ساڵانی پەنجاکانی

## تایوان و دەسپێکی ستراتیژیەتی پەرەپێدان

لە ساڵانی پەنجای سەدەی رابردوودا تایوان بەمجۆرە پێناسە دەکرا:



-١کۆمەڵگەیەك کە لەرووی ئابوورییەوە ناسەقامگیر بوو.

-٢ ئاستی گوزەرانی هاووڵاتییانی لەوپەڕی خراپیدا بوو .

-٣ تایوان ئایندەیەکی تاریك و نارۆشنی هەبوو.

لەسەر ئەم بنەما خراپە **تایوان ئێستا بووە بەو وڵاتەی کە هاوڵاتییانی شانازی بەوەدەکەن لەسەر کەلوپەلەکانی خۆیان و ئەوەشی دەینرێنە دەرەوە نوسراوە (لە تایوان دروستکراوە)( Made in TAIWAN)**

بێگومان ئەم دوو وشەیە

**تایوان ئێستا بووە بەو وڵاتەی کە هاوڵاتییانی شانازی بەوەدەکەن لەسەر کەلوپەلەکانی خۆیان و ئەوەشی دەینرێنە دەرەوە نوسراوە (لە تایوان دروستکراوە) (Made in TAIWAN)**



پیشـــاندەری ئەو گۆڕانگارییە گەورەیە کە تایوان بە خۆیەوە بینیوە، ئەمە پێچەوانەی ئەو وشـــانەیە کە لەسەر ئەو کەلوپەلانە نوســـراون (بە تایبەت بۆ عێراق دروســـتکراوە، یان بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردســـتان دروســـتکراوە) و ئێمە شانازی پێوەدەکەین، هەربۆیە ئـــەم جیاوازییە دەبێـــت وامان لێبکات بـــەدوای ئەو میکانیزم و توخمانە بگەڕێن کە توانا شـــارەوەکانی کۆمەڵگەی لە ئیستهلاکەوە گۆڕی بۆ توانای بەرهەمهێنان .

## میکانیزم و توخمەکانی سەرکەوتن

### *دارشتنی ستراتیژیەتی ئابووری

کاتێك ئاوڕ لە مێژووی ٥٠ تا ٦٠ ســـاڵی رابردوو دەدەینەوە دەبینیـــن، زۆربەی وڵاتـــان هەوڵیانداوە لـــە چوارچێوەی ئەو ســـتراتیژییە ئابووریەی دایانر شـــتووە هەنگاو بەرەو پەرەپێدان و گەشەســـەندنی ئابووری هەڵبگرن، بەڵام هەموو ســـتراتیژەکان سەرکەوتونەبوون و هەموو دەوڵەتەکانیش هەمان ئاکامیان بەدەست نەهێناوە، هەربۆیە کاتێك لە مێژووە وردەبینەوە هەســـت دەکەین، هۆکارەکانی سەرنەکەوتن بریتین لە :

١- لە دوای تەواو بوونی شەری دووەمی جیهان و سەرکەوتنی ســـۆڤیەت یان بلۆکـــی سۆشیالیســـتی وەك لایەنێکی براوەی ئەو شـــەرە، بووە هۆکاری ئەوەی رێکخراوە کۆمۆنیســـتیەکان لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی ســـێهەم دروســـت ببن و هەوڵی گۆڕینی حکومەتە کۆنەکان بدەن بۆ حکومەتی سۆسیالیســـتی یان کۆمۆنیســـتی، ئەو رێکخراوە کۆمەنیستیانەی سەرکەوتن و رژێمەکانیان گۆڕی، پاش ســـەرکەوتن، کۆمەنیستەکان هەمان ئەو ستراتیژە ئابوورییەیان لەو وڵاتانە پیادەدەکرد، کە بیرمەندانی سۆشیالیستی یان کۆمۆنیستی دایانڕشتبوو ئەویش بریتی بوو، لە پلاندانانی ئابووری مەرکەزی، لەم پلانە ستراتیژیەدا:

أ-حکومەت هەموو سەرچاوەکانی کۆنترۆڵ دەکرد.

ب- کەرتی تایبەت لەریشەوە هەڵدەکێشرا و مافی موڵکداریەتی تایبەت بوونی نەدەما.

٢- دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکان یەك لە دوای یەك دوای سەربەخۆیان دەکرد و هەموو تواناکانی خۆیان بـــۆ ئەم ئامانجە تەرخانکرد، ئەو پارتە سیاسییانەی رێبەرایەتی ئەم بزوتنەوە سەربەخۆییەیان دەکرد، ئەگەر پارتی سیاسـی کۆمۆنیســـتیش نەبووبن، بەڵام بە هاوشـــێوەی کۆمۆنیســـتی و دژی رۆژئاوا بیریان دەکردەوە، هەربۆیـــە هەوڵدەدان بۆ هەڵوەشـــانەوەی سیســـتەمی ئابووری پیشوو و دامەزراندنی سیســـتەمێکی پێچەوانەی ئەو سیستەمە وەك یەکێك لە دەســـکەوتەکانی شـــۆرش دژی ئیمپریالیزم سەیر دەکرا، لە لایەکی دیکە ئەم دەوڵەتانە کە قۆناخی ســـەربەخۆیان دەبڕی، کۆمەڵگەکەیان بێجگە لەوەی کۆمەڵگەیەکی شـــەکەت و ماندووبوو، لە هەمان کاتدا وڵاتەکەشـــیان ولاتێکی وێران بوو، هەربۆیە ڕووبەڕوی ئەم واقیعە دەبوونەوە :

أ- شۆڕشگێرەکان یان ئەوانەی سیستەمی تازەیان بەڕێوە دەبرد ئەزموونی حکومڕانیان نەبوو، هەشیان بوویێت، زۆر کەم بوو .

ب- ئەو پارتە سیاســـیانەی ڕێبەرایەتـــی قۆناخی ڕزگاری نیشـــتمانیان کردبـــوو، ئەو مافەیـــان بە خۆیـــان ڕەوادەبینی،

●●●

**هەوڵدەدان بۆ هەڵوەشانەوەی سیستەمی ئابووری پیشوو و دامەزراندنی سیستەمێکی پێچەوانەی ئەو سیستەمە وەک یەکێک لە دەسکەوتەکانی شۆرش دژی ئیمپریالیزم سەیر دەکرا**

●●●

کەبەرژەوەندی پارتەکانیان لەسەرووی بەرژەوەندی نیشتمانەکەیان ســـەیر بکەن و هەوڵدانیان بۆ پاراســـتنی دەســـەڵاتەکانیان ئەو رێگەی بۆ خۆشدەکردن کە هەموو سەروەت سامانی وڵات بخەنە خزمەتی ئەو مەبەستە.

ج- لەبـــری ئەوەی بیر لـــەوە بکەنـــەوە هاوڵاتیانیان بکەنە سەرمایە بۆ پرۆســـەی پەرەپێدان و دەستی کار و هەڵسوراندنی توانا شـــاراوەکان، هەڵدەستان بە دروســـتکردنی سوپایەکی بێ شـــوماری بێـــکار و لەبری ئەوەی هاوڵاتیـــان هانبدرێن بیر لە ئایندەی خۆیان بکەنەوە، رۆژانە هاندەدران بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دوژمنە وەهمیانەی کە سیســـتەمی تازە بۆ مانەوەی خۆی دروستی دەکردن .

٣- ئەو وڵاتانەی توانیان ســـەرکەوتووبن و ئاسەواری شەڕو کاولکاری بسڕنەوە، کە باشترین نمونەیان ژاپۆن وئەڵمانیا بوون، ئەو دوو وڵاتەبون کەشـــەریان دۆراند و توانیان لەســـەر بنەمای شـــەری دۆرا و وڵاتێکـــی ویـــران جارێکی دیکە بە ئاستێك





هەڵبستنەوە کە بێنەوە ریزی وڵاتە دەوڵەمەندە و پێشکەوتووەکانی جیهان .

ئەو ستراتیژیەتەی ژاپۆن و ئەڵمانیا و تایوان و کۆریای باشور و چەندین دەوڵەتی دیکە پیادەیان کرد، جیاوازبوو لە ستراتیژیەتەی کە لە ڤێتنام و کۆریای باکور پیادەدەکرا، کە ئەویش پیادەکردنی ستراتیژیەتی ئابووری ( ئابووری بازار و پاراستنی مافی مولکداریەتی تایبەت بوو ) لەم راپۆرتەدا ئێمە تەنها لەسەر تایوان رادەوەستین و دەپرسین تایوان چۆن لە وڵاتێکی کشتوکاڵی دواکەوتووەوە پێشکەوت بۆ وڵاتێکی پێشکەوتووی پیشەسازی؟

## تایوان لە وڵاتێکی کشتوکاڵی دواکەوتووەوە بۆ وڵاتێکی پێشکەوتووی پیشەسازی

تایوان کەدەستی بە پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێدان کرد لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو، هیچ کەس نەیدەتوانی مەزندەی



ئەوە بکات کە ئەو پلانە ستراتیژییە سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت یان نە؟ بەڵام لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو ئەوە بۆ هەموو لایەك ئاشكرابوو ئەو ستراتیژە سەرکەوتنی بەدەستهێنا .

هەنگاوەکانی ئەم سەرکەوتنە:

● تایوان سیستەمی (خوێندن بۆ هەمووان )ی سەرتاسەری راگەیاند، هەتا کۆتایی شەستەکان ماوەی ٦ساڵی یەکەمی خوێندنی کردە ئیلزامی، لە ساڵی ١٩٦٨ ئەم ئاستەی بەرزکردووە بۆ کلاسی ٩ یەم، واتە خوێندن تا کلاسی ٩یەم بوو بە ئیلزامی .

● هەموو هەوڵێکی خستەگەر بۆ پێشخستی کشتوکاڵ و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ زیادکردنی بەرهەم و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، سەرەتا ئامانج پرکردنەوەی پێداویستییەکانی تایوان بوو، بەڵام دواتر بەرهەم بە ئاستێك زیادیکرد، توانیان رەوانەی دەرەوەشی بکەن.

● تایوان توانی بەرێگەی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی دەینارد دەرەوە، دراوی قورسی دەست بکەوێت، بەم دراوە قورسە توانی کەلوپەل وئامێر و پێداویستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بکرێت و بهێنێتە وڵاتەکەیەوە.

● لە پەنجاکاندا کشتوکاڵ تەنها ٣٠٪ و پیشەسازی تەنها ٢٠٪ی داهاتی نیشتمانی پێکدەهێنا، هەربۆیە حکومەتی تایوان هەنگاوی یەکەمی لە کشتوکاڵەوە هەڵگرت و کشتوکاڵی کرد بە سپرینگ بۆردی

* پیشەسازی (Agriculture as Springboard for Industry)ئامانجی ئەم ستراتیژە بریتی بوو لە (هاندانی پیسەسازی لە رێگە کشتوکاڵەوە و پشتگیری کشتوکاڵ لە رێگەی پیشەسازییەوە) لەم رێگەیەوە هەوڵدرا :

١- باشترین سوود لە زەوییە کشتوکاڵییەکان وەربگیرێت .

٢- بەرهەم زیاد بکرێت .

٣- پیشەسازی بخرێتە خزمەتی کشتوکاڵەوە، وەك (خەزنکردنی بەرهەمەکان، چۆنیەتی بردنە بازاڕی بەرهەمەکان و ناردنە دەرەوەیان، دامەزراندنی کارگەی پێویست بۆ سوود وەرگرتن لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و دروستکردنی بەرهەمی نوێ لەبەرهەمە کشتوکاڵییەکان و دروستکردنی مرەبا و لە قوتوو خستنی بەرهەمەکان).

تایوان هەتا هەشتاکان گەورەترین شامادەری ئابووری کشتوکاڵ و پیشەسازی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بووە، بەڵام لە دوای هەشتاکانەوە دەستیکردووە بە پیشەسازی گەورە هەتا ئەمڕۆ .

*کە شوەوای ناوخۆ بۆ سەرکەوتنی تایوان

هیچ ستراتیژییەك یان پلانێکی ئابووری سەرکەوتوو نابێت ئەگەر باری ناوخۆی وڵات هاریکاری نەبێت، ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرکەوتنی تایوان بریتی بوون لە :

ـ دابینکردنی کەشوهەوایەکی سەقاگیر، هەم لەرووی سیاسیەوە و هەم لە رووی ئابوورییەوە .

- کاری جیدی هاوڵاتیان و بەشداریان لە پرۆسەی بونیادنانەوەو پەرەپێدان .

●●●

**تایوان توانی بەرێگەی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی دەینارد دەرەوە، دراوی قورسی دەست بکەوێت، بەم دراوە قورسە توانی کەلوپەل وئامێر و پێداویستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بکرێت و بهێنێتە وڵاتەکەیەوە**

●●●



- ستراتیژیەتی راستی پەرەپێدان .

- خوێندن بۆ هەموان و زیادکردنی سالانی خوێندنی ئیلزامی و بایەخدان بە خوێندنی پیشەی لە قۆناخی ئامادەییەوە تادەگاتە ئامۆژگا و کۆلێژەکان .

- بەرپرسیاریەتی حکومەت لەم پرۆسەیەدا.

- کرانەوە لەگەڵ دەرەوە .

راوەستان یان هەڵوەستە کردن لەسەر هەریەك لەم خاڵانە کاتێکی زۆری دەوێت، بۆیە بە خێرایی ئاماژە بە خاڵە گرنگەکان دەکەین:

١- سەقامگیری کۆمەڵگە

* تایوان لە سەرەتای پەنجاکانەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی سەقامگیری هەنگاوی هەڵگرت .

* هەموو هاوڵاتییەکی تایوان لە کۆمەڵێك ئامانجدا خۆی بە هاوبەش دەزانی لەوانە:

أ- پەرەپێدان و خۆشگوزەرانی ببووە ئامانجی هاوبەشی هەمووان

ب- دروستبوونی ململایی بەپێی یاسا و لە پێناوی بەرهەمهێنانی زیاتردا .

ج- بوونی گیانی کارکردنی پێکەوەی بۆ پەرەپێدانی نیشتمانی تایوان .

٢- خوێندن بۆ هەمووان.

* زانکۆ و ئەکادیمییەکان وئامۆژگاکان بوونە هۆکار بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئەو چەمکە تازانەی بۆ پەرەپێدان پیادەدەکرێن لەلایەن هاوڵاتییانەوە وەربگیرێت وکاری پێبکرێت .

*کردنەوەی ئامادەیی پیشەی و پەیمانگا و کۆلێژی تایبەت بەو بوار و پیشانەی کە تایوان پێویستی پێەتی و بەگەڕختنی ئەم توانایانە لەو بوارانەدا.

٣- کاری جیدی هاووڵاتییان

* لە تایوان گوتەیەك ببووە بنەمای کاری جیدی هاوڵاتیان (هەر نەتەوەیەك بەجیدی کارنەکات ناتوانێت پارە پاشەکەوت بکات، کە نەیتوانی پارە پاشەکەوت بکات، ناشتوانێت ببێت بە خاوەنی سەرمایە و سەرمایەکە لە وەبەرهێناندا بخاتە گەر).

*بۆ ئەوەی ئاستی خۆشگوزانی بەرزبێتەوە پێویستە بە جیدی کاربکەین، ئەم بنەمایە لە پێش هەفتاکان دەستی پێکرا، هاووڵاتیانی تایوان بێجگە لە کاری ئاسایی خۆیان دەیانتوانی لە کارێکی دیکەش کاربکەن، واتە لە یەك رۆژدا لە دوو کارگە یان دوو کۆمپانیا، زیاد لەمەش لە رۆژانی پشووی هەفتە و بۆنەکاندا کاری زیادەیان دەکرد، ئەم ستراتیژە بووە هۆکاری ئەوەی لە هەشتاکاندا ئاستی پاشەکەوت بگەینە لە ٤٠٪ی لە نەوەتەکان ئاستی گوزەران پێویستی بەو ئاراستەیە نەما، بەڵام تایوانییەکان لەسەر کاری جیدی راهاتبوون، بۆیە ئێستاش رێژەی پاشەکەوت لە ٢٦٪ نەهاتۆتە خوارەوە .

**هەر نەتەوەیەک بەجیدی کارنەکات ناتوانێت پارە پاشەکەوت بکات، کە نەیتوانی پارە پاشەکەوت بکات، ناشتوانێت ببێت بە خاوەنی سەرمایە و سەرمایەکە لە وەبەرهێناندا بخاتە گەر**

٤- دروستی پلانی ئابووری

تایوانیەکان گەیشتونە ئەو قەناعەتەی هیچ شتێك لەوە خراپتر نییە کە حکومەت لە کاتی داڕشتنی پلانی ئابووریدا بڕیاری هەڵە بدات، بێگومان ئەوان پلانی دروست بە بەراورد لەگەڵ ئاکامەکان هەڵدەسەنگێنن. هەربۆیە کاتێك حکومەت پلانێکی ئابووری دادەرێژێت مەرج نییە، لە ٥ ساڵی یەکەمدا هەموو ئاکامە ئیجابییەکانی دەربکەون، کاتێك باسی تایوان دەکەین، دەبینین بەرەنجامی پلانە ئابوورییە دروستەکەیان لە هەفتاکاندا دەرکەوتووە و لە هەشتاکاندا رەگی داکوتاوە، راستە وەك تایوانیەکان ئاماژەی پێدەکەن هەندێك پلانی ئابووری هەیە کە ئاکامی خێرا دەدا بەدەستەوە، بەڵام لە خاڵێکدا چەق دەبەستێت و رادەوەستێت، پاشان رەنگدانەوەی نێگەتیڤی زیاتر دەبێت، بەڵام تایوان پرۆسەی پێشکەوتنی ڕاناوەستێت و بەردەوام نوێ دەبێتەوە.

-٥کرانەوە بەرووی دەرەوە یان جیهان



له ئابووری داخراودا پێویسته ئەو وڵاته تەنها پشت به خۆی ببەستێت و دەبێت هەوڵیش بدات هەموو پێداویستییەکانی ناوخۆی دابین بکات، دەکرێت بۆ ئەو وڵاتانەی وەك تایوان و کوردستان که به دوژمن دەورەدراون لەسەردەمی شەردا گۆشەگیر بن و ئابووری داخراو پیادەبکەن، بەڵام که ئاشتی هاته پێش ئابووری داخراو کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

تایوان لەزەمەنی شەردا گۆشەگیری هەڵبژارد، بەڵام دوای شەر وازی لەم گۆشەگیرییە هێنا لەبەرئەوەی:

أ- گۆشەگیری و ئابووری داخراو رێگه لەبەردەم تایوان دەگرێت بۆ ئەوەی جێگەی پێی خۆی له بازاڕی جیهانیدا بکاتەوە .

ب- گۆشەگیری رێگردەبوو لەبەردەم هاتنی چەمکی تازە بۆ پێشکەوتنی زیاتر .

ت- گۆشەگیری دەبووە ئاستەنگ بۆ ئەوەی تایوان هاوشانی جیهانی سەردەم هەنگاو هەڵبگرێت .

هەربۆیە تایوان کرانەوەی هەڵبژارد و حکومەتی تایوان لەرێی ئەم کرانەوەیەوە توانی ئەم هەنگاوانە هەڵبگرێت:

١-لەدەسپێکی بونیادنەوە پشتگیری بازرگانی کرد، لەبەر سەرچاوە و ئیکمانیەتی تایوان سنورداربوو، نەیدەتوانی بەتەنها پشت به خۆی ببەستێت .

-٢ بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم ئیمکانیەته سنوردارە بەباشی بەکاربهێنێت،کەشوهەوایەکی دروستکرد بۆئەوەی سەرنجی وەبەرهێن و سەرمایەداری بیانی رابکێشێت .

-٣هەتا هەفتاکان حکومەت پشتگیری ئابووری و پیشەسازی دەکرد له هەشتاکاندا ئابووری ئازادکراو تایوان تێکەڵی جیهانگیری بوو .

## • بەرپرسیاریەتی حکومەت

هەموو ئەو فاکتەرانەی بۆ پەرەپێدان وپێشخستنی ئابووری ئاماژەمان پێکردن، به توخمی سەرەکی پەرەپێدان دەژمێرێن، بەڵام بەبێ بوونی حکومەتێکی باش پرۆسەی پەرەپێدان نەتەواو دەبێت و سەرکەوتوو نابێت، رۆڵی حکومەتی تایوان له ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا بریتی بووە له:

١- حکومەتی تایوان بەدرێژای پەنجا ساڵ هەوڵی بۆ ئەوە بووە، بەردەوام ئەو توانایەی هەبێت که بتوانێت سەقامگیری بپارێزێت .

٢- حکومەتی تایوان توانیویەتی سەروەری یاسا پیادەبکات و سیستەمەکە بپارێزێت .

٣- حکومەتی تایوان به هۆی ئەو دووهۆکارەی سەرەوە توانی سەرنجی وەبەرهێنی دەرەکی رابکێشێت وئاستی گوزەرانی هاووڵاتیانی بەرزبکاتەوە،

٤- حکومەتی تایوان بڕوای بەوەبوو هەتا پرۆسەی پەرەپێدان دەکەوێتە سەرپێی خۆی و فێری رۆیشتن (Learning Walk) دەبێت، پێویسته حکومەت چاوەدێری بکات، که کەوتە سەرپێی خۆی و فێری رۆشتن بوو ئەوا پێویسته ئازاد بکرێت .

بێگومان ئەم پرۆسەیه پرۆسەیەکە که ئێستاش زۆربەی چاودێران جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەبێ تێگەیشتن و هاریکاری گەلی تایوان نەبوایه سەرکەوتوو نەدەبوو، گەلی تایوان هاوکاری حکومەتی خۆیان بوو، بۆیه سەرکەوتن و ئەمڕۆ گەورەترین شانازی به خۆیانەوە دەکەن، کەلەسەر کەلوپەلەکانیان نوسراوە (له تایوان دروستکراوە) نەك(تایبەت بۆ تایوان دروستکراوە)

• سپرینگ بۆرد : ئەو بۆردەیه که مەلەوانەکان له یارییەکانی ئۆلمپیاد و له وەرزشی خۆ هەڵدانی بەرزی مەلەوانی دەچنه سەری خۆیان هەڵدەدەنه ناو ئاوەکە -گوڵان

●●●
**بەبێ بوونی حکومەتێکی باش پرۆسەی پەرەپێدان نەتەواو دەبێت و سەرکەوتوو نابێت**
●●●